# جوولەکەکانی شاری سلێمانی

## ( لەسەرەتای دروستبوونی شارەکەوە
## تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم )

لێکۆڵینەوەی: ڕێبوار حەمەتۆفیق

# جوولەکەکانی شاری سلێمانی

## ( لەسەرەتای دروستبوونی شارەکەوە
## تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم )

**ناوی کتێب:** جوولەکەکانی شاری سلێمانی

**لێکۆڵینەوەی:** ڕێبوار حەمەتۆفیق

**دیزاین:** یاسین حسێن

**چاپخانە:**

**تیراژ:** 500

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (؟؟؟)ی ساڵی (2015)ی پێ دراوە.

## ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 5 |
| سەرەتایەکی مێژوویی | 11 |
| بەشی یەکەم: ژمارەی جوولەکەکانی شاری سلێمانی | 23 |
| بەشی دووەم: جوگرافیای نیشتەجێبوونی جوولەکەکانی شاری سلێمانی | 49 |
| بەشی سێیەم: پێگەی فەرهەنگیی جوولەکەکانی شاری سلێمانی | 69 |
| بەشی چوارەم: کارەکتەری جوولەکە لە بابەتەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییدا | 191 |
| بەشی پێنجەم: دژایەتیی و پێکەوەیی کورد و جوولەکەکانی شاری سلێمانی | 219 |
| پاشکۆ | 255 |

# پێشەکی:

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:**

**تا ئێستا، بەشێوەیەکی ورد و زانستییانە و بە زمانی کوردی، نووسینێکی تایبەت دەربارەی پێگە و بەشداری جوولەکەکانی شاری سلێمانی لە ژیان و کەلتووری کوردەواییدا لەبەردەستدا نییە و ئەوەی کە هەیە، بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە: تیشك خستنە سەر مێژووی گشتی جوولەکە لە کوردستاندا.**

**باسکردن لە پەیوەندی نێوان موسوڵمان و جوولەکەکانی کوردستان بەگشتیی و جوولەکەکانی ناو شاری سلێمانی بەتایبەتی، بەتایبەت لەلایەنی ڕامیاریی و ئایینییەوە، دوو بۆچوون و ئاراستەی باو هەن. یەکەمیان: بە پەیوەندییەکی زۆر باش و بێگرفت ناوی دەبەن (کە ئەمەیان زۆرترین قسە و نووسینی لەبارەوە هاتووە و پشتیوانی زۆرتری لە بۆچوونی دووەم لەسەرە.) و دووەمیشیان: بە پەیوەندییەکی خراپ و پڕ لە کێشە و ململانێ ناوی دەبەن (ئەمەیان کەمترین نووسینی لەبارەوە هاتووە.) ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێت کاری لەسەر بکات، پشتڕاستکردنەوە و گفتوگۆکردنە لەسەر هەر یەك لەم دوو بۆچوونە و خوێندنەوەیانە بەپێی بەشداریکردنی جوولەکەکانی ناو شاری سلێمانی لە ژیانی کەلتووریی کوردەوارییدا، لەم بارەیەوە، خوێندنەوەیەکی جیاوازتر لەم دوو خوێندنەوە باوە دەخاتە ڕوو و جوولەکەکان بەدیوێکی تردا دەخاتە ڕوو کە لەلایەنی ڕامیاریی و ئایینی ڕووت (مجرد) جیادەکاتەوە؟ چونکە لەکاتی**

بەرکەوتنی کەلتووریی نێوان ئایینداران دوو ئایینی جیاواز لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی شار و جوگرافیایەکی دیاریکراودا، کاروکاردانەوەکان ڕەهەندی تریان دەبێت.

### سنووری ( شوێن ) لە لێکۆڵینەوەکەدا :

لێکۆڵینەوەکە، تەنها ناو مەڵبەندی شاری سلێمانی دەگرێتەوە و پەیوەندی بەو شار و شارۆچکە و ناوچانەوە نییە کە دەکەونە سنووری ئەم پارێزگایەوە، مەگەر لەچەند نموونە و باسێکدا نەبێت کە ناڕاستەوخۆ پێویست بووە ئاماژەیان بۆ بکرێت.

### سنووری ( کات ) لە لێکۆڵینەوەکەدا :

سەردەم و کات لە لێکۆڵینەوەکەدا، لە دروستکردنی شاری سلێمانییەوە لە ساڵی 1874 ەوە دەست پێ دەکات تا سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو کە زۆرترین ژمارەی جوولەکەکان شارەکەیان بەجێ هێشتووە و ڕوویان لە (ئیسرائیل) کردووە.

### ئامانجی لێکۆڵینەوەکە :

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بە پلەی یەکەم بۆ ئەوەیە کە ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت کە جوولەکەکانی ناو شاری سلێمانی، لە سەردەمێکی مێژووییدا، بەشێکی گرنگی پێکهاتەی کەلتووریی کوردییان پێك هێناوە و بەشدارییەکی چالاك و داهێنەرانەیان لە بواری کەلتووریی و کەلەپووریدا کردووە. هەروەها ئەم بەرهەمە دەیەوێت ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ئاشتەوایی نێوان جوولەکە و کوردانی دانیشتووی شاری سلێمانی بە تەنها لە ڕەهەندی ئایینی و ڕامیارییەوە وەرناگیرێت،

هەروەك چۆن دژایەتیی لە نێوانیشیاندا تەنها بۆ ئەم دوو لایەنە ناگەڕێتەوە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

بەپێی سروشتی لێکۆڵینەوەکە، کەڵك لە یەك ڕێبازی لێکۆڵینەوە وەرنەگیراوە و هاوشانی ڕێبازی مێژوویی (کرۆنۆلۆژی)؟ کار بە ڕێبازی وەسفیی و شیکارییش کراوە؟ چونکە لێکۆڵینەوەکە لە چەند لایەنێکەوە تیشك دەخاتە سەر بەشداریی جوولەکەکانی شارەکە لە ژیانی کەلتووریی شارەکەدا.

## گرفتەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە :

لەلایەکەوە لێکۆڵەر وەك ئەوەی کە لە کۆمەڵگایەکی موسوڵمان و لە پیشینەیەکی بارگاوی بە ئایینی ئیسلام پەروەردە بووە و کەسێکی موسوڵمانە، تا ڕادەیەك لەباسکردنی بابەتەکاندا دووچاری لایەنگرێتی بووەتەوە، لەلایەکی تریشەوە بەو پێیەی کە لێکۆڵەر خۆی خەڵکی شارەکەیە و تێیدا گەورەبووە، کەم تا زۆر کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو هەستەی کە شارەکە بەشێوەیەکی جوان بخاتە ڕوو، بەڵام لە ئەنجامدا و بەپێی پێداویستی جێبەجێکردنی مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی، زۆربەی ئەم لایەنگریی و هەستانە خراونەتە لاوە و کاریگەرییان کەم بووەتەوە.

یەکێکی تر لە گرفتەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە، بریتییە لە کەمی سەرچاوە لەسەر بابەتەکە، بەتایبەت سەرچاوەی مەیدانیی و ڕاستەوخۆ؟ چونکە دۆزینەوەی کەسێك کە خۆی جوولەکە بێت و لە ڕووداوەکاندا ژیابێت و کەسەکان بناسێت لە ئێستادا لەبەردەستدا

**نییـــە!؟ ئەگەرچـــی چـــەند هـــەوڵێکیش درا بـــۆ پەیوەنـــدیکردن بـــەو جوولەکانەی کە لـە ئیسـرائیل دەژیـن، بـەڵام لەبـەر چەند هۆکارێك کـە لـەدەرەوەی ویسـتی لێکۆڵـەردابوون، هـیچ ئـەنجامێکیان نـەبوو!؟ لەبـەر ئەوەشـی کـە باسـکردن لـە جوولەکـە زۆرتـر وەك بابـەتێکی ڕامیـاریی و ئـایینی سـەیر دەکرێـت، زۆر بابـەت و بەڵگەنامـە هەیـە کـە بـە ئاسـانی دەست ناکەون و لێکۆڵەر ناتوانێت پێیان بگات.**[1]

---

(1) بـۆ نموونـە سـاڵی 2003 ڕۆژنامـەی (نیـۆرك تـایمز) ئـەوەی خسـتە ڕوو کـە بـاڵوێزی ئێـراق لـە واشـنتۆن (سـەمیر سـومەیدەعی) داوای لـەوەزارەتی دەرەوەی ئەمـەریکا کـردووە ئـەو ئەرشـیفەیان بـۆ بگەڕێنێتـەوە کـە پەیوەنـدی بـە مێـژوو و ناسنامەی 2500 ساڵەی جوولەکەوە هەیە لە ئێراقدا و بریتییە لە کۆمەڵێك کتێبی تـــەوراتی زۆر دێـــرین و چـــەند نوســـخەیەك لەبەشـــی چـــیرۆکەکان (هاغـــادا) کـــە تێکەڵەیەکـە لـە گێڕانـەوە و بەسـەرهاتی مالومـەکان و ژیـانی جوولەکـە بەگشـتی و تۆمـاری هاوسـەرگیریی و چـەند بەڵگەنامەیـەکی تـر. بڕوانـە (ڕۆژنامـەی هـاوڵاتی "عێـــراق وێڵـــی ئەرشـــیفی جوولەکەکانـــە" ژمـــارە 624 ی 2010/2/5 کـــە زانیارییـــەکانی لـــە "میـدڵ ئێسـت ئـۆنلاین" وەرگرتـووە.) ڕۆژی 2013/11/11 کـــەناڵی ئاســـمـــانی BBC ئـــەوەی بڵاوکـــردەوە کـــە فەرمانگـــەی بەڵگەنامـــەکانی ئەمەریکا چەندین بەڵگەنامـەی کـەلتووریی جوولەکـەکانی ئێراقـی بڵاوکردووەتـەوە کە دوای ئازادکردنی ئێراق لە ژێرزەمینێکی دەزگای هەواڵگیریدا دۆزیویانەتـەوە و (لوقمـان فـەیلی) بـاڵوێزی ئێـراق خۆیشـی لـەو پێشـانگایەدا ئامـادەبووە کـە بەڵگەنامـــــــــــەکانی تێـــــــــــدا خرابـــــــــــووە ڕوو. بڕوانـــــــــــە (www.youtube.com/user/BBCArabicNews)

## سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لەبەر ئەوەی کە سەرچاوەی نووسراو و تایبەت (کتێب و لێکۆڵینەوە) بە جوولەکەکانی ناوشاری سلێمانی زۆر کەمە و جگە لە کتێبێك بەناوی (جولەکەکانی شاری سلێمانی)[1] هیچ نووسراوێکی تر چاپ نەکراوە، نەتوانراوە کەڵك لە سەرچاوەی ڕاستەوخۆی نووسراو وەربگیرێت و ڕوو کراوەتە سێ جۆر سەرچاوەی تر:

یەکەم: ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی

دووەم: چاوپێکەوتن و بیرەوەریی ئەو کەس و نووسەرانەی کە خۆیان ئاگاداری ژیانی هەمەلایەنەی جوولەکەکانی شارەکە بوون.

سێیەم: دوو ئەرشیف و بەڵگەنامە کە یەکەمیان بریتییە لە ئەرشیفی تۆماری ئەو قوتابییە جوولەکانەی کە لە (قوتابخانەی ئەیوبی) لە نێوان سالانی 1939–1944 خوێندوویانە و (تۆمارێکی شارەوانی) کە ناوی ئەو ماڵ و کەسە جوولەکانەی تێدا تۆمارکراوە کە لە نێوان سالانی 1919–1922 لە گەڕەکی جوولەکان ژیاون.

---

(1) جولەکەکانی شاری سلێمانی، بەرزان ئەحمەد کوردە، چاپخانەی ڕوون، لە بڵاوکراوەکانی بەشی ڕوناکبیری مەکتەبی ڕێکخستنی ی ن ك، سلێمانی، 2007

## پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە، لە سەرەتایەکی مێژوویی و پێنج بەش پێکدێت کە بریتیین لە:

**بەشی یەکەم:** تایبەتە بە ژمارەی جوولەکەکانی ناو شاری سلێمانی لەسەرەتای دروستبوونی شارەکەوە تا سەرژمێری ساڵی 1947و چۆنێتی گەشەکردنیان.

**بەشی دووەم:** بۆ دیاریکردنی شوێنی جوگرافیای نیشتەجێبوونی جوولەکەکانی ناو شار بەپێی قۆناغەکانی مێژووی شارەکە تەرخان کراوە.

**بەشی سێیەم:** (کە چەقی لێکۆڵینەوەکەیە) باس لە دیاریکردنی پەیوەندیی و پێگەی فەرهەنگی جوولەکەکانی شار لە کەلتووری کوردیی دەکات. بەشی چوارەم: تیشک دەخاتە سەر کارەکتەری جوولەکە لە بابەتەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییەکاندا و لە دوابەشیشدا باس لە دژایەتیی و پێکەوەیی کورد و جوولەکەکانی ناو شارەکە دەکرێت.

## سەرەتایەکی مێژوویی:

ئەو سەرزەمینەی کە لەئەمڕۆدا بە (کوردستان) ناودەبرێت، بەپێی مێژووی مرۆڤایەتی و ژیان تێدا، شوێنی زۆربەی ئایین و ئایینزاکان بووە و بەپێی ڕۆژگار و کۆن و نوێیی و بارودۆخە جیاوازەکان، ئەم ئایین و ئایینزایانە، لە ڕووی چۆنێتیی و چەندێتییەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.




پێکهاتەی ئایینەکان لە کوردستاندا[1]

---

(1) لەم نەخشەیەدا بەشێکی زۆر لەو ئایین و ئایینزایانە دەردەکەوێت کە لە کوردستاندا هەبوون و هەن، ئەگەرچی (میهرداد ئێزەدی) ئاماژەی بەوە کردووە کە جوولەکەکان کۆچیان بۆ (ئیسرائیل) کردووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هیچ ئاماژەیەك بە بوونی جوولەکە لە شاری سلێمانییدا نەکراوە!؟ وەك لە شارەکانی تردا ئاماژەی پێ کردوون!؟ بڕوانە (چەردەباسێ لەبارەی وردانەوە، میهرداد ئێزەدی، و: ئەمین شوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007، ل302)

گەرچی تا ئێستا سەبارەت بە سەردەم و ساڵی هاتنی جوولەکەکان بۆ ئێراق و ناوچەکە، ساڵێکی دیاریکراو نەخراوەتە ڕوو، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بوونی جوولەکەکان لە ئێراقدا، بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایین و ئەو ماوەیە دەگەڕێتەوە کە ناوچەکە لەژێر دەسەڵاتداریێتی ئاشوورییەکاندا بووە. کاتێ لەسەردەمی بابلییەکاندا و بەهۆی ئەو هێرشەی کە (نەبووخەزنەسر) لە ساڵی 586ی پێش زایین کردویەتییە سەر (فەلەستین) و بە هەزاران جوولەکەی لەوێوە هێنایە شار و گوندەکانی بابل.[1] بەشێکی تریشیان ڕەوانەی چەند شوێنێکی شاخاوی دوور لە باکووری عێراق کران.[2] ئەم بۆچوونەش لەگەڵ ئەو باسکردنەدا دێتەوەکە لە (ئینجیل)دا ئاماژەی بۆ کراوە کە: جوولەکەکان لە پێش ساڵانی زایینیدا، ڕاپێچی شاری بابل کراون.[3] و لە (تەورات)یشدا هەمان زانیاری ئاماژەی بۆ کراوە کە: لە ساڵی حەوتەمی هۆشەعدا، پاشای ئاشوور، سامیری گرتووە و

---

(1) اليهود العراقيون- لمحات تأريخية، احمد سوسة (بحث مقدم الى ندوة مركز الدراسات الفلسطينية) ، بغداد، 1977، ص104

(2) جوولەکەکانی کوردستان، بەختیار محەممەد ئەمین عوسمان دواوەیی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2011، ل9، کە نووسەر خۆی ئەم بەشەی لە کتێبەکەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

(3) هەمان سەرچاوە، ل9

ئیسرائیلیانی بۆ ئاشوور ڕاگواستووه و له هەلا و سەر خاپوور و ڕووباری گوزان و شارەکانی ماد نیشتەجێ کراون.[1]

(میهرداد ئێزەدی) وەك شارەزایەکی ئەکادیمیی بواری ئایینەکان، سەبارەت بە مێژووی جوولەکەکانی کوردستان دەنووسێت: جوولەکەکانی کوردستان، خاوەنی مێژوویەکی کۆنن و بەگوێرەی باسکردنی (تەلموود) دەربەدەرانی جوولەکە 2800 ساڵ لەمەوبەر لەسەر دەستی پاشای ئاشوورییەکان (شەلمانسەری سێیەم) 858-824 پێش زایین، جوولەکە ڕاگوێزراوەکانی لە کوردستاندا نیشتەجێ کردووه... هەر بەپێی تەلمود، ڕێ بە مەرجەعە دینییەکانی جوولەکە دراوه تا جوولەکایەتی لەنێو کوردە خۆماڵییەکاندا بڵاوبکەنەوه و ئەوانیش لەم کارەیاندا، سەرکەوتنی چاکیان بەدەست هێناوه و لە ئەنجامدا، خانەدانی فەرمانڕەوایانی کوردی (ئادیابین) کە پایتەختەکەی (هەولێر) بووه، لەسەدەی یەکەمی پێش زاییندا، خۆی و ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی کوردی شانشینەکە چوونەتە سەر ئایینی جوولەکایەتی.[2]

---

(1) من السامیین الی العرب، الشیخ نسیب وهیبه الخازن، بیروت-لبنان، 1962، ص132 کە من لە کتێبی (مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان دا، شاسوار.خ. هەرشەمی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ2، سلێمانی، 1999، ل195)م وەرگرتووه.

(2) چەردەباسێ لەبارەی وردانەوه، میهرداد ئێزەدی، و: ئەمین شوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2007، ل270 (بۆ ئەم بابەتە میهرداد دەنووسێت: بڕوانە: بابەتی ئیبریل/ ئەربیل لە ئینسکلۆپیدیای جودیکادا)

**هەر لەبارەی بڵاوبوونەوەی ئایینی جوولەکە لە کوردستاندا، دکتۆر (عومەر ئیبراهیم) دەنووسێت: لە سەدەی شەشەمی پێش زایین، ئایینی جوولەکە گەیشتە کوردستان، (دانیاڵ) پێغەمبەر یەکەم کەس بوو کە ئەو ئایینەی لەناوچەی (کەرکووک) لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی (میدیا) بڵاوکردووەتەوە.**[1]



تابلۆ و زەخرەفە و هۆنراوەی ئایینی جەژنی هامان (نەفرەتکردن)

(1) **کوردستانیة منطقة کرکوك، د.عمر ابراهیم توفیق،؟، ص**19

كە لە ناوەڕاستی سەدەی 19 لە کوردستاندا وێنە کێشراوە.[1]

(1) wikipedia.org

بەشـێكی زۆری كاروبـاری ژیـان و كـەلتووری كـورد و جوولەكـە، ئەوەنـدە تێكهەڵكێشـی یـەكتری بـوون، تـا گەیشـتووەتە ئـەوەی كـە هەندێ لە بەناوبانگترین چیرۆكی فۆلكلۆری، ڕەگەزی كورد بە ڕەگـەزی جوولەكەوە دەبەستێتەوە و هەندێ كەس پشتیوانی لـەوە دەكـەن كـە كورد بەڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر خێڵێكی كۆنی ئیسرائیل، هەندێكی تریش پـێ لەسەر ئەوە دادەگرن كە كورد زادەی ڕووداوەكەی نێوان شا سلێمان و جنۆكەكانی بن دەستی ئەون.(1)

تەنانەت هەندێ ڕووداوی ئایینی و داهێنانی لـە كوردستاندا بووە و ڕەنگدانەوەشـی لەسـەر دەوروبەرەكـەی بەجێهێشـتووە، بـۆ نموونـە: ئازادی ڕێژەیی ئافرەتی جوولەكەی كوردستان، بووەتە مایـەی ئـەوەی كـە بـۆ یەكـەمجار ژنێك لـە كوردسـتاندا ببـێ بـە حاخـام rabbi و لـەم سـەروبەندەدا حاخـام ئەسـیناس بـارزانیی كچـی سـامۆئیل بـارزانی (كۆچكردووی دەوروبەری ساڵی 1630) چەندان فێرگە و ئامۆژگـەی ئـایینی جوولەكایـەتی لەكوردسـتاندا دامەزرانـد و بـۆ ڕێزلێنـانی ئـەم خانمـە، واژەی تانایيـت (كـە فـۆرمی مێيينـەی كچـی خوێنكـاری تـەلمودە) داڕێـژراوە. ئـيتر مامـا خـانم ئەسـیناس بـووە بەڕێوەبـەری ئـەكادیمیا ڕێزدارەكـەی جوولەكـە لـە مووسـڵ (مـان 1932). لـەو زیارەتگایانەی جوولەكە كە ئەمڕۆ هەموو جوولەكە ڕێزیان لێ دەنێت، هەندێكی لە كوردستانە لەوانە: زیارەتگاكانی ئەو پێغەمبەرانەی كە ناویـان لـە تەوراتـدا هـاتووە وەك : نـاحوم لەئـەلكیش، یـونس لەنـەبی یونس (نەینەوای كۆن) دانیال لە كـەركووك، حـەباكوك لـە تویسـیركان،

---

(1) بڕوانە (كینیا 1960) (ئەم پەراوێزە لەلایەن میهرداد ئیزەدییەوە نووسراوە.)

مۆردەخای و شاژن ئستر لە هەمەدان و چەند ئەشکەوتێك کە دەڵێن گوایە ئیلیا سەردانی کردوون. یەکێتی جیهانیی ئیسرائیل چەند خوێندنگە و دامودەزگایەکی تری خوێندنی لە کوردستاندا کردەوە و لە ساڵی 1906ەوە مشووری پێشخستنی جوولەکەی کوردستانی خوارد. کوردیش زۆر سوودی لەو خزمەتگوزارییانە بینی؟ چونکە منداڵانی کوردیش بەبێ گوێدانی بنەچەی ئایینییان لەو خوێندنگایانە وەردەگیران. بەمجۆرە چینێکی ڕوناکبیر و چاك تێگەیشتوو لەنێو هاوڵاتیانی کوردستان سەری دەرهێنا. ئەم یەکێتییە تا دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل چالاکی نواند. لەم سەردەمەشدا زۆر جوولەکە لە کوردستانەوە بۆ ئیسرائیل کۆچیان کردووە و لەوێ بۆخۆیان گوزەرانێکیان پێکەوە ناوە و مومارەسەی ڕێوڕەسمی تایبەت بە کەلتوور و ژیانی کوردەواری دەکەن، لەوانە: جەژن، جلوبەرگ و مۆسیقا.[1]

---

(1) ئاین و تایفە ئاینی یەکان لە کوردستان، میهرداد ئیزەدی، وەرگێڕانی: کامەران فەهمی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، چ1، سلێمانی، 2002، ل86-88

ئاشكرايه له زۆربەی شارەكانی بەشی باشووری كوردستاندا جوولەكە نیشتەجێ بووە و پێش دروستبوونی شاری سلێمانیش ژمارەكی زۆری جوولەكە لە ناوچەكانی نزیك شارەكەدا هەبوون، لەوانە: قەرەداغ، هەڵەبجە و پێنجوین...




كوردستان له سالّی 1947

ئەو شوێنانەی كە جوولەكە كوردەكانی تێدا دەركەوتووە [1]

---

(1) يهود كردستان، اريك براور، نقله الى العربية: شاخوان كركوكي و عبدالرزاق بوتاني، الطبعة1، مطبعة وزارة التربية - اربيل 2002، ص59

سەبارەت بە مێژووی دروستکردنی مەڵبەندی شاری سلێمانی، تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی زانستیی و تەواو لەبەردەستدا نییە، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان، ئەوە دووپاتدەکەنەوە و ئەوە ڕۆیشتووە کە شاری سلێمانی ساڵی 1784 دروست کراوە.(١)

(ئەمین زەکی بەگ) پێی وایە کە: (ئیبراهیم پاشا) لە نزیک سەراکەی (مەحموودپاشا)ی مامیەوە کە لە ساڵی 1781دا لە گوندی (مەڵکەندی)یەوە دروست کرابوو، دەستی کردووە بە بینای شارێك و خانوو مزگەوت و حەمام و بازاڕ و خانی دروست کردووە و لەساڵی 1199ک-1784ز ئەم شارە تازەیەی تەواوکردووە و مەرکەزی ئەمارەتی لە قەلاچوالانەوە بردووەتە ئەوێ و بەناوی (سلێمان پاشا)ی والی بەغدادەوە ناوی ناوە سلێمانی.(٢)

هەر لەگەڵ بنیاتنانی شارەکەدا، (ئیبراهیم پاشا) هەوڵی داوە کە شارەکە بە سیمایەکی شارستانییەوە هەنگاو بنێت. دروستکردنی مزگەوتی گەورە و دواتریش خانەقای مەولانا خالید لەلایەن (مەحموود پاشای بابان)ـەوە، بەڵگەی ئەم ڕاستییەن و دواتریش هەنگاو بۆ دروستکردنی حەمام و کتێبخانە و مۆسیقا و مەیدانی زۆرانبازیی و خانوو و تەلای ڕازاوە نراوە. (ڕیچ)(٣) کە لەساڵی 1820 هاتووەتە

---

(1) بڕوانە (تاریخی سلێمانی و ولاتی، محمد ئەمین زەکی، چاپخانەی النجاح، بەغدا، 1939، ل89-90، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، جەمال بابان، بەرگی 1-2، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2012، ل27

(2) هەمان سەرچاوە، ل89-90

(3) کلۆدیوس جێمس ڕیچ (1787-1821): جوگرافیاناس، مێژووناس، گەشتیار و لێکۆڵەری شوێنەوارە. لە فەرەنسا لە دایك بووە و لە بریتانیا نیشتەجێ بووە.

**شارەکەوە، لە گەشتنامەکەی خۆیدا بە دووروودرێژی ئەم ڕاستییانەی تۆمار کردووە.[(1)] کەواتە لە بنەڕەتدا، شارەکە لەگەڵ تایبەتمەندی شارنشینیدا دەستی پێکردووە و لەبار بووە بۆ ئەوەی کە لە هەموولایەکەوە خەڵکی بتوانێت ڕووی تێ بکات و لەگەڵیدا بگونجێت.**

**زۆربەی نووسەران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، جوولەکەکان تەنها لە قەلاچوالان[(2)]ـەوە هاتوونەتە شارەکەوە، بەڵام مەرج نییە ئەمە وەهابێت؟ چونکە لە چەند شوێنێکی تری دەوروپشتی شارەکەدا، جوولەکە نیشتەجێ بووە، بۆ نموونە لە قەرەداغ و دەوروبەری جوولەکە هەبووە و ئەوە دەوترێت کە (سلێمان پاشا) وتویەتی**

---

**بنەمای زمانی: لاتینی، یۆنانی خوێندووە و زمانەکانی: عیبری، فارسی، تورکی، عەرەبی و کەمێکیش چینی زانیوە. ماوەیەك یاریدەدەری کۆلۆنیلی باڵوێزی بریتانیابووە لە میسر و ماوەیەکیش لە بەغدا بەرپرسی نیشینگەی بریتانیا بووە. لەساڵی 1820دا گەشتێکی بۆ باشوور و خۆرهەڵاتی کوردستان کردووە و یاداشتەکانی حەوت مانگ مانەوەی لە گەشتەکەیدا دەربارەی تۆبۆگرافیاو جوگرافیای کوردستان، لایەنی کارگێڕی، ئابوریی و فەرمانڕەوایی هەردوو میرنشینی بابان و ئەردەڵانی باس کردووە و لەشێوەی بیرەوەری ڕۆژانەدا لە چوارچێوەی کتێبی (بەسەرهاتی نشینگەیی لە کوردستاندا) تۆماری کردووە و دوای مردنییشی، لەلایەن خێزانەکەیەوە لەساڵی 1836دا لەدوو بەرگدا بە چاپ گەیەندراوە.**

**(1) گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، کلۆدیوس جێمس ڕیچ، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، بڵاوکراوەی ئاراس، چ3، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2002، ل125**

**(2) سلێمانی شارە گەشاوەکەم، جمال بابان، بەرگی1، دار الحریة للطباعة، بغداد، 1992، ل54/ گۆڤاری ئیسرائیل-کورد، ژمارە1ی ساڵی 2009، ل21 (بەرزانی ئەحمەد کوردە لەسەر جوولەکەکانی سلێمانی دەنووسێت)**

شـارەکەمان لەشـارێکی تـەواو ناچـێت و وەك باوەڕێـك بـۆ قسـەی پێشـینان کـە پێـی وایـە خـوا خێروبەرەکـەت بەسـەر هـەر شـوێنێکدا دەبارێنێـت کـە جوولەکـەی لـێ نیشـتەجێیە، دامەزرێنـەری شـارەکە نێردراوی خۆی بۆ (قەرەداغ) و ژمارەیەك لە لادێیەکانی دەوروبەری ناردووە کە ژمارەیەك جوولەکەیان لێ بووە تا ڕوو لە شار بکەن و لەقەرەداغەوە یەکەمین کۆمەڵە جوولەکە ڕووی لە شارەکە کردووە.(١) بەڵام ئەم پاساوە ڕێی تێ ناچێت؟ چونکە نە پێشینان وایان وتووە و نە باوەڕدارێکی موسوڵمان هەیە کە ئەمە لەو سەردەمەدا جێبەجێ بکات!؟ هەرچۆنێك بێت ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە و هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە مێژووی بوونی جوولەکەکان بەستراوەتەوە بە مێژووی دروستبوونی شارەکەوە و هەروەك (ڕیچ) کە خۆی لەساڵی 1820دا سەردانی شارەکەی کردووە، (واتە دوای تێپەڕبوونی 36 ساڵ بەسەر دروستکردنی شارەکەدا) نووسیوێتی: سەد و سی خانووی جوولەکە لە سلێمانییدا هەیە.(٢) بوونی سەد و سی خێزانی جوولەکەش لە شارێکی تازە دروستکراودا، بەڵگەیە لەسەر تێکەڵبوون و پەیوەستبوونیان بە سەرەتاکانی دروستبوونی شارەکەوە و هەروەك چۆن لەکۆی ئەو حەوت گەڕەکەی کە لە سەرەتای شارەکەدا دروست کراون یەکێکیان گەڕەکی جوولەکەکان بووە و هاوکاتی گەڕەکەکانی: مەڵکەندی،

(1) Bar-Amon, 1985, p32-3 کە منیش لە (یهود کردستان و رؤسائهم القبليون، مردخاي زاكن، ترجمة: سعاد محمد، منشورات مؤسسة ژين، مطبعة شڤان، السليمانية، 2011، ص152) م وەرگرتووە.

(2) گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، ل125

**چــوارباغ، دەرگــەزێن، سەرشــەقام، گۆیــژە و کانێســکان بــوونی هەبووە.(1)**

**لــە هۆنراوەیــەکی فۆلکلــۆردا، شــێوە و تایبەتمەنــدی گــەڕەکی جوولــەکان خراوەتــە ڕوو و واهــاتووە کــە گــەڕەکێکی تەســك و کــۆڵان بچــووکە، بــاخ لەبــەردەم ماڵەکانیــدا هــەبووە، شــوێنی دڵــداریی و چاوپێکەوتن بووە و کچانی جوانی کل بە چاو تێیدا هەبووە...**

## (کوچەی جوولەکان)

کوچەی جوولەکان، تەنگ و تاریکە
یەکێکی تێدا کەمەر باریکە
کەمەرەشل
کەمەرە شل
خاسێی خاڵ لەمل
عێشقی باڵات بووم
کاڵێی چاو بەکل
شل و مل
باخی بەرماڵان، گوڵەشیلانە
مەمکی کیژۆڵان، سەربە نیشانە
کوچەی جوولەکان کەوشەکەی دڕیم

---

(1) **شاری سلێمانی، ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە، بەرگی1، دار الحریة للطباعة**، 1987، ل66و67

جوانی ئەو کچە وا جەرگی بڕیم

کەمەرەشل...

هەرکوڕێ نەیکا شەو ماڵەوماڵ

با عومری بڕوا بە سۆزەی شەماڵ

کەمەرەشل...

چاوانی ڕشتووە بە کلە جوولەکە

مەمك پەروەردەی سوخمەی پوولەکە

کەمەرەشل... .(1)



سلێمانی ساڵی 1920

---

(1) گەنجینەی گۆرانی کوردی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عثمان شارباژێڕی، دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی، مطبعة الزمان، بغداد، 1985، ل194

# بەشی یەکەم

# ژمارەی جوولەکەکانی شاری سلێمانی

# ژمارەی جوولەکەکانی ناو شاری سلێمانی

پاش دروستکردنی مەڵبەندی شاری سلێمانیی و گواستنەوەی پایتەختی میرنشینی بابان لە قەلاچوالانەوە بۆ ئەم شارە نوێیە، لە هەموو لایەکەوە خەڵکی ڕوویان لە شارەکە کردووە.

سەبارەت بەوەی کە لەسەرەتادا ژمارەی دانیشتوانەکەی چەند بووە؟ تا ئێستا وەڵامێکی زانستیی و بەڵگەدار لەبەر دەستدا نییە؟ چونکە شارە نوێیەکە تا ساڵی 1831 هیچ جۆرە سەرژمێرییەکی بەخۆوە نەبینیوە، تەنانەت ئەو سەرژمێرییەشی کە لەم ساڵەدا ئەنجام دراوە و بە یەکەم سەرژمێری نیمچە فەرمی دادەنرێت، مەبەست لێی، زۆرتر بۆ باج سەندن و سەربازگرتن بووە[1] بۆیە ناکرێت بەتەواوەتی پشتی پێ ببەسترێت.

لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەکانیشەوە، چەند ژمارە و تۆمارێك خراونەتە ڕوو، کە دیسانەوە زۆربەیان بۆ مەبەستی تایبەتیی یان بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکانیان نووسراون[2] و ناکرێت بەجێی باوەڕیان دابنێین.

---

(1) جوگرافیای کوردستان، عەبدوڵڵا غەفور، سلێمانی، 2000، ل147 و 148

(2) دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا لە کتێبەکانی (بیبیلۆگرافیای کوردناسی کورد و کوردستان لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا، لاپەڕە 236-244) و (بیبیلۆگرافیای کوردناسی کورد و کوردستان لە سەرچاوە فەرەنسییەکاندا، لاپەڕە 287-290) کە هەردووکیان لە ساڵی 2009 لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە چاپ کراون، ئاماژە بە هەموو ئەو نووسینانە دەکات کە لەسەر جوولەکەکانی کوردستان نووسراون.

ئەگەر ئەمە باری زانینی تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بێت، ئەوا زانینی ژمارەی جوولەکەکانی شار بێگومان کارێکی بە ئەرك ترە و ناتوانین پەی بە ژمارەی ڕاستەقینەیان بەرین. بۆیە ناچار دەبین کە تەنها لەڕێی لێکدانەوەی ئەم سەرچاوە و تۆمارانەوە لە ژمارەی ڕاستەقینە نزیك ببینەوە و بۆچوونی گەڕیدە و ڕۆژهەلاَتناس و حاکمی سیاسی و تۆماری داگیرکەری بریتانیی و لایەنی کارگێڕی بەهەند وەربگرین. بەتایبەت لەماوەی (1820-1947)دا کە لە کۆنترین گەشتنامەوە (گەشتنامەی ڕیچ) دەست پیێ دەکات تا نزیکبوونەوە لە وادەی کۆچکردنی جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل.

## تۆمار و بۆچوونەکان:

1- کلۆدیوس جێمس ڕیچ، نووسیوێتی: لە سلێمانیدا دوو هەزار خانووی موسوڵمان و سەد و سی خانووی جوولەکە و نۆ خانووی کلدان و پێنج خانووی ئەرمەن هەن.(1) ئەگەرچی ئەم تۆمارە نرخەکەی لەوەدایە کە یەکەم بۆچوونی نووسراوە سەبارەت بە سەرژمێری جوولەکەکانی شار، بەلاَم نووسەر لە سەرچاوەی سەرژمێرییەکەی ئاگادارمان ناکاتەوە. بەپێی وردیی و شارەزایی نووسەر لە زمان و جوگرافیا و هۆی هاتنی بۆ ناوچەکە و هەروەها هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە بیستوویەتی و ئەوەی کە هیچ سەرنجێکی خۆی لەسەر نانووسێت، دەتوانیین تاڕادەیەك بە باوەڕەوە ئەم ژمارەیەی لێ وەربگرین. خۆ ئەگەر بەپێی ئەو ئەگەرەش بێت (سدیق ساڵح) بۆ ئەم

(1) گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، ل125

ژمارەیەی داناوە و گریمانەی ئەوە بکرێت کە ژمارەی دانیشتوانی هەر ماڵ و خانوویەك بە پێنج کەس دیاری بکرێت، ئەوا ژمارەی جوولەکەکانی شارەکە دەکاتە (130×5= 650 کەس)[1] و بەهەمان گریمانە، کۆی دانیشتوانی شارەکە دەکاتە 10720 کەس ئەمەش نزیکە لەو ژمارەیەی کە (ڕیچ) خۆی بە 10000 کەس دیاری کردووە.

2- (فریزەر)[2] پاش چواردە ساڵ لە گەشتەکەی ڕیچ سەردانی شارەکەی کردووە و سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە دەنووسێت: وەك پێیان وتم لەم کاتانەدا شارەکە نزیکەی هەزار تا هەزار و پێنجسەد خێزانی تێدایە، بەڵام وەك لە سیمای دەرەوەیدا دیارە، لە ڕاستیدا دانیشتوانی هەر پێنج هەزار کەس دەبێت.[3] ئەگەرچی (فریزەر) سەرچاوەی بۆچوونەکەی بە (قسەی خەڵك) دیاری کردووە و بەپێی گریمانەی پێشوو (یەك خێزان = 5 کەس) ڕاستیی

---

(1) تۆمارێکی شارەوانی ی سلێمانی 1919-1922، ساخکردنەوەی: سدیق ساڵح، چ1، لە بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ، سلێمانی، 2002، ل15 مامۆستا (سدیق ساڵح) بە هەڵە نووسیویەتی (130×5= 750کەس) و ڕاستییەکەی (130×5= 650کەس)

(2) فریزەر لە ساڵی 1783 لەدایك بووە و لە ساڵی 1856 کۆچی دوایی کردووە. ئەوەی لە گەشتەکەی ساڵی 1873دا بینیویەتی بەشێوەی نامە بۆ خێزانەکەی نووسیوە و دواتر بە شێوەی کتێب لە ساڵی 1840دا بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە (چمکێك لە مێژووی کورد "گەشتەکەی فرەیزەر بۆ کوردستان و میزۆپۆتامیا ساڵی 1834"، جعفر الخیاط، و: ئومێد ئاشنا، سلێمانی، 1996، ل2)

(3) چمکێك لە مێژووی کورد (گەشتەکەی فرەیزەر بۆ کوردستان و میزۆپۆتامیا ساڵی 1834)، جعفر الخیاط، و: ئومێد ئاشنا، سلێمانی، 1996، ل47

لە هەڵسەنگاندنەکەیدا هەیە، بەڵام سەبارەت بەوەی کە چۆن پاش چواردە ساڵ ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بۆ نزیکەی نیوەی ئەو ژمارەیە کەمی کردووە کە ڕیچ دیاری کردبوو؟! لەم بارەیەوە هەر فریزەر خۆی ئاماژە بۆ ئەو شەڕ و نەخۆشییانە دەکات کە لەم کاتانەدا ڕووبەڕووی گەشەکردنی شارەکە بوونەتەوە و شارەکەیان کردووە بە شارێکی وێران و دەنووسێت: شارەکە تەنها خانوویەکی ڕێکی پۆشتەی تیا نەبوو، کەسیش لە دانیشتوانی ئارەزووی ئەوەی نەبوو کە دەستێك بە خانووەکەیدا بهێنێت و قەشەنگ و خاوێنی بکات. لە سلێمانی، لە قووڕی ئەو خاکە خانووەکان دروست دەکەن کە خاکێکی نەرم و کەم توانایە. هەر کە قووڕەکە وشك دەبێتەوە، دەقڵیشێ و دوایی باو بۆران لێی دەدات و دەتلیسێتەوە. بازاڕی شار لەچاو خانووەکاندا باشتربوو، کاسپ و فرۆشیارەکان دووبەشن: بەشێکیان دەستگێڕ[1] و بەشێکیان دوکانیان هەیە. لە سلێمانیدا هەندێ خان و مەیدان و کەلاوە هەیە و دێهاتەکانی دەرەوەی شار کەلوپەل دێنن و لەوێدا سەودا و مامەڵە و کڕین و فرۆشتن دەکرێ.[2] هەروەك (جیمس فلکس جونز)یش ئاماژەی بۆ دەکات، ئەم بارودۆخەی شار تا ساڵی 1844 بەردەوام بووە و لەم کاتانەدا، ژماری خانووەکان کەم بووەتەوەوە بۆ نیوەی ئەو ژمارەیەی کە ڕیچ دیبووی.[3]

---

(1) دەستگێڕ: بە (قۆچە) بەناوبانگ بوون.

(2) چمکێك لە مێژووی کورد، ل47 و 48

(3) سولەیمانی شەکرە شارەکەم، د.حوسێن محەمەد عەزیز، لە بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ، چ1، ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی، 2003، ل122

3- (ليك لاما)ی گەشتیار لە (دائرة المعارف الأسلامية)دا بەم شێوەیە ئاماژە بە ژمارەی دانیشتوانی شار و جوولەکەکانی شاری سلێمانی دەکات لە ساڵی 1868دا سلێمانی شەش هەزار ماڵە کوردە و سی ماڵیان کلدان و پازدە ماڵیشیان جوولەکەیە.[1] ئەم ئاماژە پێکردنەی لاما، سەبارەت بە ژمارەی موسوڵمان و مەسیحییەکان تاڕادەیەك لەگەڵ تۆمارەکەی (ریچ)دا دێتەوە، بەڵام سەبارەت بە جوولەکەکان، ژمارەکە بیست و شەش جار کەمی کردووە لەو ژمارەیەی کە دەبوو بووبوایە بە سێ ئەوەندە؟! بەئاوڕدانەوە بۆ ڕووداوەکانی 48 ساڵی پێشتریش شتێکی وەها نابینینەوە کە پەیوەندی بەم کەمبوونەوەیەی ژمارەی جوولەکەکانی شارەکەوە هەبێت. (سدیق ساڵح) پێی وایە کە ڕەنگە هەڵەکە پەیوەندی بە نووسینی ژمارەی 15 وە هەبێت کە لەکاتی چاپدا سفرەکەی لەبیر کرابێت و 150 بووبێت بە 15، ئەگەر بەم پێیەش بێت، ژمارەی جوولەکەکان دەکاتە (150×5= 750 کەس)[2] ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر ڕێی تێدەچێت؟ چونکە لەلایەکەوە لەگەڵ تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی شارەکەدا دێتەوە و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەو ژمارانەدا دێتەوە کە بۆ موسوڵمان و مەسیحییەکانی شارەکە دیاری کراوە.

---

(1) تأريخ السليمانيه و انحائها، محمد أمين زكى، ت: الملا جميل بند الروزبياني، ط1، بغداد، 1951، ص96

(2) تۆمارێکی شارەوانی ی سلێمانی 1919-1922، ل15

4- (ژاك ڕیتۆریَ)(١) لەبارەی سەرژمێری دانیشتوانی شارەکە و جوولەکەکانەوە نووسیویەتی: سەرجەمی دانیشتوانی سلێمانی، نزیکەی پازدە هەزار کەسێك دەبێت. مەسیحییەکان، تەنها بریتیین لە بیست ماڵ و جوولەکەکانیش لە دووسەد و پەنجا بنەماڵەیەك پێك هاتوون.(٢) ئەم زانیارییە نوێیە، گومانی ئەو ژمارەیەی کە (لیك لاما) سەبارەت بە کەمبوونەوەی ژمارەی جوولەکەکان دیاری کردبوو، ناهێڵێت و لەگەڵ زانیارییەکانی (ڕیچ)دا یەکی دەخاتەوە و ژمارەی جوولەکەکان بە تێپەڕینی پەنجاو هەشت ساڵ، بۆ نزیکەی دوو ئەوەندەی ساڵی 1820 لەقەڵەم دەدات و ئەمەش لەگەڵ زۆربوونی ئاسایی ژمارەی دانیشتواندا دەگونجێت.

---

(1) ژاك ڕیتۆریَ: ساڵی 1841 لە وڵاتی فرەنسا لە دایك بووە و ساڵی 1874 بە هاوەڵی نوێنەری پاپا، هاتووەتە میزۆپۆتامیا و تا ساڵی 1879 لەویَ ماوەتەوە. ساڵی 1878 وەك میسیۆنێرێك سەردانی سلێمانی کردووە. (گەشتنامەی میسیۆنێرێك بۆ ناچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی 1878، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵلا، لە بلاّوکراوەکانی بنکەی ژین، چ1، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2008، ل40)

(2) گەشتنامەی میسیۆنێرێك بۆ ناچەکانی کەرکوك و سلێمانی ساڵی 1878، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵلا، لە بلاّوکراوەکانی بنکەی ژین، چ1، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2008، ل40

5- مێجەرسۆن:(١) چەند تۆمار و ژمارەیەکی جیاوازی خستووەتە ڕوو کە تاڕادەیەکی زۆر جێی گومانن و نووسیوێتی: شاری سلێمانی لە ساڵی 1825دا هەزار ماڵ بووە، لەو ژمارەیە، هەشت سەدیان تورکمان و جوولەکە و مەسیحیی و کلدان بوون.(٢) واتە نزیکەی سێ لەسەر حەوتی دانیشتوانی شارەکە سەر بە ئاییینی ئیسلام نەبوون. ئەم زانیارییەی مێجەرسۆن زۆر جێگەی سەرسوڕمانە؟ چونکە لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا، نە لە کۆن و نە لە ئێستاشدا ئاماژە بەوە نەکراوە کە ژمارەی ئەو کەسانەی سەربە ئاییینی ئیسلامن لە شارەکەدا لە کۆی ئەو کەسانە کەمتر بێت کە سەر بە ئاییینەکانی ترن. هەر مێجەرسۆن خۆی لە 31ی دیسەمبەری ساڵی 1919دا کاتێ حاکمی سیاسی شارەکە بووە، زانیارییەکی پێچەوانە دەخاتە ڕوو و دەنووسێت: ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی 9728 کورد و 572 جوولەکە و 60 کلدانییە.(٣)

(1) مێجەرسۆن (1881- 1923) وەك مێژوونووس، ئەنترۆپۆلۆگ، زمانەوان و ئەفسەرێکی هەواڵگری سەربازیی بریتانی کاری کردووە. ساڵی 1902 یەکەم سەردانی بۆ ڕۆژهەلات کردووە و بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە ئێران ماوەتەوە. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لەلایەن حکومەتی بریتانییەوە ڕاسپێردراوە تا سەردانی ناوچەی میزۆپۆتامیا بکات و بە شێوەیەکی نهێنی زانیاری لەسەر ناوچەکە کۆبکاتەوە. ساڵی 1919 کاروباری ناوچەی سلێمانی پێ سپێردراوە و نزیکەی ساڵێك بە حاکمی سیاسی سلێمانی ماوەتەوە. (رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين و كردستان، ميجرسون، ت: فؤاد جميل، ط1، ج1، بغداد، 1970، ص237)

(2) رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين و كردستان، ميجرسون، ت: فؤاد جميل، ط1، ج1، بغداد، 1970، ص237

(3) شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، محمد ڕەسول هاوار، بەرگ1، لەندەن 1990، 106-107

زانیارییەکانی مێجەرسۆن سەبارەت بە کۆی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لە شوێنی خۆیدا نییە و چەند جارێک ژمارەی جیاوازی خستووەتە ڕوو؟! هەر مێجەرسۆن خۆی لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا کە لە دۆکۆمێنتی ناو ئارشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا ژمارەی (C.O.730/3-1433) هەیە و ئاماژەی بۆ ساڵی 1914 کردووە، دەنووسێت: دوای ئەوەی کەتوانرا هەمەوەندەکان لە ساڵی 1914دا سەرکوت بکرێن، خەڵکەکە کەوتنە بووژانەوە و ئارامیان گرت و شارەکە ژمارەی گەیشتە 20 هەزار کەس، بەڵام لەکاتی شەڕی جیهانیدا، بەهۆی گرانیی و برسێتیی و ناردنی گەنج و لاوان بۆ کۆڕی شەڕ و مردنێکی زۆر بەهۆی برسێتیی و گرانییەوە و چۆڵکردنی شارەکە لەبەر بێدەرامەتی خەڵك، دانیشتوانەکەی زۆر کەم بوونەوە و ژمارەیان گەیشتە 2500 کەس.[1] جا لێردا پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ژمارەی دانیشتوانی شار لە بیست هەزار کەسەوە بووبێت بە 2500 کەس، ئایا چۆن ڕێی تێدەچێت لە ماوەی پێنج ساڵ کەمتردا (1914-1919) شارێکی 2500 کەسی ژمارەی ببێت بە 10360 کەس هەروەك لە پێشتردا ئاماژەی بۆ کرا. واتە: لە ماوەی پێنج ساڵدا، ژمارەی دانیشتووان بووە بە دوو هێندە؟! ئەمەش نە لەگەڵ زۆربوونی ئاسایی ژمارەی دانیشتوان و نە لەگەڵ ئەو بارە ئابووریی و گوزەرانە خراپەی خەڵکی شاردا دێتەوە کە تا ماوەیەکی زۆر شوێنەواری جەنگی یەکەمی جیهانی پێوە بەجێ ماوە.

لە ڕاپۆرتێکی حکومەتی بریتانیدا کە مێژووەکەی بۆ 1919/3/16 واتە: هەمان ئەو ساڵە دەگەڕێتەوە کە مێجەرسۆن کاروباری ناوچەی سلێمانی لە بەر دەستدا بووە، زانیاری گرنگ سەبارەت بە زیانەکانی

---

(1) شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ل106

شــەڕ دەخاتــە ڕوو کــە لــەنێوان (1913–1918) بەســەر شــارەکەدا هاتووە، بـەجۆرێك کـە زۆرتـر لـەنیوەی باڵەخانـە و بینـا جیاوازەکـانی شار کەم بوونەتەوە:[١]

| جۆری بینا | ساڵی 1913 | ساڵی 1918 | جیاوازی ژمارە |
|---|---|---|---|
| مزگەوت | 29 | 10 | 19 |
| تەکیە | 3 | – | 3 |
| خانەقا | 21 | 20 | 1 |
| خانوو | 3205 | 1329 | 1813 |
| حانووت | 760 | 338 | 422 |
| چایخانە | 31 | 15 | 16 |
| حەمام | 11 | 6 | 5 |
| ئاشی ئاو | 24 | 19 | 5 |
| باخ | 18 | 5 | 13 |
| خان | 20 | 11 | 9 |
| بازاڕ | 6 | 2 | 4 |
| دوکانی بازاڕ | 399 | 134 | 265 |

(1) شـاری سـلێمانی ململانێـی گروپـە کۆمەڵایـەتییـەکان 1820–1920، مامۆسـتا جەعفەر، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، 2006، ل99

6- بەپێی ئامارێکی دەسەڵاتدارێتی ئینتیدابی بریتانیا کە مێژووەکەی بۆ پێش نیسانی ساڵی 1920 دەگەڕێتەوە، کۆی دانیشتوانی لیوای سلێمانی بەپێی کۆمەڵی ئایینی بریتیی بووە لە 155 هەزار کەس و بەم شێوەیە بووە: 153900 موسوڵمانی سونیی و 1000 جوولەکە و 100 مەسیحی کە ڕێژەی سەدییان دەکاتە 99,3٪ موسوڵمانی سونی و 06.٪ جوولەکە و 01.٪ مەسیحی.(1)

7- لە تۆمارێکی شارەوانی سلێمانیدا، کە مێژووی بۆ 1919-1922 دەگەڕێتەوە و لە 27 لاپەڕە پێك هاتووە، زانیاری گرنگ لەسەر ئاماری خانوو و ناوی خاوەن ماڵ و کرێچی و زۆر بابەتی تری وەك: نرخی خانوو و کرێی مانگانەی خانوو و ناوی ژنان و پیاوان و کوڕان و کچانی تەمەن ژوور و خوار 16 ساڵ و پیشەی گەورەکانی هاتووە. ئەم تۆمارە، لە گشت ئامازە و تۆمارەکانی تر ورد تر و جێی بایەخترە؟ چونکە زۆر بەوردی ئامازەی بە ناو و وردەکارییەکان کراوە و تێیدا هاتووە کە: ژمارەی ژنان: 160 لەوانە 11یان بێوەژن. ژمارەی پیاون: 249 لەوانە 65یان سەڵتی تەمەن ژوور 16 ساڵ و 4 یان بێوە پیاو. ژمارەی ئافرەتی شوونەکردووی تەمەن ژوور 16 ساڵ 24 کەس. ژمارەی کوڕی تەمەن خوار 16 ساڵ 104. ژمارەی کچی تەمەن خوار 16 ساڵ 75. ژمارەی جوولەکەی خاوەن ماڵ و کرێچی کە ناویان هەر لە لیستی خانووەکاندا هەیە 54. ژمارەی ئەو

---

(1) ar.wikipedia.org

جوولەکانەی کە ناویان هەر لە سێیەم بەشی تۆمارەکەدا هەیە 6 و کۆی جوولەکەکانی ناو شاری سلێمانی 672 کەس بووە.[1]

8- مینۆرسکی[2] سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی دەنووسێت: لە ساڵی 1924 دا بۆ 189000 کورد و 1550 جوولەکە و 75 عەرەب بەرز بووەتەوە. ئەم ژمارەیەش دوای ئەوە دێت کە لە مانگی تەمووزی هەمان ساڵدا بووە بە 700 کەس و جارێکی تر لە مانگی نۆڤەمبەردا بووەتەوە بە بیست هەزار کەس.[3] ئاشکرایە ئەمەش بەهۆی شۆڕشەکەی شێخ مەحموودەوە بووە دژی ئینگلیزەکان لە ناوچەکەدا و دیارە کە لە 16ی ئابی 1923- 25ی ئاداری 1924دا بەردەوام شارەکە لەلایەن فڕۆکەکانەوە بۆمبباران کراوە.

---

(1) تۆمارێکی شارەوانی ی سلێمانی 1919-1922، ل20

(2) مینۆرسکی (1877-1966): ڕۆژهەڵاتناس و ئێرانناس و کوردناس و پیاوی سیاسی دوایەمین قۆناغی ئیمپراتۆریای ڕووسیایە. ماوەی نێوان ساڵەکانی 1904-1908 لە ئێران ڕاوێژکاری باڵوێزخانە و کۆنسوڵخانەی ڕووسیا بووە. (بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، مینۆرسکی، وەرگێڕانی: د.نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، 2007)

(3) بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، ل61

9- سیسـیل جـۆن ئیدمۆنـدس:(١) لـه کۆکردنـەوەی زانیارییـەکانیی و ڕاپۆرتەکانیـدا، جگـە لـە پشتبەسـتن بـە ڕێبـازی مەیـدانی، کـەڵکی لـە بەڵگەنامـە و کتێـب و وتـاری چـەند گەڕیدەیـەکی تـریش بـە تایبـەت (مێجەرسـۆن) وەرگرتـووە؟ چـونکە دوای ئـەوەی مێجەرسـۆن دەسـت لەکارەکەی هەڵدەگرێت، ئیدمۆندس جێگەی دەگرێتەوە. ئەم تاڕادەیەکی زۆر تۆمارێکی جیاواز دەخاتە ڕوو و بە پشت بەستن بە تۆمارێکی ساڵی 1925ی شـارەوانی، دەنووسـێت: لەسـاڵی 1925دا، نفووسـی سـلێمانی 10000 کەس بووە، 9000 موسوڵمان، 750 جوولەکە و 120 کەسیش کلدانی (مەسیحی) بوون.(٢) ئەم ژمارەیـەی کە ئیدمۆنس خستوویەتییە ڕوو، جگـە لـەوەی کـە لەگـەڵ ئـەو تۆمـارەدا ناگونجێـت کـە پـێش سـاڵی 1920 لەلایەن دەسەڵاتدارێتی بریتانیاوە سەبارەت بە ژمارەی جوولەکە لەشـارەکەدا خراوەتـە ڕوو، لەگـەڵ ژمـارەی دانیشـتووانی شارەکەشـدا ناگونجێ و لەماوەی زۆتر لە پێنج ساڵدا ژمارەکە بۆ زۆرتر لە پازدە جار کـەمی کـردووە؟! کـە ڕەنـگ نییـە پەیوەنـدی بـەو ئاڵۆزییانـەوە هـەبێت کـە

---

(1) سیسـیل جـۆن ئیدمۆنـدس (1889- 1979): کـارگێڕ و ڕاوێـژکاری سیاسـیی بریتانیـا بـووە لـە ئێـراق. لـە ژیانیـدا، دووجـار سـەردانی باشـووری کوردسـتانی کردووە، یەکەمیان ساڵی 1918 و وەك کارگێڕی سیاسیی و ڕاوێژکاری حکومەتی کۆلۆنیـالی بریتانیـا لەسوپادا و دووەمیـان سـاڵی 1935- 1945 وەك ڕاوێـژکاری وەزارەتی ناوخۆی ئێراق، کاری کردووە. بڕوانە (کورد، تورك، عەرەب، سیسیل جـۆن ئیدمۆنـدس، وەرگێڕانـی: حامیـد گەورهـەر، دەزگـای چـاپ و بڵاوکـراوەی ئاراس، چ2، هەولێر، 2004)

(2) کورد، تورك، عەرەب، ل114

لەساڵی 1918-1919 لە ناوچەکەدا بووە؟ چونکە لە تۆمارەکەی بریتانیادا، ئەم ژمارەیە هەر زۆرتر بووە!؟

ئەمانە و چەند ئاماژە و سەرنجێکی تریش لەسەر ژمارەی دانیشتوانی شارەکە و جوولەکەکان تۆمار کراوە، هەروەك (د. کوردستانی موکریانی)یش پێی وایە کە لە سلێمانی لەساڵی 1934دا، هەموو ماڵەکانی جووی سلێمانی بەدەرگاوە سەد و سێزدە دەرگایە.(1) هەروەها بەپێی سەرژمێری ساڵی 1947 کۆی ژمارەی دانیشتوانیش بووە بە 43049 کەس کە 41029 یان موسوڵمان و 503 یان مەسیحیی و 1515یان جوولەکە بوون.(2)

بەڵام پاش ساڵی 1950 ڕاگەیاندنی گەڕانەوەی جوولەکەکان بۆ خاکی ئیسرائیل(3) و دەرچوونی یاسای ژمارە 1ی ساڵی 1950 بەناوی (اسقاط الجنسية العراقية من يهود العراق) کە تێیدا ئەو مافەی بە جوولەکەکان درابوو لە ئێراقدا نیشتەجێ بن، ژمارە و بوونیان کەوتە مەترسییەوە(4) و سەرەنجام زۆربەی زۆری

---

(1) گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە 120، ساڵی 1988، سلێمانی لە ساڵی 1934دا، نووسینی: د. کوردستانی موکریانی، ل32-44

(2) المملكة العراقية، وزارة الشؤن الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة 1947، ج2، لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء اربيل، بغداد، 1954، ص156

(3) رحلة المستشرق الى العراق و سوريا و فلسطين، الرحالة الهولندي الدكتور: ليونهارت راوولف، ترجمة: سليم طه التكريتي، بغداد، 1978، ص196

(4) اليهود والمواطنة العراقية، د.كاظم حبيب، مؤسسة حمدى للطباعة والنشر، السليمانية، 2006، ص192

جوولەکەکان لە ئێراقدا نەمان و لەساڵی 1954 (تەنها 6 کەس)[تر] لە شارێکی وەك سلێمانیدا مانەوە و لە سەرژمێری ساڵی 1957شدا ڕێژەکە دابەزیوە بۆ تەنها دوو کەس.[یر]

| ژماره | ناوی نووسەر | ساڵ | کۆی دانیشتوان | ژمارەی موسوڵمان | ژمارەی جوولەکە | ئایین و پێکهاتەکانی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕیچ | 1820 | 10000 کەس | 2144 هەزار خانوو | 130 خانوو | 9 خانوو (کلدان) 5 خانوو (ئەرمەن) |
| 2 | لیك لاما | 1868 | 645 ماڵ | 6000 هەزار ماڵ (کورد) | 15 ماڵ | 30 ماڵ (کلدانی) |
| 3 | ژاك پیتۆری | 1878 | 15000 کەس | – | 250 بنەماڵە | 20 ماڵ (مەسیحی) |
| 4 | مێجەرسۆن | 1919 | – | 9728 هەزار (کورد) | 572 کەس | 60 (کلدانی) |
| 5 | تۆمارێکی بریتانی | پێش 1920 | 15500 کەس | – | 1000 کەس | 100 کەس (مەسیحی) |
| 6 | تۆمارێکی | 1920 | – | – | 72 | – |

(1) اليهود والمواطنة العراقية، ص32

(2) المملكة العراقية، وزارة الشؤن الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة 1947، ج2، لواء الموصل– لواء كركوك– لواء السليمانية– لواء اربيل، بغداد، 1954، ص102

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارەوانی | – 1922 | | | خانوو 672 کەس | |
| 7 | مینۆرسکی | 1924 | – | 18900 0 هەزار کەس (کورد) | 1550 کەس | 75 کەس (عەرەب) |
| 8 | ئیدمۆندس | 1925 | 10000 کەس | 9000 هەزار کەس | 750 کەس | 120 کەس (مەسیحی) |
| 9 | سەرژمێری 1947 | 1947 | 43049 کەس | 41029 | 1515 کەس | 503 کەس (مەسیحی) |

تۆماری ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی

## قانون رقم (١) لسنة ١٩٥٠ (١)

## قانون ذيل مرسوم اسقاط الجنسية رقم (٦٢) لسنة ١٩٣٣

بموافقة مجلس الاعيان والنواب امرنا بوضع القانون الاتي :

المادة الاولى :

لمجلس الوزراء ان يقرر اسقاط الجنسية العراقية عن اليهودي العراقي الذي يرغب باختيار منه ترك العراق نهائياً بعد توقيعه على استمارة خاصة امام الموظف الذي يعينه وزير الداخلية .

المادة الثانية :

اليهودي العراقي الذي يغادر العراق أو يحاول مغادرته بصورة غير مشروعة تسقط عنه الجنسية العراقية بقرار من مجلس الوزراء .

المادة الثالثة :

اليهودي العراقي الذي سبق ان غادر العراق بصورة غير مشروعة يعتبر كأنه ترك العراق نهائياً اذا لم يعد اليه خلال مهلة شهرين من نفذ القانون وتسقط عنه الجنسية العراقية من تاريخ انهاء هذه المهلة .

المادة الرابعة :

على وزير الداخلية أن يأمر بإبعاد كل من اسقطت عنه الجنسية العراقية بموجب المادتين الاولى والثانية ما لم يقتنع بناء على أسباب كافية بإن بقاءه

في العراق مؤقتاً امراً تستدعيه ضرورة قضائية أو قانونية أو حفظ حقوق الغير الموثقة رسمياً .

المــادة الخامســة :

يبقى هذا القانون نافذاً لمدة سنة من تاريخ نفاذه ويجوز انهاء حكمه في أي وقت خلال هذه المدة بإرادة ملكية تنشر في الجريدة الرسمية .

المــادة السادســة :

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية .

المــادة السابعــة :

على وزير الداخلية تنفيذ هذا القانون .

كتب ببغداد في اليوم الخامس عشر من شهر جمادي الاول سنة ١٣٦٩ واليوم الرابع من شهر مارت سنة ١٩٥٠ .

توفيق السويدي عبد الاله

رئيس الوزراء



بەڕێکردنی جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل [□]



گەڕانەوەی جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل [یر]

---

www.thejc.com (1)

(2) **هەمان سەرچاوە**




فڕۆکەخانەی ("Lydda" Ben-Gurion- Israel)[1]

---

(1) www.thejc.com



فڕۆکەخانەی ("Lydda" Ben-Gurion- Israel)[1]

---

(1) www.thejc.com

هەمان سەرچاوە



گەڕانەوەی جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل[1]




گەڕانەوەی جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل[2]

---

(1) www.facebook.com/Slemani.Photos

(2) هەمان سەرچاوە

(2) هەمان سەرچاوە



گەڕانەوەی جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل[]



گەڕانەوەی جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل[یر]

---

www.facebook.com/Slemani.Photos(1)

(2) هەمان سەرچاوە



گەڕانەوەی جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل[1]

(1) www.facebook.com/Slemani.Photos



**گەڕانەوەی جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل**[1]

---

(1) www.facebook.com/Slemani.Photos

# بەشی دووەم

# جوگرافیای نیشتەجێبوونی جوولەکەکانی شاری سلێمانی

# جوگرافیای نیشتەجێبوونی جوولەکەکانی ناو شاری سلێمانی

پارێزگـــای ســـلێمانی لای باکوریـــەوە، ســـنووری بـــە پارێزگـــای هەولێرەوەیـــــە و لای باشـــــووریەوە، پارێزگـــــای دیالـــــە و لای خۆرهەڵاتیشیەوە وڵاتی ئێران و لای ڕۆژئاوای هەریەك لە پارێزگاكانی كەركووك و تكریتە.

شـاری سـلێمانی، سـەنتەری بـەڕێوەبردنی پارێزگـای سـلێمانییە و لەنێوان هێڵی درێـژی 37 و 22 و 45 پلـە و 33 و 28و 45 ڕۆژهـەڵات و هێڵیٚ پانی 01و 32 و 35 و40 و 35 و 35پلەی باكوورەوە.(1)

دوای ئەوەی كە (برایم پاشا) ناوچەی (قەڵاچوالان)ی جێهێشتووە، گـەر هەموو دانیشتوانی شارەكەش لەگەڵیدا نەیانگوێزابێتـەوە، ئـەوا بـەگوێرەی ئـــەوەی كـــە پایتـــەختی نـــویٚ بـــووە، زۆربـــەی زۆری بنەماڵـــەی (بابـــان) و كاربەدەســـتانی میرنشـــینەكە، كەســـایەتییە ناودارەكـــانی ئـــەو ســـەردەمە، بازرگـان، دوكانـدار و خـاوەن پیشـەكانی تـر، لەگـەڵ پاشـادا بـەرەو هـەواری نـــویٚ هـــاتوون. پاشـــانیش لەهـــەموو ناوچـــەكانی كوردســـتانەوە، وەك: كـەركووك، هـەولێر، ڕەوانـدووز، شـارەزوور، سـنە، هەمـەدان، سـەقز، بانـە و مهاباد، خەڵكێكی زۆر و بەلێشاو ڕوویان لە سولەیمانی كردووە و لەهـەموو جۆرە ناوچـەیەكەوە لێـی خڕبوونەتـەوە. خـاوەن بیروڕای ئاییینی جیـاوازی وەك: موسوڵمان، جوو، فەلەی تێدا نیشتەجیٚ بووە.(2)

---

(1) تحليل استعمالات الارض ضمن المخطط لتحديد اتجاهات النمو العمراني لمدينة السليمانية، رسالة ماجستير (غير منشور) شازاد جمال جلال فتح اللة، ص43

(2) سولەیمانی شەكرە شارەكەم، ل121

گەر برایم پاشا یەکەم بەردی بناغەکەی لە گوندی (مەڵکەندی) دانابێ[1] ئەوا گەڕەکی گۆیژە بە سابوونکەران، قاوەخانەی سەرچیمەن و گاوران، بەیەکەم گەڕەکی شار و کۆنترینیان دادەنرێت و هەر لەوێشەوە شاری سولەیمانی دەستی پێکردووە و پاشان دووەم گەڕەك، گەڕەکی دەرگەزێن دروست کراوە، کە ئەو سەردەمە زۆر لە گەڕەکی (سەرشەقام) لێك جیا نەکراونەتەوە. سێیەم گەڕەکیش (کانێسکان)بووە. دواتریش گەڕەکی (سەرشەقام و چوارباخ) ئاوەدان کراونەتەوە.[2] ئەگەر بەم پێیەش بێت، ئەوا گەڕەکی جوولەکان دوای ئەم گەڕەکانە ئاوەدان کراوەتەوە و هەموو جوولەکەکانیش پێکەوە بۆ یەکەمینجار لەم شوێنەدا نیشتەجێ بوون کە دەکاتە گەڕەکی (شێخ عەباس) کە شەخسێك بووە لە خوارووی شاری سلێمانی نزیك بە ڕێگای قەرەتۆغان بەرامبەر بە گوندی (وڵوبە).[3] دوای زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانەکەی، گەڕەکەکەش فراوان بووە و لە نێوان ساڵانی 1919-1922دا بریتی بووە لە نۆ کۆڵان.[4]

جوولەکەکانی ئێراق بەگشتی لەهەر شار و شوێنێکدا بووبن گەڕەکێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە و بەناوی خۆیانەوە ناوبراوە

---

(1) تاریخی سلێمانی و وڵاتی، ل89 و90

(2) سولەیمانی شەکرە شارەکەم، ل121

(3) شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی (بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی لە نێوان ساڵانی 1784-1914) کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و ئامادەکردنی عبدالخالد صابر (مامۆستا خالد) ، چ2، چاپخانەی (گرین گلوری) بەیروت، 2010، ل1488

(4) تۆمارێکی شارەوانی ی سلێمانی 1919-1922، ل19

(گەڕەکی جوولەکان). لەم بارەیەوە (ئیدمۆنس) دەنووسێت (لە گەڕەکێکی هەناوی خۆیان دەژیان. گەڕەکەکەیان لەبەشی خوارووی شار و لە نزیک ڕووبار هەڵکەوتبوو و ئاوی تەواوی ئاوەڕۆی گەڕەکەکانی دیکەی لێ کۆدەبووەوە.[1] هەروەك لە کوردستاندا باوبوو، ئەوان لێرە کاری ناخۆشی وەك ڕەنگرێژی، دەباغی و عارەقفرۆشییان هەبوو. شار دابەش کرابوو بەسەر حەوت گەڕەکدا: گۆیژە، مەڵکەندی، کانێسکان، دەرگەزێن، سەشەقام، چوارباخ و جوولەکە.)[2]

(سدیق ساڵح) لە پەراوێزی کتێبەکەی (مەردەخان زاکن)دا دەنووسێت (کاك ئەحمەدی شێخ ئەو شوێنەی بۆ دیاری کردوون کە پێی دەوترێت گەڕەکی جوولەکان)[3]

لەو کاتانەشدا گەڕەکی جوولەکان کەوتبووە کۆتایی شارەوە و لەچاو گەڕەکەکانی نزیك خۆیان، جوانتر و ڕێکوپێکتربوو. گۆڕستانێکی تایبەت بە خۆشیان بە ناوی (گۆڕە جوولەکە)وە هەبوو کە مردووەکانیان لێ

---

(1) هەر لەمبارەیەوە، (خالید سەرکار) دەگێڕێتەوە کە: لە ساڵانی سەرەتای شەستەکاندا کاتێ بارودۆخی شار و وڵات خراپ بوو، شەوێکیان لەگەڵ چەند کەسێکدا ویستمان شار بەجێ بهێڵین، ناردیانیین بۆ گەڕەکی جوولەکان و لەوێوە کردیانینە ناو ئاوەڕۆکەوە کە قەبارەکەی زۆر گەورە بوو، بە ئەندازەی ژوورێکی گەورە دەبوو، وەك ئاوەڕۆی گەڕەکەکانی تری شار نەبوو! (ئەم زانیارییە لە ڕۆژی چوار شەممە 2014/8/21 لە مامۆستای هونەرمەند "خالید سەرکار" وەرگیراوە.)

(2) کورد، تورك، عەرەب، ل122

(3) یهود کردستان و رؤسائهم القبلیون، مردخاي زاکن، ترجمة: سعاد محمد، منشورات مؤسسة ژين، مطبعة شڤان، السليمانية، 2011، لە پەراوێزێکدا هاتووە کە کاك ئەحمەدی شێخ ئەو شوێنەی بۆ دیاری کردوون، من داوای سەرچاوەی ئەو پەراوێزەم لە مامۆستا سدیق کرد و ئەویش وتی ئەمە قسەیەکی بڵاوە و وەرم گرتووە.

دەناشـت و کـەوتبووە ڕۆژئـاوای گەڕەکەکەیانـەوە، لـە نزیـك (قوتابخانـەی کرمانجی بنەڕەتی) و (قوتابخانەی خانزاد)ی ئێستادابوو.

ڕاســتتر ئەوەیــە کــە دیــاریکردنی شــوێنی گــەڕەکی جوولــەکان پەیوەنـدی بـە خۆیانـەوە هـەبووبێت نـەك وەك ئـەو قسـەیەی کـە گوایـە حاجی کاك ئەحمەدی شێخ بۆی دیاری کربێتن؟ چونکە لـە زۆر شـاری تریشـدا، جوولەکـەکان گـەڕەکی تایبـەت بـە خۆیـان هـەبووە. تەنانـەت موختاری گەڕەکەکەشیان هەر لە خۆیان بووە و ئاماژە بەوە دەکریٚ کە لـە 25ی تشـرینی دووەمـی سـاڵی 1928دا (خواجـە داینـاری کـوڕی شەلەمۆ) موختاریان بووە.[1]

گـەڕەکی جوولەکـەکان چـەند کـۆڵانێکی هـەبووە: ئـەتراق کـەنیشـتە، جادەی کەنیشتە، بەرامبەر کەنیشتە، بـەرماڵی شـلۆمی، بـەر ئاشـەکەی هاروون، بەرماڵی سەعدە ئیسحاق، پشت ماڵی سەعدە ئیسـحاق، سـەر شـیوەکە، جـادەی بـەرماڵی حاتـان پێـك هـاتووە.[2] هـەر بـە تەنیشـت گەڕەکەکەشـیانەوە، گۆڕسـتانێکی تایبـەت بـە خۆیـان هـەبووە کـە بـە

---

(1) ئـەم بیروبۆچوونانە، لـە وەڵامـی چەندپرسـیارێکدا هـاتووە کـە بەشـێوەی نووسـراو لەلایــەن لێکۆڵــەرەوە ئاراســتەی (جــەمال بابــان) کــراوە و نــاوبراویش لــە ڕۆژی 2013/3/10 بـە نووسـین وەڵامـی داوەتـەوە. ئـەم زانیارییەشـی لـە پـەراوێزی کتـێبی (سلێمانی شـارە گەشـاوەکەم، بـەرگی 3، چـاپی دووەم، چـاپخانەی ئـاراس، هـەولێر، ل470) نووسیوە.

(2) شـەجەرەی بنەماڵـە دێرینـەکانی سلێمانی (بنەماڵـە دێرینـەکانی سـلێمانی لـە نێوان ساڵانی 1784-1914)، ل1491

گۆڕستانی (گـردی گـۆڕە جوولەکـە) نـاوبراوە و کەوتووەتـە (سـەروو گەڕەکی جوولەکان لەخوار مەلعەبەکەوە.)[1]

واش دەوترێـت کـە ئەوسـا جوولەکـە نـەدەبوو مـاڵی لـەناو مـاڵی موسـوڵمانەکاندا دروسـت بکـات، بـەڵکو هـەموویان کۆکردبوونـەوە لـە خوار شارەوە گەڕەکێك هەر ئەوانی تێدابوو.[2]



نەخشەی شاری سلێمانی لە ساڵانی سی سەدەی ڕابردوودا(□)

---

(1) سـلێمانی شـارە گەشـاوەکەم، جـەمال بابـان، بـەرگی1-2، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2012، ل372

(2) ڕاو و شـکار، عەبدولغـەفوور مـەلا عـەلی، چـاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی، هەولێر، 2008، ل64



نەخشەی دێرینی شاری سلێمانی[1]

(1) ئەم نەخشەیە لەلایەن (وەستا عەباسی دارتاش) ـەوە کێشراوە کە خۆی لەوکاتانەدا ژیاوە و کتێبێکی لەسەر شاری سلێمانی نووسیوە و وەك بیرەوەری باسی گەڕەك و پیشە و گەلێ بابەتی تری شارەکە دەکات لە سالانی سی سەدەی ڕابردوودا. بڕوانە (سلێمانی لە بیرەوەریەکانمدا، عەباس مەلا ئیبراهیم حافظ "وەستا عەباسی دارتاش" ؟ ، 1999، ل127)

(2) مجلة کاروان، العدد 54، السلیمانیة دراسة في جغرافیتها التأریخیة، فؤاد حمة خورشید/ شاری سلێمانی 1918-1932، ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، چ1، سلێمانی، 2002، ل276




نەخشەی نوێی شاری سلێمانی[1]



گەڕەکی جوولەکان – 2013

---

(1) iraqmap.org/kurdistan-sulaymaniyah-map



ڕووکاری دەرەوەی ماڵێکی جوولەکە– 2013



مزگەوتی جوولەکان (شێخ عەباسی یەکەم)– 2013



گەڕەكی جوولەكان بەشێوەیەك لە شارەكە دابڕاو بووە كە بە دەرەوەی شار ئاماژەی بۆ كراوە، لەم بارەیەوە (ڕەشید شەوقی)[1] وەك یەكەم یادداشتنووسی كورد كە بەزمانی كوردی یادداشتی نووسیبێت[2] دەنووسێت: ڕۆژێك لەگەڵ ژنە خزمێكی نەخۆشم چووم بۆ گەڕەكی جوولەكان بۆ لای ژنە دكتۆرێك كە ناوی (فەرحە)بوو. جا ئەو فەرحەیە دوو كچی بە ناوەكانی (خانم)و (ڕەیحان)ەوە هەبوو. هەردووكیان تەمیز و جوانكەلە بوون. هەتا لەوێ بووین، كچە گەورەكەی كە بەقەد من بوو،[3] چاوی تێ بڕیبووم و نەیدەتروكاند، منیش هەروا سەیرم ئەكرد. ئیتر هاتینەوە بۆ ماڵەوە بۆ ناوشار.[4]

---

(1) ڕەشید شەوقی كوڕی سەعید شەوقیی كوڕی قادر ئەفەندییە. لە سلێمانیی و لە ساڵی 1903 لەدایك بووە. ئەفسەری عوسمانیی و سەردەمی حكومەتی شێخ مەحموود و دواتریش سوپای ئێراق بووە. لە 1967/10/18 كۆچی دوایی كردووە. (بەسەرهاتووی كاكە ڕەشید شەوقی، ئامادەكردنی: سدیق ساڵح، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوكردنەوە، چ1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، 2003، ل65)

(2) چەند كەسێكی تریش بە زمانی كوردی بیرەوەری خۆیان نووسیوەتەوە، وەك: مەلا محەممەدی چروستانی، ڕەفیق حیلمی، ئەحمەد تەقی، ئەحمەد خواجە و زێوەر جگە لەوەی كە لە ڕووی مێژوو و كاتی نووسینەوە، بیرەوەرییەكانی ڕەشید شەوقی لە هەموویان لە پێشترە، لە ڕووی ناوەرۆكیشەوە بیرەوەرییەكانی ڕەشید شەوقی تایبەتن بە كەسێتی خۆیی و هی ئەوان، تایبەتن بە شۆڕشەكانی كورد. مستەفا سائیب توانیوێتی لە 1929/4/10دا یەكەم یادداشتی خۆی بنووسێتەوە، بەڵام لە باسی چەند ڕۆژێك بەولاوە، تێنەپەڕیوە. بڕوانە (بەسەرهاتووی، ل9–13)

(3) وەك لە پێشتری یادداشتەكەدا هاتووە، ڕشید شەوقی لەم كاتانەدا لەتەمەنێكی لاویدا بووە و لە پۆلی دووی مەكتەبی عەسكەری بووە.

(4) بەسەرهاتووی كاكە ڕەشید شەوقی، ل139

(نالی)[1] شاعیریش لەو چامە شیعرییەی کە گوایە بۆ سالمی نووسیوە و مێژووەکەی بۆ دوای دەسەڵاتدارێتی میرنشینی بابان (1850) دەگەڕێتەوە، هەواڵی چەند جێگە و شوێنێکی شارەکە دەپرسێت، بەڵام دوور و نزیك ناوی ئەم گەڕەکە نابات و تەنها دەنووسێت:

ئێستەش بە بەرگ و بارە عەلەم داری (شێخ هەباس)
یا بێ نەواو و بەرگە گەڕاوە بە شەخسی عوور؟[2]

لە لێکدانەوەی ئەم دێڕەشدا وا هاتووە (شێخ هەباس، یەکێك بووە لە سەیدەکانی بەرزنجە، گۆڕەکەی زیارەتگای خەڵکە و کەوتووەتە داوێنی سلێمانییەوە، جاران بەو دەوروپشتەیان دەوت گەڕەکی جوولەکان، ئێستا پێی دەڵێن گەڕەکی شێخەباس.)[3]

---

(1) لە کتێبی (نزهة الفکر)ی (ئەحمەد محەممەد حەزراوی)یە کە لەباسی نالیدا وا هاتووە (قدم مكة سنة نيف و ثمانين و مئتين و ألف... الرجل صاحب فضل و علم مع انكسار و شيبة بهية و خمول.) نزهة الفكر، تأليف: أحمد محمد الحضراوي المكي الهاشمي، حققه: محمد المصري، القسم الأول، دمشق، 1996، ص 257 واتە (لە ساڵی هەزار و دوو سەد و هەشتا و ئەوەندە " 3-9" -کە دەکاتە 1865-1874 زایینی- هاتووەتە مەککە...

(2) دیوانی نالی، ل185

(3) هەمان سەرچاوە، ل185



گەڕەکی جوولەکان 1983[1]



گەڕەکی جوولەکان 1983

---

(1) ئەم وێنانە لە ئەرشیڤ و کامێرای (ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە)وە وەرگیراوە کە لە وێنەگرتنی (جەمال کابان)ی برای هونەرمەندان (کەریم کابان) و (قادر کابان)ی هونەرمەندن.



گەڕەکی جوولەکان 1983



گەڕەکی جوولەکان 1983



گەڕەکی جوولەکان 1983



گەڕەکی جوولەکان 1983



گەڕەکی جوولەکان 1983



گەڕەکی جوولەکان 1983



گەڕەکی جوولەکان 1983



گەڕەکی جوولەکان 1983



گەڕەکی جوولەکان 1983



گەڕەکی جوولەکان 1983



گەڕەکی جوولەکان 1983



گەڕەکی جوولەکان 1983

# بەشی سێیەم

# پێگەی فەرهەنگی جوولەکەکانی شاری سلێمانی

# پێگەی فەرهەنگیی جوولەکەکانی ناو شاری سلێمانی

سەبارەت بە ناسین و شوێنەواری ژیان و مێژووی جوولەکەکانی کوردستان (اریك براور)[1] دەنووسێت: ئەوان هیچ گرنگییان بە مێژووی خۆیان نەداوە و هیچ تۆمارێکی مێژووییان بۆ بەجێ نەهێشتوین.[2] بەڵام لەڕوانگەی پێکەوەژیان و تێکەڵاوییان لەگەڵ موسوڵمان و مەسیحییەکانی ناو شاری سلێمانییدا، دەتوانیین تیشك بخەینە سەر چەند لایەنێکی کەلتووریی و فەرهەنگییان کە تا ڕادەیەکی زۆر بووە بە خاڵی ناسینەوەی تایبەتمەندییان:

## یەکەم: لایەنی ئابووریی و بازرگانی:

بەشێوەیەکی گشتی ژمارەیەکی زۆرکەم لە جوولەکەکان لە لادێکاندا ژیاون و زۆربەیان لە شارەکاندا بوون، هەر لەبەر ئەوەشی کە کەمتر موڵکیان هەبووە، کەمتر کاری کشتوکاڵیان کردووە و زۆرتر

---

(1) اریك براور: زانای ئەنسرۆپۆلۆژی لە ساڵی 1895 لە بەرلین لەدایك بووە. پێش ساڵی مردنی لە 1942 دا چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ جوولەکەکانی کوردستاندا کردووە و دواتریش رافائیل پاتای وەك ئەنسرۆپۆژییەك و مێژوونووسێك کارەکەی تەواو کردووە و لە ساڵی 1947دا (یهود کردستان) ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عیبریی و بڵاوی کردووەتەوە. (یهود کردستان، اریك براور و رافائیل پاتای، ترجمة: شاخوان کرکوکي و عبدالرزاق بوتاني، دار ئاراس للطباعة و النشر، اربیل، 2002، ص60ص27،26،25)

(2) یهود کردستان، اریك براور و رافائیل پاتای، ترجمة: شاخوان کرکوکي و عبدالرزاق بوتاني، دار ئاراس للطباعة و النشر، اربیل، 2002، ص60

خەریکی کاری بازرگانیی و دوکانداریی و دەستگێڕیی بوون، هەروەك کەمتریش ڕوویان لە کاری فەرمانبەریی و پۆلیسی کردووە. دوور نییە ئەمەش لە باوەڕ و نەریتی ئایینییانەوە هاتبێ؟ چونکە ئەوان بەپێی ئایینەکەیان بەڵێنیان پێ دراوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆ خاکی بەڵێن پێ دراو دەگەڕێنەوە.[1] بۆیە هەر لەگەڵ دروستکردنی شاری سلێمانییدا و بەپێچەوانەی هۆکاری سەرەکی کۆچکردنی کوردە موسوڵمانەکان لە قەلاچوالان و شوێنەکانی ترەوە بۆ ناو شارەکە کە هۆکاری ڕامیاریی و بازرگانی و کۆمەڵایەتی بووە، بەتەنها و لەبەر هۆکاری ئابووریی و بازرگانی جوولەکەکان ڕوویان لە شارە نوێیەکە کردووە، بەتایبەت ئەو جوولەکانەی کە دەستڕەنگین بوون و توانایەکی تاڕادەیەك باشتریان لە چاو جوولەکەکانی تردا هەبووە. هەر لەبەر ئەمەشە کە لەشاری سلێمانیدا، جوولەکەکان بە بەشێکی دیار لە دەوڵەمەندەکانی شار ژمێردراون و لەباری بازرگانییدا زۆر چالاك و وریابوون و لە بازاڕی شارەکەدا دەستڕۆیشتووبوون.

تا ئەوان لەسلێمانیدا بوون و نەگەڕابوونەوە بۆ وڵاتی خۆیان، پیشەی زەڕنگەری کە پیشەیەکی دیارە و پێویستی بە سەرمایەیەکی گەورە هەیە، بەشێوەیەکی ڕەها لەدەست جوولەکەکاندا بووە.[2] بەناوبانگترین زەڕنگەر و زیوگەری شارەکە لەناوجوولەکەکاندا بووە کە ناوی (ڕوفائیل) بووە و دوکانەکەی لە جادەی (تازە) واتە

---

(1) مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان دا، شاسوار.خ.هەرشەمی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ2، سلێمانی، 1999، ل198

(2) جولەکەکانی شاری سلێمانی، بەرزان ئەحمەد کوردە، چاپخانەی ڕوون، لە بڵاوکراوەکانی بەشی ڕوناکبیری مەکتەبی ڕێکخستنی ی ن ك، سلێمانی، 2007، ل53

(مەولــەوی) ئێســتا بــووە، چــەند کەســێکی تریشــیان هــەبووە کــە دوکانەکانیان لای کۆڵانی (ئەحمەدی)یەوە بوون، واتە بەرامبەر حەوزە وشکەکەی ئێستا.(1)

بەپێچەوانەی ئەو پەند و باوانەی لەسەر چروکیی و دەستنوقاویی دەوڵەمەنــدە جوولەکەکانــەوە دەوترێــت، ئــەوان بەشــدارییان لــە یارمەتیـدانی دارایـی و بـاربۆی ڕووداو و کارەسـاتانەدا کـردووە کـە بەسەر شارەکە و کورددا هاتووە...

بەشێکی زۆری کاروباری بازرگانی شار و شارۆچکەکانی تریشیان لە سلێمانییەوە بەڕێ کردووە. لەم بارەوە (مێجەرسۆن) ئەو هۆکارە دەخاتـە ڕوو کـە توانـا و هێـزی بازرگانییـانی بـۆ هێناونەتـە دیـی و دەنووسێت: سـەلیقەی بازرگـانی کوردەکـان بـۆ کـار و پیشـەیەك کـە ئارامیی بوێت گونجاو نییە، هەر ئەمەش وایکردووە کە ڕازی بن بە بـوونی مەسـیحیی و جوولەکـە لەناویانـدا، بـۆ نموونـە هـەموو جـۆرە بازرگانییــەکی تاکفرۆشــی لــە کــەرکووك و هەڵەبجــە و پێنجــوێن و سلێمانیش لەژێر دەستی جوولەکەکاندایە.(2) بۆ ئەم مەبەستەش زۆر بەباشـی خۆیـان گونجانـدووە و تایبەتمەنـدی کارەکـەیانیان ڕەچـاو کـردووە، بـۆ نموونـە لـەناو ماڵ و پەرستگاکاندا بـەجۆرە ئارامییـەکی کۆن کە پێی دەوترێت سریانی (واتـە: ئاشووری) قسـەیان کـردووە،

---

(1) گۆڤاری سلێمانی، ژمارە 11-12، مایس و حوزەیرانی 2001، نووسینێکی ئــەکرەم ســاڵح ڕەشــە، ل40/ گۆڤــاری ســلێمانی، ژمــارە 7، 2000، ئەوســای جولەکەکان لە سلێمانی و ئێستایان لە ئیسرائیل لەگەڵ ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە.

(2) رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكوردستان، تأليف: ميجرسون، ترجمة: فؤاد جميل، الطبعة1، ج1، بغداد، 1970

بـەڵام لـە کۆمەڵـە فراوانەکانـدا، بەتایبـەتی سـەبارەت بـە کاروبـاری بازرگانی، بەکوردی دوواون.[1] و مامەڵەیان کردووە.

بەوپێیەی کە خواردنەوەی بێهۆشکەر لە ئایینی جوولەکـەدا حـەرام نییە، بەشێك لە جوولەکـەکانی شاری سلێمانی لـە ماڵـەکانی خۆیانـدا شــەراب و مــەییان دروســت کــردووە و فرۆشــتویانە. (د. بێســتون) دەگێڕێتــەوە کــە چــەند مــاڵێکی جوولەکــە لەماڵــەوە شــەراب و خواردنــەوەیان دروســت کــردووە و لێیــان فرۆشــتووە.[2] بــاجی (ڕەحمە)یـەك هـەبووە کـە ئـارەقی فرۆشـتووە و گەنجـە کوردەکـانیش ڕۆشتوون بۆ گەڕەکی جوولەکان بۆ لایـی و لـەوێ ئارەقیان لا کڕیـوە و هەر لە گەڕەکی جوولەکانیش ئارەقەکـەیان خواردووەتـەوە؟ چونکە لـە گەڕەکەکانی خۆیاندا ئارەقفرۆش نەبووە.[3]

یـەکێکی تـر لـەو بنەمایانـەی کـە جوولەکـەکان لـە کـاری بازرگانیـدا پێڕەوییان کردووە، پارەدان بووە بە (سوو) و شت فرۆشتن بووە بە قەرز. (مەلا نووری عەلی ماستاو) ئەوە دەگێڕێتـەوە: خـۆم و باوکیشـم

---

(1) جوولەکەکانی کوردستان ناوی هەندێ شوێن و شاری کوردستانیان بـەناوی عیبریی و شوێن و شاری ئیسرائیلی هێناوە، وەك: أربیل=الیخوش، اکرێ=أیکرون، موصل=اشــور، کرکــوك=کیلاە، تەنانــەت لــە هەنــدێك سەرچــاوەی عیبریــدا، زاخۆ=أورشلیمی کوردستان هاتووە. بڕوانە The folk p16-17 yona sabar, literature of kurdistani jew,

(2) بەرنامــەی دیرۆکــی کــەناڵی گــەلی ئاسمــانی گــەلی کوردســتان، لــە ســێ بەشــدا بەرنامەکی سەبارەت بە جوولەکەکانی کوردستان تۆمار کردووە و چەند کەسێك چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە کە یەکێکیان (د.بێستون)یە.

(3) چــاوپێکەوتن لەگــەڵ (مــەلا نــووری عــەلی ماســتاو) ڕۆژی پێنجشــەممە 2013/6/20 ناوبراو ساڵی 1930 لەگەڕەکی سەرشەقام لە سلێمانی لەدایك بووە.

مامەڵـەی بازرگانیمـان لەگـەڵ جوولەکـەکانی شـاردا هـەبوو. هـەموو جوولەکەکان لە بازرگانییدا وریا بوون و شتیان بە قەرز پێمان دەدا. لەوانـەی کـە لـەبیرم بێت: (خواجـە وسـوو)ی بازرگـان هـەبوو کـە ئێمـە بـەزۆری لەگـەڵ ئـەودا مامەڵـەمان دەکـرد. (خواجـە لاوە)ی دەسـتگێڕ هـەبوو کـە بـە گـەڕەکی (سەرشـەقام)دا دەهـات و شـتی دەفرۆشـت. زەڕنگەرێکی کارامەش هەبوو بەناوی (مەردەخای)یەوە.(١)

لـە تۆمـارێکی شـارەوانی سـلێمانیدا کـە مێـژووی بـۆ 1919–1922 دەگەڕێتەوە، زانیاری لەسەر ئاماری خانووەکان و ناوی خاوەن و کرێچی و بـەهای هەریەکـە و کرێـی مانگانەیانـە و نـاوی ژنـان و پیـاوان و کـوڕان و کچانی تەمەن ژوور و خوار 16 ساڵیان بە کرێچی و خاوەن ماڵ و پیشـەی گەورەکانەوە هاتووە. لەم تۆمارەدا چەند ئەنجامێك بۆ ئێمە گرنگە:

ژمـارەی ژنـان: 160 لەوانـە 11یـان بێـوەژن. ژمـارەی پیـاون: 249 لەوانە 65یان سەڵتی تەمەن ژوور 16 ساڵ و 4یان بێوە پیاو. ژمارەی ئـافرەتی شـوو نـەکردووی تەمـەن ژوور 16 سـاڵ 24 کـەس. ژمـارەی کوڕی تەمەن خوار 16 ساڵ 104. ژمارەی کچی تەمەن خوار 16 ساڵ 75. ژمـارەی جوولەکـەی خـاوەن مـاڵ و کرێچـی کـە ناویـان هـەر لـە لیستی خانووەکانـدا هەیـە 54. ژمـارەی ئـەو جوولەکانـەی کـە ناویـان هـەر لـە سـێیەم بەشـی تۆمارەکـەدا هەیـە 6. کـۆی جوولەکـەکانی نـاو شاری سلێمانی 672 کەس بووە.(٢)

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ (مەلا نووری عەلی ماستاو)

(2) تۆمارێکی شارەوانی ی سلێمانی 1919–1922، ل20

لەناو ئەم ژمارە جوولەکەیەی ناو شاری سلێمانیدا و هەر لەم تۆمارەدا، 19 پیشەی جۆراوجۆری کاری پیاو و کوڕانی سەڵتی تەمەن ژوور 19 ساڵ بەم شێوەیە هاتووە:

31 عەتار، 3 ڕەنجبەر، 4 خەیات، 8 قەزاز، 1 مەیخانەچی، 2 موعەلیمی میللەتی مووسەوی، 33 چەرچی، 9 توجار، 6 قۆڵچی ڕسوومات، 1 مەئموور، 40 بەزاز، 1 شاگرد بەزاز، 5 خومخانەچی، 2 سەڕڕاف، 1 قۆنتەراتچیی عەرەق، 1 چاوشی پۆلیس، 37 زەڕنگەر، 3 شاگرد زەڕنگەر، 2 قەساب، 63 ئیشی نەزانراوە.(1)

جۆری پیشەکان و ژمارەی جوولەکەی سەرقاڵی هەر پیشەیەکیان وای پیشان دەدەن کە ئەوانە لەو ڕۆژگارەدا چەند ئیشێکی هەرە گرنگی وەك زەڕنگەری، بەزازی، عەتاریی و توجارییان هەبووە و لەچاو ژمارەی کەمی خۆیاندا چمکێکی دیاری بازاڕیان بەدەستەوە بووە و بەگشتی گوزەرانیان بە بەراورد لەگەڵ هی گەڕەکێکی تری وەك (چوارباخ)دا باشتر و دامەزراوەتر بووە. لەبەر ئەوەشی کە مەئمورێك و چاوەشێکی پۆلیس زیاتریان لەو ئامارەدا نەبووە. دیارە خۆیان لە قەرەی وەزیفەی حکوومی نەداوە و بەکاری ئازادەوە خەریك بوون.(2)

بەم پێیەش ئەو بۆچوونەی (اریك براور) دەسەلمێت کە: جوولەکەکانی کوردستان لەیەك شەریحەی دیاریکراوی ئابووری وڵاتدا دەرنەکەوتوون و زۆرترین جوولەکە لە شارەکاندا بوون و هەندێکیشیان لە گوندەکاندا ژیاون. بازرگان و خاوەن زەویی و

---

(1) تۆمارێکی شارەوانی ی سلێمانی 1919-1922، ل20-21

(2) هەمان سەرچاوە، ل21

جوتیاریشیان هەبووە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە لە کوردستاندا و بەپێی یاسای ئیسلام ڕێگە نادرێت جگە لە موسوڵمان خاوەنداریێتی زەویی هەبێت و بینا لەسەر زەوی دروست بکات...[تر]

بەگشتی جوولەکەکانی شار، خەریکی کاری بازرگانیی و کاسپی بوون. زۆربەی دووکانی جوولەکەکان کەوتبووە قەیسەریی و بازاڕی گەورەی شارەوە، تاك و تەراش لەشوێنی تردا دووکانیان هەبووە. (سیمانە و یاقوب) ناوێك دووکانی کوتاڵی ژنانەی هەبووە. یەکێکی تر لەو جوولەکانەی شار (خواجە نەسیمی عەتتار) بووە کە دووکانەکەی لە قەیسەری نەقیب بووە و بایی هەزاران دیناری ئەو ڕۆژگارە شتی تێدابوو. هەموویان گوزەرانیان باش بووە. تەنها یەك هەژار و دەستکورتیان هەبووە بە ناوی (ڕەحیمە جوو)ەوە کە سواڵی کردووە و تەنانەت منداڵەکانیشیان خەریکی کاسپی بوون و ئیتر کەم دەرامەتەکانیان لە نیمچە سندوقێکی تەختەدا کە بە قایشێکی ڕاست و چەپدا لەملیان کردبوو، وردەواڵەی جۆراوجۆریان بە نرخێکی کەمتر لەوەی کە لەبازاڕ هەبوو دەفرۆشت.[یر]

لەئەوسای شاری سلێمانییدا، نەدەبوو ژنی موسوڵمان بچنە بازاڕ بۆ شت کڕین، مەگەر بە دەگمەن، بۆیە چەند جوولەکەیەك لە خام چارەکەیەکی گەورە بە قەبارەی مەتر و نیو دروست دەکرد و پڕیان

(1) یهود کردستان، اریك براور و رافائیل پاتای، ترجمة: شاخوان کرکوکي و عبدالرزاق بوتاني، دار ئاراس للطباعة و النشر، اربیل، 2002، ص243

(2) ئەم بیروبۆچوونانە، لە وەڵامی چەندپرسیارێکدا هاتووە کە بەشێوەی نووسراو لەلایەن لێکۆڵەرەوە ئاراستەی (جەمال بابان) کراوە و ناوبراویش لە ڕۆژی 2013/3/10 بە نووسین وەڵامی داوەتەوە.

دەکرد لە چەند تۆپێك چیت و بلوریی و خام و سرکەیی و قوماشی کەتان، گرێیان دەدات و دەیان دا بە کۆڵیاندا و کۆڵانە و کۆڵان دەسورانەوە و هاواریان دەکرد (کوتااااڵ) ئینجا ژنانیش ئەوەی بیویستایە دەهاتە ناو دەرگەی دەرەوەی ماڵەکەیان و کابرای جووش کۆڵەکەکەی دادەنا و دەیکردەوە پیشانی دەدان، ئیتر چی جۆرە قوماشێك پێویست بوایە لێیان دەکڕی ئیتر نەدەبوو بچن بۆ بازاڕ، هەندێك جار مێردەکانیان یاخود پیاوەکانیان لەسەر زەوقی خۆیان و لەسەر وەسفی ژنەکان بۆ دەسماڵ و کراس خۆیان قوماشیان بۆیان دەکڕی و بۆیان دەهێنایە ماڵەوە.... هەندێك جوولەکەی تریش سندوقی سەرنەگیراوی زۆر قووڵ بە ئەندازەی 10سم، 75سم پان و یەك مەتر درێژ، ناوەی خانەخانەکراو بوو بە تەختەی تەنك و پڕیان دەکرد لە بازن و ئەموستیلە و دەرزیی و شانە و شقارتە و بنێشت و شتی تری ژنانە و بە کۆڵانەکاندا دەسوڕایەوە. سندوقەکەی بە قایشێکی قایم ئەملاوئەولای بە بزمار قایم دەکرد و دەیکردە شانییێکیی و ملی پێدا دەکرد هەڵی دەکرد و دەگەڕا وهاواری دەکرد: کبریت (شقارتە) ئیتر ژنان دەردەپەڕان و چییان بویستایە لێیان دەکڕین.(1)

---

(1) ڕاو و شکار، عەبدولغەفوور مەلا عەلی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، 2008، ل65



وردەواڵە فرۆشێكی جوولەكە[1]

(ئەكرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە) ئاماژەی بە ناو و پیشەی چەند جوولەكەیەك كردووە كە لە شارەكەدا بوون:

**كۆڵگێڕەكان (دەستگێڕەكان):**

1- **ئوسو:** دەگەڕا بە كۆڵاناندا، تەختەیەك بەبەر كۆشەوە، زەمیلەیەك بەدەستەوە بازنی شووشەی ڕەنگاوڕەنگی دەفرۆشت.

---

(1) ئەم وێنەیە لەسەر بنەمای گێڕانەوە و لەلایەن هونەرمەند (جەباری لۆڤەر)ەوە كێشراوە و پێشكەش بە كاری ئەم كتێبە كراوە.

2- **ویسەی کوتاڵفرۆش:** بە خویی و مقەستێکەوە، کۆتاڵی دەدا بە شانیدا. هەرچی دەست بکەوتایە، دەیدا بە ئارەق و دەیخواردەوە و جڕتی لێدەدا بەقەد تۆپێك دەنگی دەهات.

3- **جریوە:** کوتاڵفرۆش بوو، بە خۆیی و مقەستێکەوە، بە کۆڵاناندا دەگەڕا. منداڵان دوای دەکەوتن و پێیان دەوت (هۆ جریوە جریوە جریوە... لایەکی گونت تەقیوە) ئەویش پێی دەوتن: لاکەی تری بە هینی دایکت...

4- **عەزە جوو:** کوتاڵفرۆش بوو، بە خویی و مقەستێکەوە، بە کۆڵاناندا دەگەڕا.

5- **سێوە:** کوتاڵفرۆش بوو، بە خویی و مقەستێکەوە، بە کۆڵاناندا دەگەڕا.[1]

**وێنەگرەکان:**

1- **یەهودا:** دوکانەکەی کەوتبووە تەنیشت مزگەوتی موفتی، بەرامبەر قوتابخانەی (فەیصەلیە)

2- **نووری:** بەرامبەر حەوشی سەرا بوو، لەماڵی حەسەنی دەوڵەت، هەر لەو حەوشەیدا وێنەی دەگرت. ڕۆژێك لەو شوێنەی خۆیدا خنکاندیان؟ چونکە پارەیان پێ شك دەبرد.[2]

---

(1) شاری سلێمانی، بەرگی1، ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە، دار الحریة للطباعة، 1987، ل374/ چاوپێکەوتنی (محەممەد مەردان) لەگەڵ (ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە) ڕۆژی 2014/7/20 لە سلێمانی.

(2) شاری سلێمانی، بەرگی1، ل497

**مەیخانەکان**:

1- **عەبدی بچووك**: لەخوار (سینەما سیروان)، بەرامبەر (چێشتخانەی تارا) بوو.

2- **ئادەم**: لەخوار (سینەما سیروان)، بەرامبەر (چێشتخانەی تارا) بوو.

2- **عەبدی گەورە**: لەخوار (سینەما سیروان)، بەرامبەر (چێشتخانەی تارا) بوو.(1)

(1)شاری سلێمانی، بەرگی1، ل499

## دووەم: هونەر و دەستڕەنگینی:

وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، دەستڕەنگینیی و کاری زێڕنگەریی و زیوگەریی جوولەکەکان لە پلەیەکی هونەریی بەرزدا بووە و بەشی هەرە زۆری ئەو خشڵ و ئامرازانەی کە بۆ خۆڕازاندنەوە دروستکراون، لەلایەن جوولەکەکانی شارەوە دروست کراون و ئەگەر سەیری ئەو کارە دەستییانە بکەین، کە تا ئێستا ماونەتەوە و جوانترین نەخشی کۆنی لەسەرە، لە ئیشی جوولەکەکان بووە.(١)

هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە موسوڵمانەکان ئەم کارەیان بەپێی ئایەتی ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّ كَثِيراً مِّنَ الأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾(٢) وا لێکداوەتەوە کە گوناحەی لەدوایە. بۆیە لەکۆتایی سەدەی نۆزدە و دەستپێکی سەدەی بیستەمدا لەبازاڕی شاری سلێمانیدا، جوولەکەکان دەستیانگرتبوو بەسەر پیشەی زەڕنگەریی و زیوگەریدا، کە لە هەموو بازاڕە تایبەتەکەدا 8 دووکانی پیشەوەری هەبوون

---

(1) گۆڤاری سلێمانی، ژمارە 11-12، مایس و حوزەیرانی 2001، نووسینێکی ئەکرەم ساڵح ڕەشە، ل40/ گۆڤاری سلێمانی، ژمارە 7، 2000، ئەوسای جولەکەکان لە سلێمانی و ئێستایان لە ئیسرائیل لەگەڵ ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە.

(2) سورەتی (التوبە) ئایەتی 34

و 7 یان جوو بوون. کوردێکی موسوڵمان دوکانێکی زێڕنگەری کردەوە و پاش مانگێك ناچاربوو دایبخات؟ چونکە کەس بەلای ئەودا نەدەهات.[تر]

تەنانەت ئەو جوولەکانەشی کە لە نزیك شارەکە بوون و نەهاتوونەتە شارەکەوە، هەمان کاری زەڕنگەریی و زیوگەرییان کردووە و خەڵکی شارەکەش ڕوویان لەمانیش کردووە. لەمبارەیەوە (زەکیە ڕەشید محەمەد) دەنووسێت: لە سەرەتای پەنجاکاندا هەندێ جوولەکە لە قەرەداغ و پێنجوێن مابوون و زیاتر ئیشی زیویان دەکرد، چوومە لایان و گۆبەرۆکێکی زیویان بە دینار و ڕوبعێك بۆ دروست کردم.[یر]




زێڕ و زیوگەریی و مافوورچنینی جوولەکەکان لە سلێمانی[سم]

---

(1) The Jewish Encyclopedia New York 1902 Artikel, Gold- und Silberschmiede, Kurdistan ئەم بەشەم لە کتێبی (شاری سلێمانی ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان، ل168) وەرگرتووە.

(2) نەریت و کلتووری کوردی، زەکیە ڕەشید محەمەد، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2012، ل150

(3) (ئۆرا شڤارتس بێئێری) ساڵی 1974–1977 چاوپێکەوتنی لەگەڵ 350 خێزان لەو کوردە جوولەکانەدا کردووە کە لە ئێراقەوە بۆ ئیسرائیل ڕۆیشتوون و



نموونەی خشڵی شاری سلێمانی لەساڵی 1920دا[1]

دەربارەی ژیانی ڕۆژانە و دابونەریت و هونەر و پیشەیان پرسیاری لێ کردوون و زانیاری کۆکردووەتەوە و ئەم بەرهەمەی ساڵی 1981 پێشکەش بە مۆزەخانەی ئیسرائیل کردووە و لە جوولەکە نیشتەجێبووەکانی کوردستان. بڕوانە:
The Jews of Kurdistan, Ora Schwartz Beeri, 2003, England, p12-13
(1) لە کتێبی ( Rudolf berliner & paul borchardt silberschmiedearbeiten aus Kurdistan Berlin1922) ەوە وەرگیراوە کە منیش لە کتێبی (شاری سلێمانی ململانێی گروپەکۆمەڵایەتییەکان، ل169) م وەرگرتووە.



نموونەی خشڵی شاری سلێمانی (1)

(زەکیە ڕەشید محەمەد) سەبارەت بە خشڵی کوردی دەنووسێت (لەسەرەتای دروستکردنیەوە جوولەکە بە زیوو دوایی بە ئاڵتون دەستیان پێکردووە و لەژێر هیچ ناونیشانێکی خۆیاندا دروستیان نەکردووە، بە ڵکو بە ناوی کوردییەوە ناو دەبرا وەك : گەردانە، پەروانە، سەپەرچەم، حێل و مێخەك، گۆبەرۆك...)(2)

هەروەك چۆن لەبواری بیناسازیی و هونەری ڕازاندنەوەی خانووەکانیشیاندا ئەمە دیارە و دەستڕەنگینترین وەستایان هێناوە و خانووەکانیان پێ دروستکردوون و ئەمەش زەوق و ئارەزووی ئەوان

(1) ئەم پارچە خشڵە لەلایەن (حاجی نەجمەدین)ی دانیشتووی شاری سلێمانییەوە لە گۆڕێکی جوولەکە لە (کانی خان) دۆزراوەتەوە و ڕۆژی یەکشەممە 2014/1/19پێشکەشی لێکۆڵەری کردووە.

(2) نەریت و کلتووری کوردی، ل73

نیشـان دەدا بەرامبـەر بـە هونەرەکـە و شـوێنەواری چـەند خانوویـەك ماونەتەوە کە شوێنەواری ئەم دەستڕەنگیینییەیان پێوە دیارە.

تەنانـەت دەگێڕنـەوە کـە نەخشـەی (سـینەما ڕەشـید)ی سـلێمانی لەلایەن جوولەکەیەکی بەغدادیەوە و لەسەر بنەمای بیناسازی مۆسکۆ نەخشەی کێشراوە.[1]

هـەر لـەبواری دەسـتڕەنگینیدا، ژمارەیـەك جوولەکـە خـەریکی کـاری جـۆلایی بـوون و ئامـاژە بـە کـاری جـوانی دوو وەسـتا دەکرێـت بـە ناوەکانی (ڕەحیمە جوو) و (شەومیر) لە مەیانی ماستەکە.



نموونەیەك لەکاری بیناسازی ماڵە جوولەکە

(1) چـاوپێکەوتنی (محەممـەد مـەردان) لەگـەڵ (ئـەکرەمی سـاڵحی ڕەشـە) ڕۆژی 2014/7/20 لە سلێمانی.



نموونەیەك لەكاری بیناسازی ماڵە جوولەكە



نموونەیەك لەكاری بیناسازی ماڵە جوولەكە



نموونەیەك لەكاری بیناسازی ماڵە جوولەكە



نموونەیەك لەكاری بیناسازی ماڵە جوولەكە

## سێیەم: هونەری گۆرانی:

جوولەکەکان بەگشتی لە ئێراق و کوردستاندا، ئەگەر دامەزرێنەر و دەستپێشخەری بواری هونەری نەبووبن، ئەوا لەڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانەبوون کە بەهرە و خولیای هونەرییان هەبووە، بەتایبەت هونەری گۆرانیی و موزیك. هەر بۆ نموونە، پاش کردنەوەی بەشی کوردی لە ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا، سەرنج دەدەین کە زۆربەی ئەندامانی تیپی مۆسیقای ئێزگەکە، لە کەسانی جوولەکە بوون. هەروەکو (باکووری) هونەرمەند دەنووسێت: تیپی مۆسیقای ئێزگەکە هەموویان جوو (یەهودی)بوون! هێشتا مۆسیقاژەنی عێراقیی و ئیسلام پەیدانەبووبوون، تا ئەوکاتانەی کە پەیمانگای هونەرە جوانەکان دامەزرا، ئینجا ژمارەیەك لە موزیکژەن پەیدابوون.[1]

سەبارەت بە هونەری گۆرانیی و موزیك لە شاری سلێمانییدا، هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (عوسمانی خاڵە حسە) بەم شێوەیە باس لەو گۆرانییە باوانە دەکات کە لەو ڕۆژگارانەدا باو بووە:

بەشێوەیەکی گشتی دوو گۆرانی لە ڕۆژگاری ئێمەدا باو بووە و لەلایەن زۆربەی خەڵکەکەوە دەوترانەوە، یەکێکیان گۆرانی (ڕەعنا بووکی گوڵ بووی لەباخم کەنی) و ئەوی تریان گۆرانی (چەلەبان) بوو. بەپێی ئەوە بێت کە خوالێخۆشبوو (مچە حاجی) بۆی گێڕاوەمەتەوە، تەمەنی ئەم گۆرانییانە دەگاتە سەد ساڵێك. گۆرانی

---

(1) مێژووی دامەزراندنی ئێزگە، باکووری، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2009، ل63

(چەلەبان) زۆرتر باو بووە، کە گۆرانییەکی فۆلکلۆریی کوردییە و هینی جوولەکەکانە و ناوەرۆکەکەی لە چیرۆکی دڵداری کچ و کوڕێکی جوولەکەوە هاتووە. سەبارەت بە چیرۆکەکە وا دەگێڕنەوە کە:

ماڵی کوڕەکە، هەژار دەبن و ماڵی کچەکەش، کە ناوی (چەلەبان)ـە، زۆر دەوڵەمەند دەبن. کوڕەکە دەچێتە داوی کچەکە و لەبەر ئەوەی کە کوڕە هەژارە، کچەکەی نادەنێ... پاش ماوەیەك کچە دەدەن بە کوڕە جوویەکی ناشرینی دەوڵەمەند بە ناوی (حایووم)ـەوە. کاتێ کوڕەی هەژار ئەم هەواڵە دەبیستێت، دەچێتە بەردەم ماڵی چەلەبان و ئەم گۆرانییە دەڵێت.

ئیتر لەو کاتەوە ئەم گۆرانییە بڵاوبووەتەوە و بووە بە گۆرانی سەرزاری خەڵکیی و لە دانیشتن و بۆنەکاندا وتراوەتەوە. من ئەم گۆرانییەم لە کەپرەشینکەی جوولەکەکاندا وتووە. کاتی خۆی من ئەم گۆرانییەم لە (قالە شەلی کاك تۆفیق) وەرگرتووە کە برای خوالێخۆشبوو کاك (مەحموودی شلك) بوو:

قۆڵ بە بازی بەن، مل بە بەر موورەوە
پارچە پارچەم کەن، دێمە ژوورەوە
– چەلەبان چەلەبان ئەو کێیە زاوا؟
+ کاکۆڵ کرژ و لوول، (حایووم)ی ناوە
خۆزگەم بە کۆترەکەی دوێنێ، لەسەر پیرمەسوور دەخوێنێ
دۆستی خۆمە، نامدوێنێ، بۆ چ ناشماندوێنێ؟
– چەلەبان چەلەبان ئەو کێیە زاوا؟
+ کاکۆڵ کرژ و لوول، (حایووم)ی ناوە

**کـــــــۆتره باریکـــــــەی دەنـــــــووك عەباســـــــی**
**دوێـــــــنێ یـــــــارم بـــــــووی، ئـــــــەمڕۆ نامناســـــــی؟!**
**– چـــــــەلەبان چـــــــەلەبان ئـــــــەو کێیـــــــە زاوا؟**
**+ کـــــاکۆڵ کـــــرژ و لـــــوول، (حـــــایووم)ی نـــــاوە(تر)**

---

(1) **چاوپێکەوتنی (محەممەد مەردان) لەگەڵ هونەرمەند (عوسمانی خاڵە حسە) لە ڕۆژی** 2002/2/14 **لـە (کۆمەڵـەی کەلـەپوور و فۆلکلـۆری کـورد) هونەرمەنـدی ناوبراو ساڵی** 1929 **لە گەڕەکی دەرگەزێن لە سلێمانی لەدایك بووە و لە ساڵی** 2011/6/27 **کۆچی دوایی کردووە.**




نووسینەوەی نۆتەی گۆرانی (چەلەبان) (1)

---

(1) ئەم نۆتەیە لەلایەن هونەرمەند (خالید سەرکار)ەوە نووسراوە و پێشکەش بە کاری ئەم کتێبە کراوە.

وتنــەوەی ئـەم گۆرانییــە و ســەرزار کــەوتنی، ســنووری شــارەکەی بڕیــوە و بەهــەموو لایەکـدا بڵاوبووەتــەوە و بــەجۆری جیــاواز جیــاواز لەلای جوولەکەکان و خەڵکی تریش وتراوەتەوە. بۆ نموونە: لە شاری (هەڵەبجە) جوولەکـەکان بە زۆری لـە جـەژن و بۆنـە و ئاهەنگەکانیانـدا گۆرانی (چەلەبانیان) بەم شێوەیە وتووە:

چەلەبان، چەلەبان، ئەوە کێ بوو زاوا
بوکیــان بــۆ هێنــا، مــاڵی بــووك ئــاوا

هەروەها گۆرانی (خەنەبەندان)یشیان وتووە کە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

خەنـــە... خەنـــە بەندانـــە ئەمشـــەو
بەمەرگی براکەت لێمۆ هەرزانە ئەمشەو

هەر لە هەڵەبجە ئەم گۆرانییەشیان وتووە:

لەگــەڵ تۆمــە ئــەی کانییەکــە کــە میوانــت هــات زوو بــەڕێی کــە ئەگــەر گــەرم بــوو، بــەفری تێکــە، ئەگــەر ســارد بــوو، دووبــارەی کــە.(1)

جوولەکەکانی شاری سلێمانی نەك هەر دەستپێشکەر بوون لە دانان و وتـنی گۆرانییــەکانی ســەردەمەکەدا، بــەڵکو گەڕەکەکەشــیان بــووە بــە شانۆ و شوێنی وتنی گۆرانییەکان و لەلایەن کوڕە کوردە ئاشقەکانەوە ڕوویـان تـێ کـردووە و لـەوێ گۆرانییـان وتـووە؟ چـونکە لـە گـەڕەك و کۆڵانەکانی لای خۆیاندا گۆرانیوتن عەیبە بووە و سەرزەنشت کراون.

---

(1) گۆڤاری هەڵەبجە، ژمارە، 18، ساڵی 2009، ل36 بابەتی (سەرەتای هاتنی جوولەکە بۆ کوردستان، نووسینی: عادل سدیق)

لەم بارەیەوە (ڕەشید شەوقی) دەنووسێت: کە دەچووین بەرەو گەڕەکی جوولەکان، هەندێ لە هاوڕێیان تووشمان دەهاتن و بە کۆمەڵ دەڕۆیشتین. جێگا(گردۆڵکە)یەك لە نزیك ماڵی (مەزالە) و (باشێ) و (خانم)ەوە هەبوو، پشتی قەراغ شار دەغڵ بوو. لەبن گردۆڵکەکەدا کانییەك هەبوو(1) لەوێ دادەنیشتین... ئەوان هەریەکەیان بەدەنگە ناخۆشەکەیانەوە شتێکیان بە کورتی و کوردی دەوت! ئەنجا نۆرە دەهاتە سەر من و لە پێشا (ئۆف)ێکی بە پەردەی چریکاویم دەوت و هێشتا دەسم پێ نەکردبووەوە (خانم) دەرگای دەکردەوە و بە کراسی کەتان و کەوای شاڵی گوڵدارەوە ڕادەوەستا و سەیری دەکرد (مەزالە، باشێ، ڕەحلە، سەمحە و گوڵێ ...هد) بەردەگاکانیان دەگرت و دادەنیشتن.(2)

هەر (ڕەشید شەوقی) لە باسی هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکی جوولەکەکانی شار و چۆنێتی سازدان و دابونەریتی ئەم شادییانەدا دەنووسێت: دائیرەیەکی گەورە، لە ناوەڕاستدا دەهۆڵ و زووڕنا بە کوڵ لێی دەدا بۆ ئەو ژن و کچانەی کە دائیرەکەیان دروست کردبوو.

---

(1) شوێنی ئەو کانییەیە لە ئێستادا کەوتووەتە خوار یاریگای ئیدارەی خۆجێیی سلێمانیی لە نێوان گەڕەکەکانی شارەوانی و جوولەکان.

(2) بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی، ل148-149

ڕۆژی هەینی 2012/8/3 کاتژمێر 4:30ی پاش نیوەڕۆ (کتێبفرۆشی غەزەلنووس) لە سلێمانی، دیدارێکیان بۆ ئەزموونی هونەریی هونەرمەند (مەزهەری خالقی) ڕێك خست. لەم دیدارەدا خالقیش هەمان دیاردەی لە شاری (سنە)دا گێڕایەوە کە لە لایەن ئەو هاوڕێیانەیەوە بەتەمەن لە خۆی گەورەتر بوون هاندراوە تا لەبەردەم ماڵی دۆستانیاندا گۆرانی بڵێیت.

لەوبـەرەوە دوو کـچ و ژن و لەمبـەرەوە هـەروا و بـەنۆرە گۆرانییـەکی هەڵپەڕکێی (ڕۆینە) یان بە کوردی دەوت:

بـا بـترازێ ئـەو دوگمەیـە
بـا دەرکـەوێ ئـەو لیمۆیـە
سـەر و مـاڵم هـینی تۆیـە

جا بە دەنگی خۆش و زۆر دڵگیرەوە کە دەبرایەوە، کەڕەتێك دەوترا (دەڵێـت خـەو خۆشـە لەگـەڵ یـاران) و لەگـەڵ وتـەی (یـاران) دائیرەکـە چـەرخێکی دەخـوارد و بـەرز دەبوونـەوە، کـە دەنیشـتنە زەوی، ملوانکـەکانی ملیـان دەیـدا بەسـەر قوبـەی هەیاسـەکانیانا، دەنگێکـی خرمە پەیدا دەبوو، خورپەی بە دڵ دەکرد. لـەو ئانـەدا کـە کەوتبوومـە دەریـای حەیرەتـەوە، سـەیرم کـرد (قـادر بـەگ) بـە دەنگێکـی بـەرزەوە وتی: ئەوا هات، چاو کاڵ و لێو ئاڵەکەی خۆمان هـات و خەنجەرەکـەی ڕاکێشـاو کێشـای بـە بەڕەکـەی بەردەمیـدا، بەڕەکـەی بڕیـی و هـەتا مشتووەکەی بە گوێسوانەکەدا چووە خـوارەوە. هەنـدێکی تـریش لـە عاشقە ڕووتەکان بە دەنگێکی بەرزەوە وتیان: بە قووربـانی گوارەکـەی لە گوێ بین، گیان (خانم) گیـان. هـەر ئـەو ساتە (قـادر بـەگ) ڕووی تـێ کردم، وتی: کاکە ڕەشید، سەیری ئەو کچە کە هات کـە نـاوی (خـانمی حەکیم برایم)ـە و ئەم متورفەیە ئێمەی گرفتاری دەنگ و ڕەنگـی خـۆی کردووە، کچی کافرە! (1)

خـۆ ئەگـەر شـایی و زەماوەنـدی تایبـەت بـە خۆشـیان هەبوایـە، کوردەکانیان داوەت کردووە و لەم بارەیەوە (ڕەشید شەوقی) کە خـۆی

(1) بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی، ل143-144

بەشداری کردووە و داوەت کراوە دەنووسێت (کە چووینە ناو ماڵە شاییەکەوە، توویەکی گەورە سێبەری دابووە سەربانی حەوشەکە و لەوێ فەرش و جێگامان بۆ ڕێکخرابوو، بە پەیژە سەریان خستینە ئەو جێگایە کە بەرەو حەوشێ و هەیوانی ماڵ بوو، بە ڕیز لێی دانیشتین. مەوجوودمان بیست و یەك مەکتەبلی بوو. من لەئاخر ڕیزدا لەتەنیشت (قادر بەگ)ـەوە دانیشتبووم و کە سەیرم کرد ژنە جوولەکە هەموو خۆیان ڕازاندووەتەوە و سەیرمان دەکەن و بە پێکەنین و عیشوەوە هیچ شەرم ناکەن. لە حەوشەش دەهۆڵ و زووڕنا و ڕەشبەڵەك هەڵپەڕینە و بووکێش تارای سووری بە پوولەکە دراوە بەسەرا و لە هەیوان لەسەر کورسییەك قوت کراوەتەوە و ژن و کچ دەوریان داوە. هەر ژن یان کچێك هات و بچێ بۆ هەیوان بۆ لای بووکێ، ئەبێ بچێتە بەردەمی بووکێ ڕاوەستێ و بە دەنگ بڵێ (موبارەك بێ سەد جاران، ئای بووکێ موبارەکت بێ) وە هەر کە لێبووەوە، دانیشتوانیش بە چەپڵە و بە جارێك بۆیان ئەسەندەوە... زۆرم لاسەیر بوو، حەپەسابووشم! چونکە هێشتا سەربەستیی و شایی وام نەدیبوو. لەو دەمەدا (عەبدولعەزیز)ی پوورزام بەقایم قیژەیەکی کرد، وتی: ئای بەخێربێیت و بەساقەی هەیاسەکەی سەرناوکت بم! توومەز ئەو کچەی کە تازە هات، یارە (مەعشووق)ـەکەی (خاتوون) ناو بوو. عەلی ئەستێرە لەگەڵ پیاوێکی جوولەکەی خزمی بەفراو و عارەق و ئەنواعی مەزەیان هێنایە سەرێ و هەندێ لە عاشقە ڕووتەکان پێکیان درایە. لەو ئانەدا (فایەق مەعرووف بەگ) بە قایم وتی: ئەوا شابەڵشای پەریان مەزالە گیان تەشریفیان هێنا و هەڵیکێشایە دەمانچە و سێ تەقەی کرد. من

چونکە ئەمە یەکەم جارمە، لەم بابەتەوە ئەم حەرەکات و کردەوانەم لەلا ستەم بوو. لە پاش دەمێك (عەلی ئەفەندی) وتی: هەی بە قووربانی ڕۆیشتنە پۆڕێت بم (باشێ) گیان و دوانی کەش لە گرووهەکە بە قایم وتیان: بە قووربانی چاوە بازەکە بین، هات. بەڵام من هەروەك ئەم کردەوانەم لا باش نەبوو، بە چاوێکی موسوڵمانانەوە سەیری ژن و کچە جوولەکانەم دەکرد، هیچیان لام ئێسك سووك نەبوون، بەڵکو ئێسك قوورس بوون.(1) خانم وەك کچە جوولەکەیەك و کچی دکتۆرەیەکی دەوڵەمەند لە شاییەکەدا سەرنجی هەمووان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و چووە بەردەمی بووکێ و بەچریکەوە پەردەپەردە (ئۆف)ی وت. ئەنجا هەر بەو چریکەیە گۆرانییەکەی موبارەکبایی بووکێی وت چووە جێگای خۆی دانیشت و لەسەربان و خوارەوە چەپڵەڕێزان دەستی پێکرد.(2)

سەربەستیی و کراوەیی کچان و ژنانی جوولەکە لەبواری هونەری گۆرانی وتندا زۆربووە و لای ئەوان گۆران تەنها بۆ کوڕان و پیاوان نەبووە، بەڵکو ئەمانیش لەم هونەرە بێبەش نەبوون و چەند کەسێکیان تێدا بووە ڕێچکە شکێن بووە. هەر پاش کردنەوەی بەشی کوردی ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا لە ساڵی 1939 و بەمەبەستی دۆزینەوەی دەنگخۆش گۆرانیبێژ بۆ ئێزگە، مامۆستای خوالێخۆشبوو (کامیل کاکەمین) وەك یەکەم سەرپەرشتیاری ئێزگە، سەردانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی کردووە و لە سەفەرێکیدا بۆ ناوچەی

---

(1) بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی، ل143-144

(2) هەمان سەرچاوە، ل145

(ئاکریێ)، چاوی بە دوو خوشکی جوولەکەی دەنگخۆش کەوتووە و پاش گوێگرتن لێیان، هانی داون و بانگهێشتی ئێزگەی کردوون کە ئەوانیش (خۆخێ موشێ) و (ماری موشێ)بوون کە لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا، چوونەتە ئێزگە و لەلایەن مامۆستای نەمر(عەلی مەردان)ەوە چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆرییان فێرکراوە و دواتر بۆیان تۆمار کراوە و هەر لەوێش نازناوی هونەری نازدار بۆ (خۆخێ)ی خوشکە گەورە و ئەسمەر فەرهاد بۆ (ماری) دانراوە.(١) هەروەها (بەهێ ئیبراهیم)هەبووە کە دواتر موسوڵمان بووە و یەکێك بووە لەو ژنە دەنگخۆشانەی جوولەکە و گۆرانییەکانی لە کۆمپانیای بەیزافۆن و ئۆدیۆن لەسەر قەوان تۆمار کراوە.(٢)

---

(1) گۆرانیبێژە نەمرەکان، باکووری، بەشی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2007، 157و158

(2) گۆڤاری سلێمانی، ژمارە 11-12، مایس و حوزەیرانی 2001، نووسینێکی ئەکرەم ساڵح ڕەشە، ل40 گۆرانییەکانی (نەجیبە، ئامینێ نازەنینێ، هەلاوهەلاو واگوڵێ، ئەی مەگری مەگری، کزەی جەرگانم، گەردوون) لە نموونەی گۆرانییەکانی ئەم دوو خوشکەن و ڕۆژگارێك گۆرانی بەزم و دانیشتن و سەیرانی خەڵکی زۆربەی ناوچە و شارەکانی کوردستان بووە.



نازدار و ئەسمەر فەرهاد(1)

لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ (دایکی جەمال) دەکرێت کە یەکەم ژنی هونەرمەندی کورد و جوولەکەی شارەکەیە کە بەشێوەی سۆرانی لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستدا گۆرانی لەسەر قەوان تۆمار کردبێت.

---

(1) ئەم وێنەیە لە ئەرشیفی (ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد)ەوە وەرگیراوە.

## دایکی جەماڵ (1908- 1979):

دایکی جەماڵ یاخود شیرین خانم ناوی (بهیجە ئیبراهیم یەعقوب)ە لە ڕەسەندا (بن جوو) بووە و پاشان بووە بە موسڵمان. شووی بە پیاوێکی خەڵکی سلێمانی کە ئەفسەر بوو ناوی (ح. س) کردبووە، ئەم ئافرەتە، دەورێکی دەوڵەمەند و دیاری هەیە لە گۆرانییە کوردییە تۆمارکراوەکاندا، لەکاتی خۆیدا لە کۆمپانیایەکی (بەیزا فۆن) و (ئۆریۆن) چەند بەستە و بەرهەمێکی باش و بەهاداری لەسەر قەوان تۆمارکردووە لەوانە (هەی بەللار) و (هەی گوڵ) و (هەی ئاغاو ئاغا ئاغا) (هەی خان) و (هەی ڕوحی شیرینم) و (خانمی سلێمانی) و (ئەسڵی وەسڵت سلێمانی) و (هەی بێنن بێنن) و (ئامین و ئامین) و سروودی (وەتەنی من کوردستانە) و زۆری تر.(1)

لە دوادوای ساڵانی بیستەکاندا، کە بە دیالێکتی یان لەهجەی سۆرانی قەوانی پڕ کردووەتەوە بە ناوی (دایکی جەماڵ)ەوە کە ئەمەش ناوی خۆی نەبووە، ناوی تەواوی خۆی (فەرحە ئیبراهیم یەعقوب)ە و لە ساڵی 1908 –کە گومان لەم مێژووە دەکرێت– هاتووەتە دنیاوە. جارێکیان خۆی وتوویەتی کە خەڵکی هەڵەبجەیە و ناسنامەی بە ناوی (بەهیجە ئیبراهیم)ەوە بۆ دەرکراوە. لە شەوی میعراجی ساڵی 1979 لە نەخۆشخانەی بەغدا (مدینە الطب) بە نەخۆشی شێرپەنجەی مەمك کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی

---

(1) سلێمانی شارە گەشاوەکەم، جمال بابان، بەرگی3، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2000، ل150

**شێخ مارف نێژراوە.[1] یەکێك بووە لەو ئافرەتە دەنگخۆشانەی کە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا گۆرانی وتوە و لەو گۆرانییە خۆشانەی کە لەسەر قەوانی کۆمپانیای بەیزافۆن لەسالأنی 1925-1926 وتوونی (ئامینێ و ئامین، ئای بێنن بێنن، هەی ئاغا و ئاغا، هەی بەلار و بەلار و خانمی سلێمانی) بووە.[2] بەڵام لەساڵی 1930 بەولاوە لە گۆرانی وتن وەستاوە، بۆیە کە ڕادیۆی بەغدا لە کۆتایی ساڵی 1939دا دامەزراوە، گۆرانی تێدا نەوتووە.[3] ئەمە لە کاتێکدایە کە (فوئاد عارف) لە یادداشتەکانی خۆیدا ئەوە دەنووسێت: لەبیرمە جارێکیان یەکێك هات و پرسی: غازی[4] دوێنێ شەو لە کوێ بوو؟**

**وتم: لە کۆشك (قصر) بوو.**

**وتی: نەخێر، دوێنێ شەو لە (ساڵحیە) لە ماڵی ئافرەتێك ڕایەبوارد کە ناوی فەرحەیە.[5] هونەرمەند (باکووری)ش ئەو دەرئەنجانە دەهێنێتەوە کە ئەو فەرحەیەی فوئاد عارف لە بەغداد باسی دەکات، هەر ئەو دایکی جەمالەیە کە لە سییەکانەوە لە سلێمانی ون بووە.[6]**

---

(1) گۆرانیبێژە نەمرەکان، باکووری، بەشی 1، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، 2001، ل39

(2) هەمان سەرچاوە، ل41-44

(3) هەمان سەرچاوە، ل40

(4) مەبەست لە مەلیك غازی مەلیکی ئێراقە.

(5) مذكرات فؤاد عارف، تقديم وتعليق: الدكتور كمال مظهر احمد، الجزء الاول، 2009، ص98

(6) گۆرانیبێژە نەمرەکان، ل231-239

سەبارەت بە ژمارەی گۆرانییەکانی دایکی جەمال، (کەمال ڕەئوف محەممەد) ئەوە دەنووسێت: کە هەشت گۆرانی لەلای کۆمپانیاکانی قەوانی ئۆدیۆن و بەیزافۆن تۆمار کردووە کە ئەمانەن: (1)

1- **بەستەی ئامین و ئامین:** هۆنراوەی (فۆلکلۆر)، مەقامی (سێگا)، قەوانی کۆمپانیای (بەیزافۆن)

ئامینێ و ئامین هەر تۆی دنیا و دینم
قۆڵەکەت بێنە، بیکە بەسەرینم
ئەو چاوە ڕەشەت، بوون بە جەللابم
پێیان بفەرموون نەدەن عەزابم
دایم و دەرهەم چەفتە لە دەستە
چاوی شێخ مەحموود...... (2)
ئامینێ و ئامین دەردم تاو تاوە
شەو لە ناڵەی من سیروان بێ ئاوە
ئەمڕۆ دوو ڕۆژە کراسم شینە
(کێ منی کوشتووە، کراسی ئامینە)

---

(1) ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە 508 و 509ی ساڵی 1980

(2) ئەم بەشەی دێڕە هۆنراوەکە دیار نییە و پێناچێت ئەم دێڕە هۆنراوەیە فۆلکلۆر بێت.

**2- بەستەی ئای بێنن بێنن:** هۆنراوەی (فۆلکلۆر)، قەوانی کۆمپانیای (بەیزافۆن)[1]

ئای بێنن بێنن، گالێسکان بێنن
یارم منداڵە، دڵی مەشکێنن
یاخوا هەر شەو بێ، ڕۆژ نەبێتەوە
دەستم لە یەخەی یار نەبێتەوە
کاغەز ئەنووسم، بۆ و بەر چۆمی
حەزت لێ ناکەم، جیرانی خۆمی
یاخوا هەر شەو بێ، لە ڕۆژ بێزارم
بەدکارمان زۆرە، پەك ئەخا کارم
دەچی بۆ بازاڕ، زۆر دامەنیشە
لەجیاتی تووتن، عەتر بکێشە
عەتر بکێشە، نۆشی گیانت بێ
گیانی شیرینم، بەقوربانت بێ)[2]

**3- بەستەی سەوزە مەڕۆ** (فۆلکلۆر)

**4- بەستەی دەردێکم گرتووە:** هۆنراوەی (فۆلکلۆر)، قەوانی کۆمپانیای (بەیزافۆن)

---

(1) لە چەند شوێنێکدا بە (ئای بێنن، بێنن) هاتووە، بڕوانە کتێبی (گەنجینەی گۆرانی کوردی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، عثمان شارباژێڕی، دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی، مطبعة الزمان، بغداد، 1985، ل179) کە تەواوی تێکستەکەی لێ وە وەرگیراوە.

(2) پێناچێت دوو دێڕی کۆتایی هۆنراوەکە فۆلکلۆر بێت.

دەردێکـــم گرتـــووە، نییـــە دەرمـــانی
کـــاول بـــێ ..... خۆشـــە ســـلێمانی
ســـوخمەکەی ســـەوزە، پولەکـــە ڕێـــزە
کراســـەکەی ئـــامین کـــاری تـــەورێزە
باڵاکـــەت بـــەرزە لـــە حـــەد دەرچـــووە
وەك داری لیمـــــۆ نـــــارنجی پێـــــوە
دەنگـــم دەرنایـــە هـــەر هەناســـەمە
لـــە دووری بـــاڵات خـــەیلی تاســـەمە (1)

5- بەستەی ئەسڵی وەسڵت سلێمانی

6- بەستەی گوێگرن ڕەفیقان

7- بەستەی ڕۆحی شیرینم

8- سروودی وەتەنی من کوردستانە (هۆنراوەی زێوەر)

وەتـــەنی مـن کوردستـــانە، یـــادگاری ئەجـدادمـــانـــە
بەهەشتی ڕووی سەر زەمینە، خاکی پاکی کوردستانە
بـا هەموومـــان وەك بـرا بین، ڕەفیقی دیـن و دنیـــابین
با لـە وەحشـەت تـەوەللابین، نۆبـەتی عیلم و عیرفانـــە
کـورد میللـەتێکی ناسـراوە، لـە مـەعاریف بەجێمـاوە
ڕۆژی سەعی و تێکۆشینە، بۆ ئەو کەسەی کورد زمانە
کـــورد میللـەتێکی قەدیمـە، خـاوەنی تـەبعی سەلیـمە

(1) گەنجینـەی گۆرانی کـوردی، کۆکردنـەوە و ئامـادەکردنی، عثمـان شـاربـاژێڕی، دەزگـای ڕۆشـنبیریی و بڵاوکردنـەوەی کـوردی، مطبعـة الزمـان، بغـداد، 1985، ل182

## شاهیدی ئەم موددەعایە، سەلاحەدینی سوڵتانە[1]

ئەم گۆرانییانەشی لەلای ڕادیۆی کوردی بەغدا (جاران) لەدوای ساڵی 1939ەوە لێدراوە:

**1- بەستەی (هەی بەللار و بەللار): هۆنراوەی (فۆلکلۆر)، مەقامی (سێگا)**

هەی بەللار و بەللار و بەللارت بم
بەفیدای مەمکۆڵەی گوڵ هەنارت بم
ماڵمان ماڵ هاوسێ، چیغمان دوولایی
حەیفە بۆ باڵات شەو بە تەنیایی
ماڵ لە مەریوان، دڵ لە دوو جێگا
خۆ من خەریك مام، لەم سەرە ڕێگا
هەر تۆ بنێری جوابی حەقیقی
سەروماڵ پێشکەش ئەمن سەرباقی
نە خوا ئەمکوژێ نە بۆ خۆم ئەمرم
چونکە غەریبم کەس ناگرێ قەدرم
هەی بەللار و بەللار و هەی بەللارە
تۆ سەری باوکت وەرە ماڵەوە[2]

---

(1) دیوانی زێوەر، مەحموود زێوەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2003

(2) گەنجینەی گۆرانی کوردی، ل183

**2- بەستەی (ئاغا و ئاغا): هۆنراوەی (فۆلکلۆر)، ئاوازی نەغمەی (ڕاست)**

هـــەی ئاغـــا و ئاغـــا و ئاغـــە
بـــۆم تێکـــە جـــەرگم داغـــە[1]
مانگـــت لـــە ئاسمـــان ڕاوەســـتاوە
ئەســـــــتێرە دەوری لـــــــێ داوە
یـــاری خۆمـــە و لـــێم تـــۆراوە
هـــەی ئاغـــا و ئاغـــا و ئاغـــە
چـــاوت پیاڵـــەی قۆنیاغـــە
بـــۆم تێکـــە جـــەرگم داغـــە
قوربانـــت بم، چـــاوی چـــاوم
لەســـەر تـــۆ زۆریـــان لـــێ داوم
لـــەمن وایـــە خـــەڵات کـــراوم
لەگـــەڵ تۆمـــە ئـــەی حـــەبیبم
تـــۆ بریـــندار و مـــن تـــەبیبم
خـــودا بتکـــا بـــە نســـیبم
بـــۆم تێکـــە جـــەرگم داغـــە
مـــانگ لـــە ئاسمـــان ڕادەمـــاڵی
میوانـــت حەوشـــێ دەمـــاڵی
هـــی مـــن بوایـــە بـــە حـــەڵاڵی

(1) پێناچێت ئەم نیوە دێڕە فۆلکلۆر بێت.

بـــۆم تێكـــه جـــەرگم داغـــه [1]

3- بەستەی:

هـــەی گـــوڵ هـــەی گـــوڵ گـــوڵم كـــووانیٚ؟

ئاغام شێخ مەحموود، شێخ سەعید كوانیٚ؟

هەر لە درێژەی نووسینەكەیدا كەمال ڕەئوف محەممەد دەنووسێت:
لـە دوكـانی عـەلی شـێخ فـەرەج دوو گـۆرانی تـرم دەسـتكەوت بـە ناوەكانی:

1- خانمی سلێمانی (فۆلكلۆر)

چـــاو دەگێـــڕم نـــابینم كـــەس
گریـــانم دیٚ هـــەر بـــە هـــەوەس
وەفـــا نـــەماوە لـــەلای كـــەس
باریكی، تەنكی، بخوا زۆر جوانی
ئـەمان ڕۆحـم خـانمی سـلێمانی [2]
هـــەر وا دەڕوا دەڵێـــی پـــۆڕە
گـوارەی ئـاڵتوون لـە گـوێی شـۆڕە
ئـــەمان چـــاو كـــاڵ دڵ مـــەگۆڕە
باریكی...
چـــاوت ئەســـتێرەی بـــەیانی
هەڵـــدیٚ لەســـەر ســـلێمانی

(1) گەنجینەی گۆرانی كوردی، ل180و 181
(2) پێناچێت ئەم سەر بەندە فۆلكلۆر بێت.

یــار عــاقڵ بــوو زوو پێــی زانــی

باریکی...

ئــەڕوا دەڕوا چــاوم لێــت بــێ

برژۆڵــەی چاو گەسـکی ڕێـت بـێ

نـەوەك بـەردت لـەژێر پێـت بـێ (1)

**2- شارستۆن:**

دەخـیلم ئـەمان، پـێم بکـە ڕەحمـێ

بــــارم شـــێوەی شـــیریینە

دایـــم لـــە گوڵـــە بـــە قینـــە

پێـــی وتمـــان توڕەبـــە تـــۆ

باوەڕتـــان بـــێ خەڵقینـــە

جـــار جـــاو ئـــەمان مـــردم

بـــۆ چ لـــەتت نـــەکردم

ســـووتام دەخیلـــە ئـــەمان

پـــێم بکـــە ڕەحمـــێ

چـــونکە یـــارم بێمەیلـــە

بۆیـــە دەروونم کەیلـــە

ســـووتای جووتـــە ســـێوە

جێگـــای ســـەر قـــژی لەیلـــە

چـــاوی یـــارم جوانـــە

(1) گەنجینەی گۆرانی کوردی، ل251

دەڵێن ئەم گۆرانییانەشی هەبووە:

1- لەو ماڵە هاتە دەر

2- ئەی ئاوێنەی دولبەر: هۆنراوەی (وەفایی)

ئـەی ئاوێنـەی دولبـەری، زارت گـوڵ، زلْفـت زەڕی
بـا هەناسـەم نـەدگریْ، ڕووی خـۆت بێنـە بـەملاوە
زلْفـت جێـی بێقـەراران، ڕووت ڕۆژی شـەو بێـداران
ئـەمان ئـەی شـای گـوڵزاران ڕوحمێك، تاڕوحم ماوە
بـەس عـومری مـن بـەبادە، ڕووت بێـت، زلْفـت لادە
دڵ بۆیـــە نـــامورادە، بـــەو شـــەوە ڕۆژ گـــیراوە!
باشـەو بـڕوا سـەحەر بـیْ، بـاغی گـوڵان وەبـەر بـیْ
گـەر تـۆ مـەیلت لەسـەر بـیْ، کـافر ئیسـلامی نـاوە
دەســتم لــەتای زوڵفــت دا، بــەم باڵایــە نــەمزانی
بــۆ چ دەمکــوژی خــۆ قوربــان، پــردی قیامــەت
نەپســـــــــــــــــــاوە[1]

3- نەسرینە گوڵ نەسرینە

4- نابیە بچینی نابیە

5- ئەمن دەکەم مەدحی شێری جیهانمان

---

(1) دەڵێن گوایە دایکی جەمالیش بەسەر (حەپسەخانی نەقیب)دا خوێندویەتی. بـۆ تـەواوی هۆنراوەکـە، بڕوانـە (دیـوانی وەفـایی، لێکۆڵینـەوەی: محمـد علـی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1978، ل152)

**6- وەسێت بێ ئەگەر مردم:**

(وەرە سەر قەبرەکەم قالە

بڵێ ئاواتەکەت پێکهات

هەڵستە بێرە دەر خاڵە

خۆت و عەسکەر قتعەکەت لەسەر قەبرم بکەن تەعلیم)

**7- چاو مەست، چاو مەست**

(چاو مەست و چاو مەست، چاو مەست وا نایێ، مەستووری گیان

بەم دەم و دەستە یار پەیدا نابێ، مەستووری گیان)

**8- ئامینێ تاقانەی دایە**



وێنەی فەرحە (دایکی جەماڵ)[1]

(1) ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە 508، ساڵی 1980



وێنەی فەرحە (دایکی جەمال)[1]

بەشێکی زۆری ئەو گۆرانییانەی کە دایکی جەمال وتوونی، چووەتە ناو خەڵکییەوە و نەك بۆ ئەو سەردەمانە، تەنانەت لە ئێستاشدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا دەوترێنەوە و گیانە هونەرییەکەی تێکەڵاوی هەستی نەمریی هەمووان بووە.

بەشێوەیەکی گشتی ئارەزوویان لە گۆرانی کوردی بووە و وتوویانەتەوە، تەنانەت پاش ڕۆیشتنیشیان بۆ ئیسرائیل هەر ئەم هەستەیان هەبووە. (د. عیزەدین مستەفا ڕەسول) دەگێڕێتەوە کە:

---

(1) گۆرانیبێژە نەمرەکان، ل39 کە ئەمیش لە ژمارە 509-510ی ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی 1980 وەری گرتووە و لەگەڵ وێنەیەکی تر و وتارێکی (کەمال ڕەئوف محەممەد)دا بڵاوکراوەتەوە.

لە ئەمەریکابووم و سەردانی عومەر دزەییم کردبوو کە ئەوکات بەڕێوەبەری ڕادیۆی کوردی دەنگی ئەمەریکا بوو، لە ناو بەرنامەی داواکردنی گۆرانی داواکراوی کوردیدا، کەسێك بەناوی ئیسحاقەوە لە شاری ناتالیا لە ئیسرائیلەوە پەیوەندی بە بەرنامەکەوە کرد و داوای گۆرانییەکی کوردی لە عومەر دزەیی کرد. من ناسیمەوە و وتم: من ئەم کەسە دەناسم، هۆمەر دزەیی وتی: ئەوە دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لەتەنیشتمەوەیە و دەتناسێ، قسەی لەگەڵ بکە. قسەم لەگەڵ کرد، ئەو منی نەناسییەوە، بەڵام من پێم وت: ئەی لەبیرتە کە لە پۆلی چواری سانەوی لە ناوەندی هەڵەبجەوە نەهاتی بۆ لامان و تۆ شیوعی نەبووی. وتی: با، نۆ مانگیشیان سجن کردم. وتم دە من کوڕی مەلا مستەفام، ئیتر ناسیمیەوە و وتی با هەردووکمان شیوعی بووین و هاوسنف بووین. وتم: ئەی دکتۆر کەمال فوئادی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیشی دەناسیتەوە؟ وتی: نا! وتم: چۆن کەمالی کەریم بەگ ناناسیت! ئەنجا ئەویشی ناسییەوە... منیش هەواڵی چەند کەسێکم لێ پرسی، وەك: مینە شێخ سەبیلە ماوە؟ وتی: ئا ماوە. وتم: ئەی یەعقوب ماوە کە کەنیشتەیان هەبوو؟ وتی: هەر بە شیوعێتی مابوویەوە تا پار مرد! وتیشی لێرە (ناتالیا) گەڕەکێك هەیە هەموو جوولەکەکانی سلێمانی لەو گەڕەکە کۆبووینەتەوە و لەناو خۆماندا بە کوردی قسە دەکەین.(1)

---

(1) چاوپێکەوتنی (محەممەد مەردان) لەگەڵ (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) ڕۆژی 2014/8/11 لە سلێمانی.

## چوارەم: چالاکیی ڕامیاریی و مەدەنی:

ڕەنگدانەوەی جیاوازی هەستی ئایینی لەسەر کەسایەتییەکان، بەدرێژایی مێژوو هۆکاری ناچونیەکی ماف و ناکۆکیی و بریندارکردنی هەستی یەکتری بووە. بەدرخان پاشا (1802–1867) بە شایەتی سیۆنارە دیانەکان، دەیویست لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، واتا (1843–1847) دەوڵەتێکی کوردستانی وا دروست بکات کە موسڵمان و دیان و جوو و لایەنگرانی ئایینەکانی تر مافی وەك یەکیان هەبێ[1] و لەمیرنشینەکەیدا هەموو ئەو نیشانە ڕیسواکردنانەی لابرد، کە دەوڵەتی عوسمانی بەسەر دیان و جوولەکەکانیدا سەپاندبوو، وەك هەستان لەبەر موسڵمانێك کە بەلادا تێپەڕببێت و لەبەرکردنی جلکێکی تایبەتیی و... هد.[2] گەرچی جیاوازی نێوان ئایینەکان لە کوردستاندا تاڕادەیەك هێورتر و ئارامتر بووە لە چاو شوێنەکانی تردا، بەڵام لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر و لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازبووە. لەسەردەمی حکومەتی شێخ مەحمووددا، ئاشتیی و پێکەوەیی نێوان ئایینەکان لە لوتکەدا بووە لەژێر سایەی حکومەتی کوردستاندا، هەموو ئایینەکان پایەیان بەرز بووە. بۆ وێنە (کەریمی ئەلەکە) کە لە خێزانێکی دیانی

---

(1) Kinnane, Derk: The Kurds and Kurdistan, London 1964, p. 23 کە من لە (کۆبەرهەم 11) جەمال نەبەز، چاپی2، زنجیرەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، هەولێر، 2010، ل50م وەرگرتووە.

(2) بلەج شێرکۆ: القضیة الکردیة، قاهرە 1930، ص42–43 کە من لە (کۆبەرهەم 11) ، ل50) م وەرگرتووە.

بەنێوبانگی کوردستان بوو، وەزیری دارایی حکومەتەکە بووە و زۆر جار کە جوولەکەکان لەنێو خۆیاندا شەڕیان بووبووایە، شێخ مەحموود خۆی چووە ئاشتی کردونەتەوە.(1) بەرامبەر بەمە جوولەکەکانیش لە چالاکی سیاسیی و بەشداریکردنیان لە جوڵانەوەی دیموکراسیی و مەدەنیانەی شارەکەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە. بۆ نموونە کۆمەڵێك جوولەکەی ناوداری شار بەناوی (مووسەویی مەملەکەت) کە پێکهاتبوون لە: حاخام خواجە میرە ئەفەندی، خواجە ساڵح بنۆشێ، خواجە یەعقوب حەسەنە جوو، خواجە ئیسحاق پێنجوێنی، خواجە ڕەحیم لەیلا زەڕنگەر، خواجە عەزیز لەیلا زەڕنگەر، خواجە بابا قەرەداغی بازرگان، خواجە حەسەن بنۆشێ، خواجە سەلمان سەڕڕاف و خواجە ئیسحاق موعەللیم، مەزبەتەیەکیان لەگەڵ چەند ناسراوێکی چین و توێژەکانی تری شاردا بۆ پشتیوانی سێیەم (حکومەتی کوردستان) و بەرهەڵستی حکومەتی تازە دامەزراوی ئێراق ئیمزا کردووە دژ بە دانانی پێنج ناسراوی شار (شێخ قادری حەفید و عیززەت بەگی وەسمان پاشا و ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ و میرزا فەرەجی حاجی شەریف و محەممەد بەگی فەتاح بەگی جاف) بە مەبعووسی لیوای سلێمانی بۆ ئەنجوومەنی دامەزرێن (المجلس التأسیسی) بەبێ هەڵبژاردن و وەرگرتنی ڕای خەڵکی ناوچەکە.(2)

باربۆکردنی چەند جوولەکەیەکی شارەکە بۆ (کۆمەڵەی زانستی کوردی) لەوانە: خواجە بنە، خواجە ئیسحاق ئاشێر، خواجە دانە،

---

(1) (کۆبەرهەم 11)، ل53

(2) ڕۆژنامەی امید استقلال، ژمارە 12، ساڵی 1، 1340، ل2 من لە (تۆمارێکی شارەوانی ی سلێمانی 1919-1922، ل17-18) م وەرگرتووە.

بنـەی بـانی، خواجـە دودە[1] و یارمەتـدان و دەسـتگیرۆیی دارایـی بـۆ کڕینی ئامێری چاپ لە ئەڵمانیا بۆ چاپکردنی ڕۆژنامە، بەو پێیـەی کـە جوولەکــەکانی شــار لــە خوێنــەرانی ڕۆژنامــە کوردییــەکانی ئــەو ســەردەمانە بــوون، وەك (پێشــکەوتن) (ڕۆژی کوردســتان) (بــانگی کوردســتان) (ئومێـدی ئیسـتقلال) (ژیانـەوە) و (ژیـان). شانبەشـانی خـەڵکانی دەسرۆیشـتووی شـار و لـەدووەم (حکومـەتی کوردسـتان)دا بەسەرۆکایەتی شێخ مەحموودی گەورە، لە پیتاککردنـدا بـۆ کـڕینی ماکینـەی چـاپ (چاپخانە) بـۆ شـاری سلێمانی تـا کـاری چـاپی وەك ڕۆژنامــە دەرکردنــی پــێ ڕایــی بکــرێ، هاوبــەش بــوون و پارەیــان بەخشیوە. لەوانە: عەبدوڵڵا بنوشی، حەسەن بنوشی، سیمانە حاتـان، سدیق، خواجە عەبدە، حواجە وسووی بەزاز، خواجە بابا ئەلیاو، حـی داود، شــەمعول شــاول کوریــل، بــرایم جــۆلا، ساســۆن کــەرکووکی، میخائیــل بانــەیی، ئیســحاق و یوســف و یــەعقوب و منداڵــەکانی ساسون.[2]

لە یارمەتیدانی لێقەوماوانی کارەساتی لافاوەکەی 1932ی شاری سلێمانیدا بەشدارییان کـردووە، کـە تێیـدا ژمارەیـەك لـە جوولەکـەکان زەرەرمەند بوون لەوانە: ئەورام یـەعقوب عـەتار، میرە موشی، سلێمان ئیسحاق، سەبیلەی مام بنشی، عزرەیای بابا ڕەحیم، حەسقیل داود خەیات، شومیل پرخـە. بۆیـە جوولەکـەکانیش هاوشـانی خـەڵکی شـار

(1) ڕۆژنامـەی ژیـان، بەشـی 1، ژمارەکانی1-81، ئامادەکردنی: سـدیق سـاڵح و ڕەفیق ساڵح، سلێمانی، ژمارە23ی1926

(2) ڕۆژی کوردستان، 1922-1923، جەمال خەزنەدار، بەغداد، 1973، ل67 من لە (تۆمارێکی شارەوانی ی سلێمانی 1919-1922، ل17)م وەرگرتووە.

یارمەتی داراییان بۆ کارەساتەکە کۆکردووەتەوە، لەوانە: شائول حەسقیل، باروخ ئیبراهیم، پاشای دەلال، قەدووری بابا، ئیسحاق بابا، سدیق بنحاس، سیوەی موشی، شەمعوون هاروون، ئیبراهیم دانیال، مووشی خزرە، ئیسحاق ساسۆن، کاکەی یەرمیا، عەبدەی ئیسحاق، خواجە میخائیل، مووشی ئەلیا، نەسیم ئیسحاق، حەسقیل بنحاس، حەسقیل مامە، ڕوبین ئیسحق، بابا قەرەداغی، شاول عەزریا و حیکەی یرمیا)[1] هەروەها لە بۆنە و گێڕانی ئاهەنگ و یاردکردنەوە و چەند بۆنەیەکی تریشدا بەشداربوون...[2]

(1) ڕۆژنامەی ژیان، بەشی 4، ژمارەکانی321–400، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح، سلێمانی، 2005، ژمارە347ی1932

(2) هەمان سەرچاوە، ژمارەکانی: 226ی 1930، 377ی 1933

# پێنجەم: پزیشکی:

شارەزایی جوولەکەکان لە بواری حەکیمباشیی و پزیشکیدا زۆر بووە و سەرەتای ئەم بوارە لە شارەکەدا، بۆ جوولەکەکان دەگەڕێتەوە و چەند کەسێکیان هەبووە کە بێ جیاوازی یارمەتی پزیشکییان پێشکەش بە خەڵکی شارەکە کردووە. حەکیم برایم و عەزەی کوڕیی و فەرحەی ژنی عەزە لە نموونەی ئەو کەسانەن کە لە پزیشك و حەکیمباشیدا دەستیان هەبووە. (جەمال بابان) لە ئەوڕەحمان بەگی بابان (ئەوڕەحمان بەگی نفووس)ی بیستووە کە کاتێ گرانەتایەکی قورسی گرتووە، عەزەی حەکیم برایم بە شەربەتی گەزۆ و گوڵەوەنەوشە چاکی کردووەتەوە. هەروەها گەڵایەکی پێداوە و سکچوونەکەی تەواو پێ چاك بووەتەوە.(1) هەر جەمال بابان دەنووسێت: ئەوەشم بیستووە کە ساڵی 1921 کاتێ خوالێخۆشبوو (شێخ محەممەدی خاڵ) بە گەنجی تووشی (ذات الجنب) بووە، فەرحەی ژنی عەزەی حەکیم برایم بە (ماجوومیەکەی ئەبوو عەلی ئیبن

---

(1) ئەم بیروبۆچوونانە، لە وەڵامی چەندپرسیارێکدا هاتووە کە بەشێوەی نووسراو لەلایەن لێکۆڵەرەوە ئاراستەی (جەمال بابان) کراوە و ناوبراویش لە ڕۆژی 2013/3/10 بە نووسین وەڵامی داوەتەوە. ئەم زانیارییەشی لە پەراوێزی کتێبی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی 1-2، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ل421) نووسیوە.

سینا) چاکی کردووەتەوە.[تر] (ڕەشید شەوقی)ش لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژە بەم (فەرحە)ناوە دەکات و بە دکتۆر ناوی دەبات.[یر] مامۆستا (عەلائەدین سەجادی)ش لە کتێبی (ڕەشتەی مرواری)یدا ناوی ئەم حەکیم برایمەی هێناوە، بەڵام بە گاوری لە قەڵەم داوە و ڕاستییەی هەر هەمان حەکیم برایمی جوولەکەیە و ئەو دەنووسێت: ئەحەی کوڕنوو لە سولەیمانی کوڕێکی هەبوو نەخۆش کەوتبوو، حەکیم برایمێکی گاور هەبوو چووە لای تا کوڕەکەی بۆ چاك بکاتەوە و پێنج مەجیدی بداتیٚ. حەکیم برایم هاتە سەر کوڕە و دەرمانی کرد و کوڕە چاك بووەوە.[سم]

---

(1)وەڵامی چەندپرسیارێك... ئەم زانیارییەشی لە پەراوێزی کتێبی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی 1-2، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ل421) نووسیوە.

(2) بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی، ل139

(3) ڕشتەی مرواری، عەلائەدین سەجادی، هەموو بەرگەکانی1-8، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2005، ل591

## شەشەم: خوێندن و خوێندەواری:

جوولەکــەکانی ئێــراق لــەبواری خوێنــدن و پــەروەردەدا ڕۆڵێکــی مێـژوویيان بينيـوە و ئـەم گرنگيدانـەی بـۆ سـەردەمی دەسـەڵاتدارێتی عوسمانييـــەکان دەگەڕێتـــەوە کـــاتێ لـــە ســـاڵی 1832دا يەکـــەمين خوێندنگەی ئايينی خۆيان لەشاری بەغدادا بە ناوی (مدراس تلمود و تــوراة) بــۆ کراوەتــەوە و دواتــريش ژمارەيــەکی تــر خوێندنگــەيان کردووەتەوە. لە ساڵی 1893دا يەکەمين قوتابخانەی کچانيان بە ناوی (لــورا خضــوري) لــە شــاری بەغــداد کردووەتـــەوە... و باشـــترين مامۆسـتای نـاوخۆ و دەروەشـيان هێنـاوە تـا وانـەيان تێـدا بڵێتـەوە.[1] لەسەردەمی ئينتدابی بريتانيی و حووکمی پاشايەتيشدا، ژمارەيـەکی تر لە قوتابخانە و خوێندنگەيان کردووەتەوە و تا ساڵی 1950 تـەنها لــە شــاری بەغــدادا، نــۆزدە قوتابخانــەی ئــەهلييان هــەبووە.[2] کــە بەهەردوو باری زانستيی و ئايينييدا پـەروەردەيان بکـات کـە بێگومـان ڕۆڵێکی گرنگيان لـە بواريی ڕۆشنبيريی و بڵاوکردنـەوەی زانيـاريی و بيری جوولەکايەتيی و هەستی ئايينيدا هەبووە.

مێـژوونووس (ئـەمين زەکـی بـەگ) پاڵپشـت بـە (تـەقويمی وەزارەتـی گشـتی مـەعاريفی عوسمـانی سـاڵی 1331ی ڕۆمـی) ئامـاژە بـە نـاوی

(1) المدارس اليهودية و الايرانية في العراق، الدكتور فاضل البراك، مطبعة دار الرشيد، بغداد، 1984، ص27، 29، 49

(2) الاديان و المذاهب بالعراق، رشيد الخيون، منشورات الجمل، الطبعة2، بغداد، 2007، ص158

**گەڕەك و مامۆستا و ژمارەی قوتابییانی ئەوخوێندنگا و قوتابخانانە دەكات كە لە سەردەمی عوسمانیدا لە شارەكەدا هەبوون و ئەوە دەخاتە ڕوو كە قوتابخانەیەك هەبووە بەناوی قوتابخانەی جوولەكەی سەرەتایی و 25 قوتابی تێیدا دەرسیان خوێندووە.[1] ئەم ژمارەیە جگە لە ژمارەی قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسكەریی كە لەوكاتەدا 106 خوێندكاری هەبووە و لە ژمارەی نووسراوی هەریەك لەو سیی و پێنج مەكتەبە زیاتربووە كە ئەو كات لە سلێمانیدا هەبووە.**

**جوولەكەكانی بەگشتی، منداڵەكانیان ناردووەتە قوتابخانە. كچەكانیان لە قوتابخانەی (عێراقیە – زهراء) خوێندویانە.[2] و كوڕەكانیشیان بە زۆری لە قوتابخانەی (ئەیوبییە)دا خوێندویانە كە نزیكترین قوتابخانەبووە لە گەڕەكەكەیانەوە. هەروەها لە ساڵانی سییەكانی سەدەی پێشودا، هەندێكیان لە قوتابخانەی (غازی) خوێندویانە[3] مامۆستا (محەممەد باقی سەعید مستەفا) دەڵێت: یەكەمجار لەساڵی 1942 چوومە مەكتەبی غازی، مەكتەبەكە پێشتر**

---

(1) تأريخ السليمانيه و انحائها، محمد أمين زكى، ت: الملا جميل بند الروزبيانى، ط1، بغداد، 1951، ص204 هەروەها (سلێمانی شارە گەشاوەكەم، جەمال بابان، بەرگی چوارەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2012، ل192)

(2) نەریت و كلتووری كوردی، زەكیە ڕەشید محەمەد، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی كەمال، سلێمانی، 2012، 150 هەروەها لە دیمانەیەكمدا لەگەڵ ناوبراو ڕۆژی یەكشەممە 2013/1/20 هەمان زانیاری دووبارە كردەوە.

(3) بەرنامەی دیرۆكی كەناڵی ئاسمانی گەلی كوردستان، لە سێ بەشدا بەرنامەكی سەبارەت بە جوولەكەكانی كوردستان تۆمار كردووە و چەند كەسێك چاوپێكەوتنی لەگەڵدا كراوە كە یەكێكیان (كەریم زەند)ە.

لەگەڕەکی جوولەکان بوو، زۆربەی تەلەبەکانی ئەو مەکتەبە جوولەکە بوون، دواتریش کە مەکتەبەکە گوازرایەوە بۆ ناوشار، ئەوانیش هەر لەو مەکتەبا مانەوە و هاتن بۆ ناوشار. زۆرترین تەلەبەی جوولەکەی سلێمانی لە مەکتەبەکەی ئێمەدا بوون. پۆلەکەمان نزیکەی بیست تەلەبە بوون، نیوەمان جوولەکەبوون. تەلەبە جوولەکەکان بەشێوەیەکی تێکەڵ لەگەڵمان دادەنیشتین و هاوڕێمان بوون و لێمان جیانەبوون، بەلاّم بەڕاستی بڵێم بوونیان لەگەڵمان تایبەت و بە نەشازیش دادەنرا. تەلەبەمان هەبوو کە زۆریان لێ دەکردن و دەیانترساندن تا بەزۆر لە حانووت شتیان بۆ بکڕن... چەند ناوێکیانم تا ئێستا لەبیرماوە، لەوانە عەزیز چالو و قەدووری برای، حەسقێل، برایم، موشێ... تا پۆلی چوار بەیەکەوە بووین. جاری واهەبوو مەکتەبیان تەرك دەکرد و لەگەڵ باوکیاندا ئیشیان دەکرد. بە جلەکانیاندا تاڕادەیەك دەناسرانەوە، تەلەبە جوولەکەکان دسداشەیان لەبەردابوو، سیدارەشیان دەکردەسەر. ئاستی زیرەکییان باش بوو. بۆنیان لێ دەهات؟ چونکە سیر و ئەوشتانەیان دەخوارد.[1]

ژمارەیەکیشیان لە قوتابخانەی (خالیدیە)دا بوون کە لە گەڕەکی دەرگەزێن بووە و ئەومیش هەر نزیك بوو لە جوولەکانەوە، بەلاّم قوتابخانەی تریش هەبووە کە جوولەکەی تێدابووبێت، بۆ نموونە لە ئاگادارینامەیەکدا کە لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا بلاّوکراوەتەوە

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا (محەممەد باقی سەعید مستەفا) ڕۆژی 2013/4/23. ناوبراو ساڵی 1935 لە سلێمانی لەدایك بووە.

ئامـاژە بـە خوێنـدکارێکی سـەرکەوتووی جوولەکـە دەکرێـت بـەناوی (عەبدولعەزیز عەبدوڵڵا بنەشێ) و وا هاتووە:

بۆ زانینی هەموو قوتابییە پێشکەوتووەکان:

ســـاڵی دەرس وتنـــەوە 1919–1920 تـــەواو بـــوو. لـــە ڕۆژی 1920/10/26 دەست کرا بە ئیمتیحانی هەموو قوتابییەکانی مەکتەبی نموونـە سـەعادەت سلێمانی و لـە 1920/6/28دا ئیمتیحان تـەواو بـوو. ئـەو قوتابییانـە لـە سـنفی خۆیـان ژمـارەی تـەواویان وەرگرتـووە و پـێش هـەموو هـاوڕێی خۆیـان کـەوتوون لـەلای حکومـەتی فەخیمـەوە هـەر یـەکێکیان بـە سـەعاتێك خـەڵات کـران. ئەوانـەی خـەڵاتیان وەرگرتـووە ئەمانەن:

لە سنفی چوارەمی ئیبتیدائی کە سنفی تـەواوکردووە (محەممەد ئەنوەر ئەفەندی کوڕی مەلا ئەحمەد ئەفەندی)[1]

لە سنفی دووەمی ئیبتیدائی (ڕەشید ئەفەندی کوڕی مەعرووف ئاغا)

لە سنفی یەکەمی ئیبتیدائی (ئەحمەد ئەفەندی کوڕی حاجی فەرەج)

لە سنفی دووەم هول (ناجی ئەفەندی کوڕی مستەفا ئەفەندی)

لـە سـنفی هـەوەڵ کـە شـوعبەی دووەم (مسـتەفا ئەفەنـدی کـوڕی ڕەشید ئەفەندی)

لە سنفی هول هەوەڵ کە شوعبەی ئەووەڵ جوولەکە (عەبدولعەزیز عەبدوڵڵا بنەشێ)

بـــۆ ئەمـــە بـــەناوی هـــەموو موعـــەلیم و قوتابییـــەکان و بـــاوك و کەسوکاریانەوە شوکرانە دەنوێنم بۆ مەرحەمـەتی حکومـەتی فەخیمـە

(1) مەبەست لە خوالێخۆشبوو (ئەنوەر سائیب)ـە.

که بۆ منداڵەکانیشمان ئەوەندە بە شەفەقەت و مەرحەمەتە و ئەوەندە حەز بە بڵندیمان دەکات.

وەکیل مودیر مەکتەب (سەعید زەکی)

پێشکەوتن، ژمارە 10ی جولای (تەمووز)ی 1920 (1)



— « بو زانین همو » —

سال درس وتنەوۂ ۱۹۱۹ — ۱۹۲۰ تواو بو لە روژ ۲۶ — ٦ — ۹۲۰ دست کرا بە امتحان هموی قتابیەکان مکتب نمونۂ سعادت سلیمانی و لە ۲۸ — ٦ — ۹۲۰ دا امتحان تواو بو . او قتابیانۂ لە صنف خویان ژمارۂ تواویان ورگرتوە و پیش هموهاوری خوی کوتوە لەلای حکومت فخیمەوە هر یکیکیان بە ساعتیك خلات کران اوانۂ خلاتیان ورگرتوە امانەن :

لە صنف چوارم ابتدائی لە صنف تواو کراوی محمدانور افندی کوری ملااحمد افندی

لەصنف سیم ابتدائی فوأد افندی کوری رشیدافندی

» دوم « رشید » « معروف آغا

» یکم » احمد » » حاجی فرج

» دوم هولی تابی « » مصطفی افندی

» هولی هوەلی کە شعبۂ دوم مصطفی افندی کوری رشید افندی

لەصنف هولی هوەلی کە شعبۂ اول جولکە عبدالعزیز کوری عبدالله بنەشی

بو امە بناوی هموو معلم و قتابیەکان و باوك وکسو کاریانەوە شکرانیت اەنو ینم بو مرحمت حکومت فخیمە کە بو مندالەکانیشمان اوندە بە شفقت و مرحمتە و اوندە حظ بە بلندیمان دکا .

وکیل مدیر مکتب سعیدزکی

(1) ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە10ی ساڵی 1920، ل4

جەمال بابان دەنووسێت: ساڵی 1942-1945 کە لە (ناوەندی سلێمانی) بووم، دوو قوتابی جوولەکەم بیر دێ کە ئەوانیش لەوێ قوتابی بوون. یەکێکیان (میرە ئیبراهیم) بوو کە برای ڕەفائیلی زەڕنگەربوو، کەسێکی پۆشتەوپەرداخ و لێهاتوو بوو، سدارەی لەسەر دەکرد. یەکێکی تریشیان (یەعقوب عەبدوڵڵا) بوو کە لە جوولەکە هەژارەکان بوو و دواتر بەرەو کۆمۆنیستی ملی نا و دەتوانم بڵێم لەناو قوتابیانا یەکەم کۆمۆنیست بوو، هەرچەندە یەعقوب خوێندنی تەواو نەکرد، بە لام دواتر بوو بە (کاتبی نفوس) هەموو جارێك کە دەچوومە لای (تایەر بابان)ی خزمم، کە بەڕێوەبەری نفوس بوو، سەری لە یەعقوب دەدا.[1]

قوتابخانەی ئەیوبییە، وەك قوتابخانەکانی تری ساڵانی 1930-1952 لەژێر سەرپەرشتیاریێتی و چاودێری وەزارەتی مەعاریفدا بوون. لێرەدا ئاماژە بە تۆماری چەند قوتابییەك دەکەین کە ماوەی 1939- 1944لە قوتابخانەی (ئەیوبییە)ی مەڵبەندی شاری سلێمانییدا خوێندویانە.

---

(1) ئەم بیروبۆچوونانە، لە وەڵامی چەندپرسیارێکدا هاتووە کە بەشێوەی نووسراو لەلایەن لێکۆڵەرەوە ئاراستەی (جەمال بابان) کراوە و ناوبراویش لە ڕۆژی 2013/3/10 بە نووسین وەڵامی داوەتەوە.

# زنجیرەی تۆمار: 7

ناوی قوتابی: موش صالح/ ناوی بەخێوکەر: رشید موش/ مێژووی لەدایکبوون: 1917/ مێژووی چوونە قوتابخانە: 1925/ پۆل: یەك

نمرەی وانەکانی لەساڵی 1926

زمانی عەرەبی: 18/ بیرکاری: 10/ جوگرافیا: 5/ زانست (الاشیاء والصحة): 7/ کاری دەستی: 5/ سروود: 10/ وەرزش: 7



| العلوم | الدرجة | كتابة |
|---|---|---|
| علم الدين | | |
| اللغة العربية | ١٨ | ثمانية عشر |
| الخط العربي | | |
| اللغة الانكليزية | | |
| الخط الانكليزي | | |
| الحساب | ١٠ | عشر |
| الهندسة | | |
| الجغرافيا | ٥ | خمسة |
| التاريخ | | |
| الاشياء والصحة | ٧ | سبعة |
| المعلومات المدنية | | |
| الاعمال اليدوية | ٥ | خمسة |
| الرسم | | |
| النشيد | ١٠ | عشرة |
| الرياضة البدنية | ٧ | سبعة |

رسم الطالب وعلاماته الفارقة :

احوال الطالب الصحية :

سير الطالب في المدرسة :

احوال الطالب بعد خروجه من المدرسة مع بيان المهنة التي اشتغل بها :

## زنجیرەی تۆمار: 226

ناوی قوتابی: کمال صالح صدیق/ ژمارەی خانوو: 3-163/ گەڕەك: جوولەکان/ کاری بەخێوکەر: دەلاڵ/ مێژووی لەدایکبوون: 1920/ مێژووی چوونە قوتابخانە: 1929/ پۆل: سێ

نمرەی وانەکانی:

ئایین: 8/ زمانی عەرەبی: 9/ ڕێنووسی عەرەبی: 8/ بیرکاری: 8/ جوگرافیا: 10/ مێژوو: 9/ زانست (الاشیاء والصحة): 8 کاری دەستی: 10/ وێنە: 7/ سروود: 7



# زنجیرەی تۆمار: 227

**ناوی قوتابی:** عزیز میره/ **ژمارەی خانوو:** 14-164/ **گەڕەك:** جوولەکان/ **مێژووی لەدایکبوون:** 1922/ **مێژووی چوونە قوتابخانە:** 1938/ **کاری بەخێوکەر:** عەتار(1)/ **دوا قوتابخانە کە لێی بووە:** غازی/ **پۆل:** پێنج

**نمرەی وانەکانی لەساڵی 1939:**

**ئایین:** 78/ **زمانی عەرەبی:** 59/ **زمانی ئینگلیزی:** 77/ **کوردی:** 67/ **بیرکاری:** 80/ **ئەندازە (الهندسة):** 67/ **جوگرافیا:** 74/ **مێژوو:** 66/ **زانست (الاشیاء والصحة):** 85/ **زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة):** 71/ **کاری دەستی و وێنە:** 76/ **وێنە:** 83/ **سروود:** 59/ **وەرزش:** 64


رسم الطالب وعلاماته الفارقة:
أحوال الطالب الصحية:
سير الطالب في المدرسة:

---

(1) بەو کەسانە دەوترا کە بەکاری بەهارات و دەرمافرۆشییەوە خەریك بوون.

## زنجیرەی تۆمار: 228

ناوی قوتابی: صدیق اسرائیل/ ژمارەی خانوو: 22–130/ مێژووی لەدایکبوون: 1925/ مێژووی چوونە قوتابخانە: 1938 دوا قوتابخانە کە لێی بووە: غازی/ پۆل: پێنج

نمرەی وانەکانی لەساڵی 1939:

ئایین: 64/ زمانی عەرەبی: 60/ زمانی ئینگلیزی: 61/ کوردی: 69/ بیرکاری: 55/ ئەندازە (الهندسة): 59/ جوگرافیا: 55/ مێژوو: 54/ زانست (الاشیاء والصحة): 77/ زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة): 80/ کاری دەستی: 73/ وێنە: 70/ سروود: 63/ وەرزش: 60

نمرەی وانەکانی لەساڵی 1940:

ئایین: 53/ زمانی عەرەبی: 39/ زمانی ئینگلیزی: 50/ کوردی: 71/ بیرکاری: 54/ ئەندازە (الهندسة): 55/ جوگرافیا: 50/ مێژوو: 50/ زانست (الاشیاء والصحة): 50/ زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة): 43/ کاری دەستی: 70/ وەرزش: 66

نمرەی وانەکانی لەساڵی 1941:

زمانی عەرەبی: 66/ بیرکاری: 66/ مێژوو: 56/ زانست (الاشیاء والصحة): 57

| رقمه | اسمه | اسم ابيه وشهرته | مسكن الاب: رقم الدار | مسكن الاب: المحلة | صنعة الاب | اسم ولي الطالب | مسكن الولي: رقم الدار | مسكن الولي: المحلة | مسقط رأس الطالب | جنسيته | تابعيته | دينه ومذهبه | تاريخ ولادته | آخر مدرسة كان فيها | تاريخ دخوله المدرسة | الصف الذي قبل فيه | تاريخ الانفصال | سبب الانفصال والملاحظات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | | | | | [illegible] | [illegible] | عراقي | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | | | |



رسم الطالب وعلاماته الفارقة :

احوال الطالب الصحية :

سير الطالب في المدرسة :

احوال الطالب بعد خروجه من المدرسة مع بيان المهنة التي اشتغل بها :

| العلوم | الدرجة النهائية | السنة ١٩٣٩ الدرجة رقماً | كتابة | السنة ١٩٤٠ الدرجة رقماً | كتابة | السنة ١٩٤١ الدرجة رقماً | كتابة | السنة ١٩ رقماً | كتابة | السنة ١٩ رقماً | كتابة | السنة ١٩ رقماً | كتابة | السنة ١٩ رقماً | كتابة | السنة ١٩ رقماً | كتابة |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| علم الدين | | ٦٦ | | ٥٥ | [illegible] | | | | | | | | | | | | |
| اللغة العربية | | ٦٠ | | ٥٩ | [illegible] | ٦٦ | [illegible] | | | | | | | | | | |
| الخط العربي | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| اللغة الانكليزية | | ٦١ | | ٥٠ | [illegible] | | | | | | | | | | | | |
| الخط الانكليزي | | ٦٩ | | ٧١ | [illegible] | | [illegible] | | | | | | | | | | |
| الحساب | | ٥٥ | | ٥٤ | [illegible] | ٦٢ | [illegible] | | | | | | | | | | |
| الهندسة | | ٥٩ | | ٥٥ | [illegible] | | | | | | | | | | | | |
| الجغرافيا | | ٧٥ | | ٥٠ | [illegible] | | [illegible] | | | | | | | | | | |
| التاريخ | | ٥٤ | | ٥٠ | [illegible] | ٥٦ | [illegible] | | | | | | | | | | |
| الاشياء والصحة | | ٧٧ | | ٥٠ | [illegible] | ٥٢ | [illegible] | | | | | | | | | | |
| المعلومات المدنية | | ٨٠ | | ٤٢ | [illegible] | | | | | | | | | | | | |
| الاعمال اليدوية | | ٧٢ | | ٧٠ | [illegible] | | | | | | | | | | | | |
| الرسم | | ٧٠ | | | | | | | | | | | | | | | |
| النشيد | | ٦٤ | | | | | | | | | | | | | | | |
| الرياضة البدنية | | ٦٠ | | ٦٢ | [illegible] | | | | | | | | | | | | |
| المجموع | | [illegible] | [illegible] | [illegible] | | | | | | | | | | | | | |
| الصف | | | | [illegible] | | | | | | | | | | | | | |
| المواظبة | | | | [illegible] | | | | | | | | | | | | | |
| السلوك | | | | [illegible] | | | | | | | | | | | | | |
| نتائج الامتحانات : | | [illegible] | | [illegible] | | [illegible] | | | | | | | | | | | |

# زنجیرەی تۆمار: 230

**ناوی قوتابی: نعیم دانیال/ ژمارەی خانوو:** 32–163/ **مێژووی لەدایکبوون:** 1925/ **مێژووی چوونە قوتابخانە:** 1938 **دوا قوتابخانە کە لێی بووە: غازی/ پۆل: پێنج**

**نمرەی وانەکانی لەساڵی** 1939:

**ئایین:** 64/ **زمانی عەرەبی:** 52/ **زمانی ئینگلیزی:** 39/ **کوردی:** 65/ **بیرکاری:** 60/ **ئەندازە (الهندسة):** 53/ **جوگرافیا:** 57/ **مێژوو:** 63/ **زانست (الاشیاء والصحة):** 79/ **زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة):** 67/ **کاری دەستی:** 76/ **وێنە:** 79/ **سروود:** 71/ **وەرزش:** 64



## زنجیرەی تۆمار: 228

**ناوی قوتابی: اسحاق عبدا/ ژمارەی خانوو: 2-163/ گەڕەك: جوولەكان/ مێژووی لەدایكبوون: 1923/ مێژووی چوونە قوتابخانە: 1938 دوا قوتابخانە كە لێی بووە: غازی/ پۆل: پێنج**

**نمرەی وانەكانی لەساڵی 1939:**

**ئایین: 69/ زمانی عەرەبی: 56/ زمانی ئینگلیزی: 61/ كوردی: 67/ بیركاری: 76/ ئەندازە (الهندسة): 58/ جوگرافیا: 68/ مێژوو: 54/ زانست (الاشیاء والصحة): 78/ زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة): 77/ كاری دەستی: 73/ وێنە: 70/ سروود: 73/ وەرزش: 70**

**نمرەی وانەكانی لەساڵی 1940:**

**ئایین: 58/ زمانی عەرەبی: 53/ زمانی ئینگلیزی: 52/ كوردی: 71/ بیركاری: 61/ ئەندازە (الهندسة): 54/ جوگرافیا: 52/ مێژوو: 61/ زانست (الاشیاء والصحة): 60/ زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة): 50/ كاری دەستی: 61/ وەرزش: 67**

**نمرەی وانەكانی لەساڵی 1940:**

**زمانی عەرەبی: 64/ بیركاری: 64/ مێژوو: 54/ زانست (الاشیاء والصحة): 63**



رسم الطالب وعلاماته الفارقة:

احوال الطالب الصحية :

سير الطالب في المدرسة :

احوال الطالب بعد خروجه من المدرسة مع بيان المهنة التي اشتغل بها :

العلوم

علم الدين

اللغة العربية

الخط العربي

اللغة الانكليزية

الحساب

الهندسة

الجغرافيا

التاريخ

الاشياء والصحة

المعلومات المدنية

الاعمال اليدوية

الرسم

النشيد

الرياضة البدنية

نتائج الامتحانات :

# زنجیرەی تۆمار: 235

ناوی قوتابی: حیم حسفیل/ ژمارەی خانوو: 130–21/ گەڕەك: جوولەكان/ مێژووی لەدایكبوون: 1924/ مێژووی چوونە قوتابخانە: 1938 دوا قوتابخانە كە لێی بووە: غازی/ پۆل: پێنج

نمرەی وانەكانی لەساڵی 1939:

ئایین: 65/ زمانی عەرەبی: 58/ زمانی ئینگلیزی: 40/ كوردی: 68/ بیركاری: 61/ ئەندازە (الهندسة): 66/ جوگرافیا: 66/ مێژوو: 52/ زانست (الاشیاء والصحة): 72/ زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة): 68/ كاری دەستی: 81/ وێنە: 67/ سروود: 71/ وەرزش: 68



# زنجیرەی تۆمار: 236

**ناوی قوتابی:** حیم صفر/ **ژمارەی خانوو:** 6-164/ **گەڕەك:** جوولەكان/ **مێژووی لەدایكبوون:** 1921/ **مێژووی چوونە قوتابخانە:** 1938 **دوا قوتابخانە كە لێی بووە:** غازی/ **پۆل:** پێنج

**نمرەی وانەكانی لەساڵی 1939:**

**ئایین:** 64/ **زمانی عەرەبی:** 56/ **زمانی ئینگلیزی:** 53/ **كوردی:** 62/ **بیركاری:** 57/ **ئەندازە (الهندسة):** 53/ **جوگرافیا:** 56/ **مێژوو:** 59/ **زانست (الاشیاء والصحة):** 76/ **زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة):** 67/ **كاری دەستی:** 72/ **وێنە:** 71/ **سروود:** 74/ **وەرزش:** 70



## زنجیرەی تۆمار: 275

**ناوی قوتابی:** عبدالعزیز یوسف/ **ژمارەی خانوو:** 1-164/ **گەڕەك:** جوولەکان/ **مێژووی لەدایکبوون:** 1925/ **مێژووی چوونە قوتابخانە:** 1933 **دوا قوتابخانە کە لێی بووە:** غازی/ **پۆل:** یەك

**نمرەی وانەکانی:**

**ئایین:** 10/ **زمانی عەرەبی:** 10/ **بیرکاری:** 10/ **زانست (الاشیاء والصحة):** 10/ **کاری دەستی:** 10/ **وێنە:** 10/ **سروود:** 7/ **وەرزش:** 10/ **کوردی:** 10

**نمرەی وانەکانی لە ساڵی 1940:**

**ئایین:** 9/ **زمانی عەرەبی:** 10/ **بیرکاری:** 10/ **زانست (الاشیاء والصحة):** 9/ **کاری دەستی:** 10/ **وێنە:** 10/ **سروود:** 8/ **وەرزش:** 7/ **کوردی:** 10



# زنجیرەی تۆمار: 276

**ناوی قوتابی: حسقیل حیاکە/ ژمارەی خانوو: 12-165/ گەڕەك: جوولەکان/ کاری بەخێوکەر: کاسپ/ مێژووی لەدایکبوون: 1922/ مێژووی چوونە قوتابخانە: 1931 دوا قوتابخانە کە لێی بووە: غازی/ پۆل: یەك**



## زنجیرەی تۆمار: 31؛

ناوی قوتابی: سلمان عبده/ ژمارەی خانوو: 16-164/ گەڕەك: جوولەكان/ مێژووی لەدایكبوون: 1924/ مێژووی چوونە قوتابخانە: 1938 دوا قوتابخانە كە لێی بووە: غازی/ پۆلی پێنج

نمرەی وانەكانی لەساڵی 1940:

ئایین: 60/ زمانی عەرەبی: 36/ زمانی ئینگلیزی: 36/ بیركاری: 31/ ئەندازە (الهندسة): 39/ جوگرافیا: 56/ مێژوو: 49/ زانست (الاشیاء والصحة): 35/ زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة): 66/ كاری دەستی: 68/ وەرزش: 71/ كوردی: 62



# زنجیرەی تۆمار: 318

**ناوی قوتابی:** یوسف شومیل/ **ژمارەی خانوو:** 8-165/ **گەڕەك:** جوولەکان/ **مێژووی لەدایکبوون:** 1925/ **مێژووی چوونە قوتابخانە:** 1931/ **دوا قوتابخانە کە لێی بووە:** غازی/ **پۆل:** پێنج

**نمرەی وانەکانی لەساڵی 1940:**

**ئایین:** 70/ **زمانی عەرەبی:** 59/ **زمانی ئینگلیزی:** 68/ **کوردی:** 72/ **بیرکاری:** 57/ **ئەندازە (الهندسة):** 77/ **جوگرافیا:** 60/ **مێژوو:** 65/ **زانست (الاشياء والصحة):** 60/ **زانیاری شارستانی (المعلومات المدنية):** 70/ **کاری دەستی:** 68/ **وێنە:** 80

**نمرەی وانەکانی لەساڵی 1941:**

**زمانی عەرەبی:** 57/ **بیرکاری:** 81/ **جوگرافیا:** 68/ **زانست (الاشياء والصحة):** 63



## زنجیرەی تۆمار: 341

ناوی قوتابی: باروخ/ ژمارەی خانوو: 3-105/ گەڕەك: جوولەكان/ كاری باوك: بەزاز/ مێژووی لەدایكبوون: 1925/ مێژووی چوونە قوتابخانە: 1930/ دوا قوتابخانە كە لێی بووە: غازی/ پۆل: پێنج



# زنجیرەی تۆمار: 342

**ناوی قوتابی: بنیامین/ ژمارەی خانوو: 13–130/ گەڕەك: جوولەكان/ كاری باوك: بەزاز/ مێژووی لەدایكبوون: 1925/ دوا قوتابخانە كە لێی بووە: غازی/ پۆل: پێنج**


الطالب
رقمه
اسمه
اسم ابيه وشهرته
مسكن الاب
صنعة الاب
اسم ولي الطالب
مسكن الولي
جنسيته
تابعيته
دينه ومذهبه
تاريخ ولادته
آخر مدرسة كان فيها
تاريخ دخوله المدرسة
الصف الذي قبل فيه
تاريخ الانفصال
سبب الانفصال والملاحظات
رسم الطالب وعلاماته الفارقة :
احوال الطالب الصحية :
سير الطالب في المدرسة :
احوال الطالب بعد خروجه من المدرسة مع بيان المهنة التي اشتغل بها :
العلوم
الدرجة التامة
الدرجة
كتابة
رقما
علم الدين
اللغة العربية
الخط العربي
اللغة الانكليزية
الخط الانكليزي
الحساب
الهندسة
الجغرافيا
التاريخ
الاشياء والصحة
المعلومات المدنية
الاعمال اليدوية
الرسم
النشيد
الرياضة البدنية

# زنجیرەی تۆمار: 346

**ناوی قوتابی: میرشالوم/ ژمارەی خانوو: 27–24/ گەڕەك: جوولەكان/ مێژووی لەدایكبوون: 1926/ دوا قوتابخانە كە لێی بووە: غازی/ پۆل: پێنج**



## زنجیرەی تۆمار: 376

**ناوی قوتابی: ناجی صدیق رحمین/ ژمارەی خانوو: 43–53/ گەڕەك: سابوونکەران/ مێژووی لەدایکبوون: 1926/ مێژووی چوونە قوتابخانە: 1941/ دوا قوتابخانە کە لێی بووە: دووزخورماتوو/ پۆل: شەش**

**نمرەی وانەکانی لەساڵی 1940:**

**ئایین: 91/ زمانی عەرەبی: 70/ زمانی ئینگلیزی: 84/ بیرکاری: 69/ ئەندازە (الهندسة): 71/ جوگرافیا: 75/ مێژوو: 68/ زانست (الاشیاء والصحة): 73/ زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة): 82/ کاری دەستی و وێنە: 75/ سروود و وەرزش: 80/ کوردی: 74**

**نمرەی وانەکانی لەساڵی 1941:**

**ئایین: 60/ زمانی عەرەبی: 76/ زمانی ئینگلیزی: 54/ بیرکاری: 53/ ئەندازە (الهندسة): 72/ جوگرافیا: 34/ مێژوو: 33/ زانست (الاشیاء والصحة): 48/ زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة): 55/ کاری دەستی: 65/ وێنە: 63/ سروود و وەرزش: 78/ کوردی: 54**



## زنجیرەی تۆمار: 379

ناوی قوتابی: شومیل میخائیل شوقیل/ ژمارەی خانوو: 11-130/ گەڕەك: جوولەكان/ كاری باوك: عەتار/ مێژووی لەدایكبوون: 1926/ دوا قوتابخانە كە لێی بووە: غازی/ پۆل: پێنج

نمرەی وانەكانی لەساڵی 1941:

ئایین: 60/ زمانی عەرەبی: 67/ زمانی ئینگلیزی: 65/ بیركاری: 54/ ئەندازە (الهندسة): 53/ جوگرافیا: 57/ مێژوو: 55/ زانست (الاشیاء والصحة): 50/ زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة): 66/ كاری دەستی: 74/ وێنە: 70/ سروود: 67/ وەرزش: 67/ كوردی: 68


رسم الطالب وعلاماته الفارقة :
احوال الطالب الصحية :
سير الطالب في المدرسة :
احوال الطالب بعد خروجه من المدرسة مع بيان المهنة التي اشتغل بها :

| العلوم |
|---|
| علم الدين |
| اللغة العربية |
| الخط العربي |
| اللغة الانكليزية |
| الخط الانكليزي |
| الحساب |
| الهندسة |
| الجغرافيا |
| التاريخ |
| الاشياء والصحة |
| المعلومات المدنية |
| الاعمال اليدوية |
| الرسم |
| النشيد |
| الرياضة البدنية |
| السلوك |
| نتائج الامتحانات |

## زنجیرەی تۆمار: 381

**ناوی قوتابی:** میون عبده اسحق/ **ژمارەی خانوو:** 4–163/ **گەڕەك:** جوولەكان/ **كاری باوك:** عەتار/ **مێژووی لەدایكبوون:** 1927/ **مێژووی چوونە قوتابخانە:** 1941/ **دوا قوتابخانە كە لێی بووە:** غازی/ **پۆل:** پێنج

**نمرەی وانەكانی لەساڵی 1941:**

**ئایین:** 63/ **زمانی عەرەبی:** 62/ **زمانی ئینگلیزی:** 45/ **بیركاری:** 58/ **ئەندازە** (الهندسة): 63/ **جوگرافیا:** 52/ **مێژوو:** 53/ **زانست** (الاشیاء والصحة): 55/ **زانیاری شارستانی** (المعلومات المدنیة): 57/ **كاری دەستی:** 62/ **وێنە:** 64/ **سروود:** 86/ **وەرزش:** 87/ **كوردی:** 69



# زنجیرەی تۆمار: 383

**ناوی قوتابی: زكی صدیق رحمین/ ژمارەی خانوو:** 43-53/ **گەڕەك: سابوونكەران/ مێژووی لەدایكبوون:** 1928/ **مێژووی چوونە قوتابخانە:** 1941/ **دوا قوتابخانە كە لێی بووە:** ؟/ **پۆل: سێ**

**نمرەی وانەكانی لەساڵی** 1941:

**ئایین:** 7/ **زمانی عەرەبی:** 9/ **ڕێنووسی عەرەبی:** 6/ **بیركاری:** 9/ **جوگرافیا:** 9/ **مێژوو:** 8/ **زانست (الاشیاء والصحة):** 9/ **كاری دەستی:** 6/ **وێنە:** 6/ **سروود:** 6/ **وەرزش:** 5/ **كوردی:** 5



## زنجیرەی تۆمار: 416

**ناوی قوتابی:** موش بابا موش/ **ژمارەی خانوو:** 30–163/ **گەڕەك:** جوولەکان/ **کاری باوك:** دەڵاڵ/ **مێژووی لەدایکبوون:** 1932/ **مێژووی چوونە قوتابخانە:** 1942/ **دوا قوتابخانە کە لێی بووە:** غازی/ **پۆل:** پێنج

**نمرەی وانەکانی لەساڵی 1942:**

**ئایین:** 68/ **زمانی عەرەبی:** 71/ **زمانی ئینگلیزی:** 77/ **ئەندازە (الهندسة):** 63/ **جوگرافیا:** 78/ **مێژوو:** 81/ **زانست (الاشیاء والصحة):** 68/ **زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة):** 70/ **کاری دەستی:** 70/ **وێنە:** 71/ **سروود:** 62/ **وەرزش:** 61/ **کوردی:** 72



# زنجیرەی تۆمار: 417

ناوی قوتابی: منش سبیلە منش/ گەڕەك: جوولەکان/ کاری باوك: بەزاز/ مێژووی لەدایکبوون: 1929/ مێژووی چوونە قوتابخانە: 1942/ دوا قوتابخانە کە لێی بووە: غازی/ پۆل: پێنج

نمرەی وانەکانی لەساڵی 1942:

ئایین: 70/ زمانی عەرەبی: 68/ زمانی ئینگلیزی: 60/ بیرکاری: 58/ ئەندازە (الهندسة): 69/ جوگرافیا: 61/ مێژوو: 72/ زانست (الاشیاء والصحة): 71/ زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة): 73/ کاری دەستی: 77/ وێنە: 71/ سروود: 77/ وەرزش: 75/ کوردی: 78



## زنجیرەی تۆمار: 418

**ناوی قوتابی: نعیم عبداللە عزیز/ ژمارەی خانوو:** 20–163/ **گەڕەك: جوولەكان/ مێژووی لەدایكبوون: ؟/ مێژووی چوونە قوتابخانە:** 1942/ **دوا قوتابخانە كە لێی بووە: غازی/ پۆل: پێنج**

**نمرەی وانەكانی لەساڵی** 1942:

**ئایین:** 63/ **زمانی عەرەبی:** 60/ **زمانی ئینگلیزی:** 57/ **بیركاری:** 65/ **ئەندازە (الهندسة):** 73/ **جوگرافیا:** 56/ **زانست (الاشیاء والصحة):** 61/ **زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة):** 69/ **كاری دەستی:** 66/ **وێنە:** 68/ **سروود:** 65/ **وەرزش:** 66/ **كوردی:** 72


العلوم
الدين
اللغة العربية
الخط العربي
اللغة الانكليزية
الخط الانكليزي
الحساب
الهندسة
الجغرافيا
التاريخ
الاشياء والصحة
المعلومات المدنية
الاشغال اليدوية
الرسم
النشيد
الرياضة البدنية

## زنجیرەی تۆمار: 444

ناوی قوتابی: ساسون موش الیاهوحای/ ژمارەی خانوو: 141-42/ گەڕەك: جوولەكان/ كاری بەخێوكەر: عەتار/ دوا قوتابخانە كە لێی بووە: غازی

نمرەی وانەكانی لەساڵی 1943-1944:

ئایین: 76/ زمانی عەرەبی: 73/ زمانی ئینگلیزی: 63/ بیركاری و ئەندازە: 92/ جوگرافیا: 79/ مێژوو: 71/ زانست (الاشیاء والصحة): 73/ زانیاری شارستانی (المعلومات المدنیة): 78/ كاری دەستی و وێنە: 77/ سروود: 79/ وەرزش: 77/ كودی: 69





کەمال ساڵح سدیق



عەزیز میرە



سدیق ئیسرائیل



نەعیم دانیال



ئیسحاق عەبدا



حەیم حسفیل



حەیم سەفر



عەبدولعەزیز یوسف



حسقيل حياكه



سەلمان عەبدە



يوسف شوميل



باروخ



بنیامین



میرشالوم



ناجی سدیق ڕەحمین



شومیل میخائیل شوقیل



**میون عەبدە ئیسحاق**

# بەرکەوتنی کەلتووریی:

جوولەکەکانی جیهان لە هەرکوێیەك بن، کۆمەڵێك نەریت و بنەمای تایبەت بەخۆیان هەیە کە لە هەناوی باوەڕە ئایینییەکەیانەوە سەرچاوەی گرتووە و بەردەوام پەیڕەوی لێ دەکەن، بۆ نموونە: جوولەکە لاشەی مردوو بە ئاداب و نەریتێکی تایبەت دەشۆن و دوایی بە کفنێکی سپی دایدەپۆشن کە جیاوازە لەگەڵ مەراسیمی موسوڵمانەکان. لەتە قوڕێکی سوور دەخەنە سەر دەموچاوی مردووەکە و تورەکەیەکی بچووك پڕدەکەن لە خۆڵ و دەیخەنە ناو تابووتەکەوە، ئەمەش نیشانەیە بۆ زەوی پیرۆز لایان و هەتا کاتی پڕکردنەوەی گۆڕەکە، تابووتەکە نابەستن. هاوسەری مردووەکە هەتا حەوت ڕۆژ ماتەمینی تەواو جێبەجێ دەکات کە بەو حەوت ڕۆژە دەڵێن شێوە shivah تاکو سی ڕۆژیش ڕیش ناتاشن و کورتکردنەوەی مووی سەر و جلی نوێ لەبەرکردن لەلایان ناڕەوایە[1] شاردنەوەی تەرمەکە بەشێوەیەك لە گۆڕدا ئاراستە دەکرێت، کە ڕووی لە (ئۆرشەلیم)بێت. هەر لەم بارەیەوە و لە زاری هەریەك لە (ڕەسوڵ مام خدر بێتواتی و ئیسماعیل حاجی ڕەسوڵ ئاندێکی و فاتیمە عەبدوڵڵا حەمەد دواوەیی)وە، (بەختیار محەممەد ئەمین عوسمان)ی نووسەری کتێبی (جوولەکەکانی کوردستان) تایبەت بە چۆنێتی مردوو ناشتنی جوولەکەکانی سنووری (بێتواتە) و دەوروبەری

---

(1) مرۆڤ و ئایینەکان، میشێل مالرۆب، وەرگێڕانی: هیوا مەلا عەلی سورەدێیی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی1، هەولێر، 2006، ل125و126

دەنووسێت: گۆڕی جوولەکەکان ڕووی لە قودس بووە. بەهیچ شێوەیەك ڕێگەیان نەدەدا کە موسوڵمانەکان چاویان لە مەراسیمی مردووناشتنیان بێت. دوای ئەوەی کە گۆڕەکەیان بە شێوەی لاکێشەیی هەڵدەکەند، بە بەرد کورسییەکیان دروست دەکرد، هەندێ جاریش کورسییەکی داریان لە گۆڕەکەدا دادەنا و مردووەکەیان لەسەر دادەنا، دوو لیرەیان دەخستە دەستییەوە، یەکێك لە دەستەچەپ و یەکێك لەدەستە ڕاست و جووتە (کارەکە گا)یەکیشیان لەپێ دەکردن و ئینجا نیومەتر لەسەر سەری مردووەکەوە، بەردی تەخت و درێژیان لەسەر دیواری گۆڕەکە دادەنا.(1)

هەر سەبارەت بە پەیڕەوکردن لە نەریتی ئایینی، چەند مەراسیم و جەژنێکی ئایینییان هەیە، لەوانە: جەژنی (هامان) کە هێناویانە پێستە گایەکیان پڕ کردووە لە کا و پاشان لە جێگەیەکدا دایان ناوە و دواتر بەردیان تێ گرتووە و وتوویانە (هامانزیبە کەلە کەنیشتە شەنگەرە مبارك گولی)(2) ئەمانە و چەندین مەراسمی پەرستن و نوێژ و نزا و پاڕانەوەی تریشیان هەیە کە لە هەناوی ئایینەکەیانەوە

(1) جوولەکەکانی کوردستان، بەختیار محەممەد ئەمین عوسمان دواوەیی، ل16

(2) لەسەر ئەم جەژنە زانرابێ ئەوەیە کە دەگێڕنەوە لەسەردەمی فیرعەونەکاندا پیاوێکی زۆردار هەبووە بە ناوی (هامان)ەوە و هەرکچێ شووی بکردایە، دەبوو یەکەم شەو لای ئەو بوایە، بۆیە هەموو ساڵی بەر نەفرەتی نەتەوەی جوولەکە دەکەوێت. لە چەند شوێنێکی تردا وەها هاتووە کە ئەم ڕووداوە بە بڕیاری هامانی گەورە وەزیری ئیمپراتۆریای فارس بووە و بۆ ئەوە دەرچووە کە هەموو جوولەکەکانی سەر بەو ئیمپراتۆرییە سەربڕدرێن. بڕوانە (www.altawasul.com)/ گۆڤاری ئیسرائیل-کورد، ژمارە1ی ساڵی 2009، ل147 بابەتی (کەمایەتی جوولەکە لە کوردستانی عێراقدا، داوود خاکی)

دەرچووە و پیرۆز کراوە... پاش بڵاوبونەوەیان و لەئەنجامی تێکەڵیی و بەرکەوتنیان لەگەڵ کەلتوور و پێکهاتەکانی تردا، نەك هەر ئەم نەریتانەیان پاراستووە، بگرە چەند نەریتێکی نوێشیان داهێناوە کە لەپێشتردا نەبووە و تایبەت بووە بەو شوێنەی کە لێی نیشتەجێ بوون. بۆ نموونە: پاش هاتنی دەوڵەتی عێراق، دوو تۆپی زەمانی عوسمانی کە وەختی خۆی لە قشڵەی عەسکەری تورك بەجێ مابوون، پاکیان کردبووەوە و هێنابوویان لەناو حەوشی سەرا لەبەردەم بیناکە لەنزیك یەکەوە دایان نابوون. منداڵان دەچوون بۆ سەیریی و هەر لەو زەمانەدا، ژنە جوولەکە دەهاتن و منداڵی ساوایان دەهێنا لەگەڵ خۆیاندا و دوو ژنە جوولەکە لەمدیووئەودیوی تۆپەکەوە ڕادەوەستان و ئەو منداڵەیان سێ جار دەدایە دەست یەکتریی و دەچوونە لای تۆپەکەی تریشەوە و سێ جار منداڵەکەیان دەدایەوە دەست یەکتریی و بەدەم دوعا کردنەوە بەم دەستوورە نیازی دڵی خۆیان دەگرتەوە.(1) سەرەڕای پاراستن و پەیڕەویکردن لەو دابو نەریتانەی کە باوەڕیان پێیان هەبووە، لەچەندین دابوریت و بۆنەیەکیشدا هاوبەشیی و بەشدارییان کردووە کە بەڵگەی هەڵکردنیانە لەگەڵ کەلتووری بەرامبەریاندا، بۆ نموونە لێرە بەدواوە ئاماژە بە چۆنێتی بەرکەوتنی چەند نموونەیەك دەکەین لە نێوان کەلتووری جوولەکە و کوردەکاندا:

---

(1) شاری سلێمانی، ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە، بەرگی2، دار الحرية للطباعة، 1987، ل477

## 1- دابونەریتی خواردن و خواردنەوە:

بەپێی ئایینی جوولەکە و سەبارەت بە حەرامیی و حەڵاڵی خواردن و خواردنەوە، چەند بنەمایەك دیاریکراوە کە بەشێکی زۆری ئەم بنەمایانە لە ئایینی ئیسلامیشدا هەن. لە ئایینی جوولەکەدا تەنها گۆشتی چوارپێیە گیاخۆرەکان بۆیان حەڵاڵە کە سمی پێیان دووپەل بێت، کەواتە گۆشتی کەروێشك، بەراز، ئەسپ و چوارپێکانی تر لایان حەرامە. گۆشتی باڵندە ڕاوچییەکان حەرامە لایان. ئەم چوارپێ و باڵندە حەڵاڵانە دەبێت بەجۆرێك سەرببڕێن کە تەواوی خوێنی لاشەیان بێتە دەرەوە و خواردنی خوێنیشیان حەرامە. ماسیی و گیانلەوەرە ئاوییەکانی تر تەنها ئەوانەیان حەڵاڵە کە پوولەکە و باڵیان هەبێت یان شتێك کە لەمانە بچێت مەلەی پێ بکات. خشۆکەکان، بۆقەکان، لاشە نەرمۆڵەکان، قرژاڵی دەریایی گیانلەوەرە دەریاییە پێست ڕەقەکان بە حەرام دەزانن. خواردنی گۆشت لەگەڵ شیر حەرامە. حاخامەکانی دەستەڕاستی قەشە دەڵێن: پێویستە لەنێوان خواردنی شیر و گۆشتدا شەش کاتژمێر بوار هەبێت و نابێت هەردوو ئەم خواردنەش لە هەمان قاپدا بخورێن.(1)

تەنانەت بۆ ئامادەکردنی خواردنی گۆشت لە بازاڕدا، جوولەکەکانی سلێمانی کەبابخانەیەکی تایبەت بەخۆیانیان هەبووە نزیك قەیسەری نەقیب. لەمبارەیەوە (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) دەڵێت: من جارێکیان لای مامم (مەلا مەحموود)دانیشتبووم کە

---

(1) مرۆڤ و ئایینەکان، ل29و30

دووکانەکەی لەو ناوا بوو، دووجوولەکە هاتن و لەلای دانیشتن و لەو کەبابەیان داوا کرد؟ چونکە ئەوان گۆشتی تایبەتیان دەخوارد و نەدەبوو گۆشتەکەش چەور بێت.(١)

وەك دەبینین لە کەلتووری کوردەواریشدا کە بنەماکەی زۆرتر لە ئایینی ئیسلامە سەرچاوەی گرتووە، سەبارەت بەم خواردن و خواردنەوانە، بەشێوەیەکی گشتی خاڵی هاوبەش زۆرە و هەردوولا پەیڕەوییان لێ کردووە و قوڵیان نەکردووەتەوە بۆ شێوەیەك کە جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوانیاندا.

## 2- کەپرەشینکە:

یەکێك لە جەژنانەکانی جوولەکە بریتی بووە لە (جەژنی کەپرەشینکە) و بە بەشداری دانیشتوانی تری شارەکە کردوویانە. لە سەر زاری خەڵکی شارەکەوە ئەم جەژنە بە (کەپرە شینکە sukot) ناو هێنراوە؟ کە ڕەنگە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بۆ مەبەستی شینکردنی زەویی و زار بە سەوزایی و بەرهەمی کشتوکاڵی ئەم کەپرەیان دروست کردووە یان لەبەر ئەوە بووە بوو بێ کە بە گەڵای دارودرەخت سەری کەپەرەکەیان گرتووە. ئەگەرنا چەند ناوێکی ترشی هەیە وەك: چەپەر و لە ئێرانیشدا پێ وتراوە میوەبەندانی.

---

(1) چاوپێکەوتنی (محەممەد مەردان) لەگەڵ (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) ڕۆژی 2014/8/11 لە سلێمانی.

(خەنی ڕەشید نانەوا) دەگێڕێتەوە: یەکێك لە جەژنەکانی جوولەکە بریتی بوو لە جەژنی (فەتیرە) کە بە چەقالەش ناوبرابوو. دەهاتن چەقالە و گوێز و چەندشتێکی لەم شێوەیەیان سوێر دەکرد و لەسەر سینییەکیان دادەنا و جامێ ماستیشیان لەگەڵی دادەنا و بەشی موسوڵمانەکانیشیان لێ دەنارد.(1)

(مەلا نووری عەلی ماستاو) ئەوە دەگێڕێتەوە: (کەپرەشینکە) یەکێك بوو لەجەژنەکانیان و هەموو ساڵێك لە مانگی نۆدا کەپرێکیان لە گەڵای دارخورما دروست دەکرد و دوعای ئەوەیان دەکرد کە باران بباریێت و ئەو ساڵە ساڵێکی بە پیت و بەرەکەت بێت. هەر بۆ ئەم جەژنە خێریان دەکرد و سەمەنیی و گەنمەکوتاویان دەیانبەخشییەوە.(2) هەروەها (عوسمانی خاڵە حسە)ش ئەوە دەگێڕێتەوە کە: کوڕێکی جوولەکە هاوڕێم بوو، لەگەڵیدا چوومەتە ژێر ئەم کەپریانەوە. ئەم کارەیان بۆ ئەوە دەکرد تا مەرازیان حاسڵ بێت باران بباریێت، بەڕاستیش وابوو باران دەباری! لە سەرەتای پایزدا کەپرەکانیان دروست دەکرد و پیاوان دەچوونە ژێریی و ژنانیش لە دەرەوە دادەنیشتن. خواردنی چەقالە و گوێز و بەیامی سوێریان لەگەڵ زەڵاتە و کفتە و شەرابی خۆماڵیی دادەنا و دەست دەکرا بە خواردن و خواردنەوە و گۆرانی وتن. بەبیرمە جارێکیان من گۆرانی

---

(1) بەرنامەی دیرۆکی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، لە سێ بەشدا بەرنامەکی سەبارەت بە جوولەکەکانی کوردستان تۆمار کردووە و چەند کەسێك چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە کە یەکێکیان (خەنی ڕەشید نانەوا) یە.

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ (مەلا نووری عەلی ماستاو) ڕۆژی پێنجشەممە 2013/6/20 ناوبراو ساڵی 1930 لەگەڕەکی سەرشەقام لە سلێمانی لەدایك بووە.

(چەلەبان) لە ژێر ئەم کەپرە شینکەیاندا وتووە و پیاوانیان لەگەڵمان و ژنانیشیان لە دەرەوە و لە حەوشە لەگەڵم دەیانوتەوە.[1]

بەیادی سەرگەردانبوونی نەتەوەی یەهوود لە بیاباندا دوای دەرچوون لە میسر و بەسوپاسکردنی خواوەند کە ڕزگاریکردن لە برسێتیی و تینوێتی، ئەگەر کەشوهەوا گونجاو بێت، دەبێت جووەکان حەوت ڕۆژ لە هەوای ئازاددا لە ژێر ئەو چەپەر و کەپرانەی کە بەشی سەرەوەی بە پووش و پەڵاشدا گیرابێت بەسەر بەرن ئەم جەژنە لە نیوەی مانگی ئۆکتۆبەردا ساز دەکرێت.[2]

لە سلێمانیدا و لەم کاتەدا، موسوڵمانەکان بۆ ئەم جەژنە داوەت کراون و خواردن و خواردنەوەیان پێشکەش کراوە و گۆرانییان پێکەوە وتووە.

---

(1) چاوپێکەوتنی هونەریی (محەممەد مەردان) لەگەڵ هونەرمەند (عوسمانی خاڵە حسە)

(2) مرۆڤ و ئایینەکان، ل110



مەراسیم و خوانی کەپرەشینکە[1]

**نـەك هـەر لـە بۆنـە ئاینییەکانـدا، تەنانـەت لـە سـەیران و بۆنـە کۆمەڵایەتییەکانیشـدا جوولەکـەکان و کوردەکـانی شـارەکە پێکـەوە کۆبوونەتـەوە (مـەلا نـووری عـەلی ماسـتاو) ئـەوە دەگێڕێتـەوە: بـۆ سـەیرانکردن بـەزۆری ڕوویـان لـە (شـێخ عـەباس) دەکـرد کـە ئێسـتا گەڕەکی (وڵووبە)یە. هەر بۆ سەیران لەگەڵ ئێمەدا دەهاتنە (کانی با). ئـەوان خۆیـان لـە ئێمـە جیا نـەدەکردەوە و زۆر تێکـەڵمان بـوون.[2]**

---

**(1) ئەم وێنەیە لەسەر بنەمای گێڕانەوە و لەلایەن هونەرمەند (جەباری لۆڤەر)ەوە وێنە کێشراوە و پێشکەش بە کاری ئەم کتێبە کراوە.**

**(2) چـاوپێکەوتن لەگـەڵ (مـەلا نـووری عـەلی ماسـتاو) ڕۆژی پێـنج شـەممە 2013/6/20 ناوبراو ساڵی 1930 لەگەڕەکی سەرشەقام لە سلێمانی لەدایك بووە.**

(عوسمانی خاڵە حسە)ش ئەوە دەگێڕێتەوە کە لەگەڵیان بۆ سەیران چووەتە (شێخ عەباس) کە وەك سەیرانگای ئەوان وابووە و لەویٚ ژنە جوولەکەی بینیوە کە جۆلانەی گوریسیان کردووە و گۆرانییان وتووە و تاساڵی 1947 بەمجۆرە بووە و(شێخ عەباس) نەماوە و خەڵکەکە ڕووی کردووەتە(کانی با).(1)

3- ڕۆژانی شەممان وەك جەژن و نەریتێك وابووە لایان و چەند کارێکیان کردووە و خۆیانیان لە چەند کارێکی تریش گرتووەتەوە. لە تەورات و سەفەری (التکوین)دا واهاتووە کە: خودا لە ڕۆژی حەوتەمدا لە هەموو ئەو کارانە بوویەوە کە سەرقاڵی بوو و ئەم ڕۆژەی کردە پشوو و پیرۆزی کرد. بۆیە ڕۆژی شەممان وەك حەوتەم ڕۆژی هەفتە وایە و لەم ڕۆژەدا خۆیان لەم کارانە دەگرنەوە: کارکردن، ئاگرکردنەوە، نووسینی گرێبەستی هاوسەری، سەفەرکردن... و هەرکەسێکیش ئەم کارانەی کردبێت، بەپێی سەفەری (الخروج) سزای کوشتنی هەبووە.

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، خواوەند لە ڕۆژی حەوتەمدا دەستی لە کار هەڵنەگرتووە، بەڵکو گیانی ئەفراندووە کە سەرەنجامی دروستکردنە.(2) بۆیە دەبێت حەوتەمین ڕۆژ بۆ ژیانی ڕۆح و گیان

---

(1) چاوپێکەوتنی (محەممەد مەردان) لەگەڵ هونەرمەند (عوسمانی خاڵە حسە)

(2) لە قورئانیشدا هاتووە کە ﴿ان ربكم الله الذي خلق السماوات والارض في ستة ايام ثم استوى على العرش يغشي الليل النهار يطلبه حثيثا والشمس والقمر والنجوم مسخرات بامره الا له الخلق والامر تبارك الله رب العالمين﴾ سورەتی (الأعراف) ئایەتی54، هەروەها لە چەند شوێنێکی تریشدا ئەمە هاتووە، بڕوانە (سورەتی یونس- ئایەتی 3، سورەتی

تەخان بکرێت و لەم ڕۆژەدا تەواوی کارەکان ڕابوەستن و هەرکارێك کە بۆ بەرهـەمهێنان یـان بـۆ ئـاڵوگۆڕکردن بێـت بـە حـەرام دەزانرێـت. بـۆ نموونـە هـیچ کەسـێك نابێـت لـە ماڵـەوە شـتێك بەرێتـە دەرەوە یـان بیهێنێتـە ماڵـەوە؟ چـونکە ئـەمجۆرە کـارە لەوانەیـە ببێتـە سـەرەتای ئـاڵوگۆڕێکی بازرگـانی. هـەروەها لـەم ڕۆژەدا نابێـت کـەڵك لـە هـیچ سەرچاوەیەکی وزە وەربگیرێت، تەنانەت ئەگەر بۆ کارەکانی ماڵـەوەش بێت.[1] بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستییانەشی کە لـەم بارەیـەوە لێیـان قەدەغەکراوە، جوولەکەکان شاری سلێمانی چراکانیان بە موسوڵمان داگیرساندووە و پیاوەکانیشیان لەبازاڕ نانیان خواردووە.[2]

## 4- سەبڕین:

لـە خـوار ماڵـە جوولەکانـەوە، نزیـك ئاشـە گـەورە، جوولەکـەکان ژوورێکـی بچووکیان دروست کردبوو، ڕیزێك قولاپی ئاسنیان بەدارێکەوە هەڵواسیوە و مـەڕ و ماڵتیـان پێـدا هەڵواسـیوە و دوای سـەربڕینیان لەلایـەن (مالوم)ـەوە کەوڵیان کردووە؟ چونکە هـەر دەبـوو مـالوم سـەری ببڕێت، ئینجا ئـەوانیش کەوڵی بکەن و بۆ فرۆشتن ئامادەی بکەن.

(عەبدولغـەفوور مـەلا عـەلی) لـە گێڕانـەوەی بـیرەوەری خۆیـدا، لـەم بارەیەوە دەنووسێت: لەبیرمـە کـە منـداڵ بـووم و دارلاسـتیکم پـێ بـوو،

---

هود– ئایـەتی 7، سـورەتی الفرقـان – ئایـەتی 59، سـورەتی السـجدة – ئایـەتی 4، سورەتی ق – ئایەتی 38، سورەتی الحدید– ئایەتی 4)

(1) مرۆڤ و ئایینەکان، ل107

(2) شـەجەرەی بنەماڵـە دێرینـەکانی سـلێمانی (بنەماڵـە دێرینـەکانی سـلێمانی لـە نێوان سالانی 1784–1914) ، ل1488

ڕۆژێکیان باوکم ڕایسپاردبووم تا بچمە ئاشەگەورە، کە گەیشتمە ماڵە جوولەکەکان، نواڕیم چۆلەکەکانی ئەوێ هیچ سڵم لێ ناکەنەوە و هیچ ناترسن! خەریک بوو دەستیان بۆ بەرم ئینجا فڕکەیەکیان دەکرد و دەچوونە ئەولاتر، بەبێ ئەوەی بترسن. منیش بەهەلم زانی هەندێکم لێ کوشتن، بەڵام ئەم کارە سەرنجی ڕاکێشام، هەردەڕۆیشتم و تا گەیشتمە قەسابخانەکەی جوولەکەکان، کە سەیرم کرد چەند ژن و منداڵێکی گەورە وەستابوون و هەریەکەی مریشکێکیان پێ بوو، چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە مالوم بۆیان سەربیڕێت. مالومیش لەلای قەسابخانەکەی خۆیان بوو، دوایی هاتم و سەیرم کرد مالوم مریشکەکەی لە یەکێکیان وەرگرت و بە دەستی چەپی پەنجە تووتەی دەکرد بە ژێر ڕانی ڕاستی مریشکەکەدا و هەردوو باڵی دەشکاندنەوە بە پشتدا و دەیخستە بەینی هەردوو باڵەکەی کە گرتویەتی ئینجا دەستی ڕاستی دەکرد بە باخەڵیدا و گوێزانێکی سەرتاشینی تیژی قەدیمەکانی دەردەهێنا و دەینا بە ملی مریشکەکە و تەنیا قورتومی دەبڕی و فڕێی دەدایە سەر زەویی، ئینجا مریشکەکە گێژ و وێژ هەتا تۆزێک جاری وا هەبوو یەك دوو هەنگاوی خواروخێچی دەناو دەکەوت بەلادا ولنگە فرتێی دەکرد و گیانی دەردەچوو، ئەوسا خاوەنەکەی هەڵیدەگرت و دەیبردەوە بۆ ماڵەوە. ئەوسا زانیم کە بۆچی چۆلەکەکان ناترسن لەکەس و وەکو چۆلەکەکانی گەڕەکی موسوڵمانەکان سرك نیین و نافڕن؟ چونکە هیچ جوولەکەیەك دەستیان بۆ نابات و ڕاویان ناکات و نایانکوژێت؟ چونکە خۆ مالوم ئامادەنییە لەو کاتەدا تاوەکو

بۆیان سەربڕێت.[تر] هەرچی ئەوانەشیان هەیە کە لەبەر هەر هۆکارێك بوایە دەستیان بە گۆشتی ئەو ئاژەڵ یان پەلەوەرە نەگەیشتووە کە لەلایەن مالومەوە سەربڕدراوە، ئاسایی بووە لایان کە لە دەرەوە و لە چێشتخانەی موسوڵمانەکاندا نان بخۆن.

وەنەبێت هەموو جوولەکەکانیش ئەوەیان پێ پەسەند بووبێت کە تەنها مالووم هەستێت بە سەربڕینی ئاژەڵ و پەلەوەر، بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی پێشکەوتندا و لە هەواڵێکدا ئاماژە بە ناکۆکی نێوان مالووم و کەسێکی تری جوولەکە دەکات بەناوی (میرە موشی) و وا هاتووە:

میرە موشی لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ مالووم شەڕ و دەمەقاڵەیان دەبێت و جنێو بە دین و ئایین و ئەو کێردەی کە گۆشتی پێ دەبڕن و داهێنەری ئەو قانوونە دەدات و لەسەر ئەمە بە سێ مانگ لە بەندیخانە حوکم درا.[یر]


— میره جولکه —
میرهٔ موشی لم روژانەدا لکل مالوم شر و دمقالی دەبی
و جنیو به دین و آین و أو کیرده که کوشتی پی ابرن
و داهینری اوقانونه ادا لسر امه به ۳ مانك له بنی خانه
مانه وەی حکم درا .

(1) ڕاو و شکار، عەبدولغەفوور مەلا عەلی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، 2008، ل65-66

(2) ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژمارە 14ی ساڵی 1920، ل4

## 5- ژن و ژنخوازی:

پێش ئەوەی باسی ژن و ژنخوازی بکەین، دەبێت ئەوە ڕوون بێت کە کچانی جوولەکە ڕوو دیارتر و کراوەتربوون بوون لەچاو کچانی کوردەکاندا. ئافرەت و کچی جوولەکە زۆر کراوەبوون... مامۆستا محەممەد باقی سەعید باس لەوەدەکات کە لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بە گەڕەکی جوولەکاندا دەڕوات لەلایەن دوو کچی جوولەکەوە تەعلیق لە برادەرەکەی دەدرێت و پێی دەوترێت (گرمە و چکمە قەلوولیٚ) دواتریش چووین لە جوولەکەیەکمان پرسی کە ئەمە واتای چییە، ئەویش پێی وتین مانای ئەوەیە کە ئەو کوڕە چەند قۆز و جوانە.(1) هەر ئەمەش هۆکاربووە بۆ ئەوەی کە کوڕانی هەرزە و لاو ڕوو بکەنە گەڕەکی جوولەکان و حەز و حەزخوازی بێتە ئاراوە. تەنانەت ڕێککەوتووە کە چەند لاوێك حەز لە یەك کچ بکەن و لەم بارەیەوە (ڕەشید شەوقی) لە یادداشتەکانی خۆیدا و بەشێوەی چیرۆك باس لە ڕازی دڵی دەدرکێنێت نووسیوێتی:

فێرکردنم بە گەڕەکی جوولەکان سەبەبی دەنگخۆشیی و ڕووخۆشیی و هەڵکەوتوییم لەناو تەلەبە و ڕەفیقانا بوو بە سەبەبی تووشبوونم بە عەشقی (خانم) مادامێکی دکتۆرزادەی جوولەکە. قەدەر لەپێشا بۆم چاکی هێنا، بەڵام خۆم لەقەم لیٚ دا بە مەغرووری. نەکردن بە قسەی خانم و خواردنەوەم و خەنجەر وەشاندنم و دەمانچە بە

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا (محەممەد باقی سەعید مستەفا) ڕۆژی 2013/4/23. ناوبراوساڵی 1935 لە سلێمانی لەدایك بووە.

جوولەکـەوە نـانم و سەرخسـتنم و بـەو هۆیـەوە قەدەغـە لێکـردنم بـۆ جوولەکان و مانیعی موسوڵمان بوونی مادام.[1] قادر بەگ و هەردوو مەجید و کاکـە و خـۆم و دوو هـاوڕێی تـر کـە ئەکاتـە حـەوت کـەس، بەحـەزلێکردنی (خـانم) نـاوی جوولەکـە تـووش ببـووین؟ چـونکە هـەر حـەوتمان وەك یـەك لەگـەڵی (خـانم) دووراودووری بـوو، ڕقمـان لەیـەك نەبوو، چوونیشمان هەر بەیەکەوەبوو، بەڵام عەبدولعەزیز و مەحموود و ئەحمـەد هەرسـێکیان حـەزیان لـە (خـاتوون) نـاو کردبـوو. فایـەق و یـەحیان ئـەم دووانـەش حـەزیان لـە (مەزالـە) نـاو کردبـوو و (عـەلی ئەستێرە) و دووانی تریش حەزیان لە (باشێ) ناو کردبوو.[2]

لـە گـەڕەکی جوولـەکان ژنـە جوولەکەیـەك بـەرەوپیرم دێـت، هـەر کەچاوی بە مـن کـەوت، کتـوپڕ وتـی کاکـە ڕەشـید ئـەوە ڕێگـات هەڵـە کردووە بەم نیوەڕۆیە و بەتەنیاییت، عەجایبە؟ منیش لـە وەڵامـدا وتم: تـۆ مـن لـەکوێ ئەناسیت و ڕێ هەڵـەکردنم ئـەزانیت؟ وتـی: ئـەم کـۆڵانـە دەرنەچووە، وەك ڕێگوزاری موسوڵمان و ئێوە نییە. زانیم و هـەمووش ناوی تۆ ئـەزانیین، چونکە ئـەو دەنگـە جوان و چریکـەی (شـەماڵ)ـەت هـەموومانی حـەیران کـردووە. ئەمـەی وت و لـە پشـتەوە دەرگایـەك[3] هـەبوو کردییـەوە و وتـی: فـەرموو ئەمـە مـاڵی منـە. نـەختێك ئـاوی ساردی شەوێ بخۆرەوە، با ماندوێتیت بشکێت. منیش زۆر مەمنوون بـووم، چـونکە زۆر تینووبـووم. چـوومە ژوورەوە، لـە هەیوانەکـە

---

(1) بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی، ل18

(2) هەمان سەرچاوە، ل141

(3) زۆربەی ماڵە جوولەکەکان لە دیوی ناوەوە دەرگایاەك لەنێوانیانـدا هـەبووە بۆ هاتوچۆکردن و پەیوەندی کردن بەیەکترییەوە.

کورسییەکی بۆ دانام، دانیشتم. چوو ئاوی بۆ هێنام. کە خواردمەوە، وتی: عافێتت بێت و ئەنجا خۆی بەرامبەرم دانیشت و لێم پرسی: بزانم لە ماڵەدا هەر خۆیەتی؟ وتی: من کچێکم هەبوو شووی کرد، مێردەکەشم زەڕەنگەرە، چووە بۆ ناو عەشیرەتی جاف زەڕەنگەرییان بۆ ئەکات هەتا ئەچنە کوێستان، ئەنجا دێتەوە لێرە ئیش ئەکات. ویستم هەڵسم بڕۆم، وتی: توخوا مەڕۆ، من شتێکت لێ ئەپرسم، بەڕاستی جوابم بدەرەوە، وتم: بڵێ، چییە؟ وتی: ئێمە هەموو مەکتەبلییەکانی ڕەفیقت دەناسین کە حەزیان لەکێ کردووە و یا چەندیان لەچەند ماڵ ئارەق ئەکڕن و ئەخۆنەوە. بەڵام تۆش ئێستا لەگەڵ ئەوان دێیت و دەچی و مەکتەبلییت و جاربەجار لەگەڵ مەکتەبلییەکی لەخۆت باڵابەرزتر (قادر بەگ) ناو ئەتبینین زۆرتر. جا ئەوە ئەبێ خزمت بێ. ئەو ئەناسم عاشقی یەکێکە وەك ئەوانی تر، بۆیە دێتە جوولەکان و دەمێکە هاموشۆ ئەکات. خوا حەقە کوڕێکی بەئەدەبە. شووکور هەموو بەئەدەبن، خۆشمان ئەوێن. بەڵام هەر لەتۆ نەگەیشتووین کە حەزت لە کێ کردووە و لەکوێ ئەخۆیتەوە. مەراقم کردووە پێم بڵێ، با لەبەینی خۆمانا بێ. منیش وتم: نە حەزم لەکەس کردووە و نە عارەقخۆریشم. بەڵام بۆ یەك مەرامە هاتنی من کە لێم بووە بە کەڵکەڵە! ئەمەوێ تەحقیقی بکەم و بۆم ڕێ ناکەوێتز وتی: خێر بێ، ئەو کەڵکەڵەیە چی بێت کە بەهۆی ئێرەوە بێ؟! خۆزگە پێت بگوتمایە . منیش وتم: یەکێك هەیە ئەمەوێت بەتەنیا بیبینم. سوئالێکم هەیە لێی پرسم و وەڵامم بداتەوە، ئیتر هیچی تر. وتی: ئەو یەکە، پیاوە یان ژنە؟ وتم: کچێکە. وتی: کێیە و ناوی چییە ئەو کچە؟ وتم: نابێت بیڵێم هەتاکوو بە هیوا نەگەم. پرسیم: تۆ ناوت چییە؟

وتی: ناوم (وەنەوشە)یە، خزمی (فەرحە)ی حەکیم برایمم کە دایکی خانمە و زۆریش لە هاوڕێکانت بۆ ئەو خانمە سووتاو و عاشقن و ئەم خانمەش وەکی خۆم زۆر حەزی لە دەنگی تۆ کردووە. هەتا ڕۆژێك تۆ لەسەر گردەکە لەگەڵ مەکتەبلییەکان بووی، لەوێ (شەماڵ)ێکت تێچریکان، لێرە خانم لەلام بوو، من فێری چنین و نەخشی ئەکەم. کەچی گورج نەخشەکەی دانا و وتی: هەی بەقوربانی دەنگ و دەمت بم و ئاخێکی گەورەی کە هەڵکێشا لێم بوو بە مەراق. وتم: ئەبێ ئەم ئاخەتم پێ بڵێیت، مەراقم کرد. وتی: لە شایی (ڕەحلۆ)ی خزمی (عەلی ئەستێرە)دا هەووەڵ جار بوو ئەم کاکە ڕەشیدە لەگەڵ مەکتەبلییە ڕەفیقەکانی هاتبوو بۆ شاییەکە، جا من لەوێ بەدەست خۆم نەبوو بە قسەیەك دڵم شکاند.(1) وەنەوشە وەك ژنێك کە لە ڕازی دڵی هەردوو لا و هەمووان بە ئاگایە، کار بۆ بەیەکگەیشتنیان دەکات؟!! (وەنەوشە وتی:ئای ماڵم! من ئێستا تێت گەیشتم. کەوابوو ڕزگاربوویت لەم کەڵکەڵە سەختە، چونکە زۆر زەحمەت بوو تۆ و خانم بەتەنیا بگەنە یەك و ئەم قسانە گلەییە لە بەینا بکرێت و دڵنیایی ببێت. بەڵام خوا منی بۆ تۆ و خانم ڕەخساند کە خانمیش زۆر دڵبرینداری تۆیە کە دڵی شکاندووی! کەواتا من ئێستا دەچم (خانم) دێنم، لەبەردەم منا سکاڵا بکەن بەبێ شەرم و ئیتر هیچ لەدڵا نەمێنێت. ئەنجا بە (ئۆف)ێکی ئەو (شەماڵ)ێکی تۆ مژدانەم ئەوێت. ئەمەی وت و هەڵسا، بە منی وت: تۆ بچۆرە ژوورەوە خۆت بشارەوە. کە هاتین من مەرامم هەیە. ئەمەوێت سەیرێك بە خانم بکەم. ئەمەی وت و چوو

(1) بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی، ل153-154-155

پەیژەکەی دانا و وتی: بە سەربانا ئەیهێنم سەرکەوت و ڕۆی. جا من کەوتمە وەسواسە، ئەموت: تۆ بڵێیت ئەمە فێڵێك بێ لە من بکرێت بە خراپە و یا ئەمە تۆ بڵێی بیهێنێت، ڕاست بێت؟! لەم خەیاڵانا بووم، سەیرم کرد دەنگی تەپەی سەربان هات. گورج خۆم کوتایە ژوورەوە. دیم ئەوا وەنەوشە لە پێشەوە و خانم لەدوایەوە هاتنە خوارێ. خانم هات بەرەو هەیوان، سەیری کرد کەس نییە. ئەنجا بەزمانی جوولەکانە و بە تووڕەیی یەك دوو قسەی بۆ وەنەوشە هاویشت. وەنەوشە بە کوردی وتی: کچێ ئەوە بە کێ ئەڵێیت؟ وتی و پەلاماری دایە و کوتای بە زەویدا و سواری بوو، وتی: بڵێ تۆبە. ئیتر خۆم پێ ڕانەگیرا، کتوپڕ لە ژوورەکە دەرپەڕیم و باوەشم کرد بە وەنەوشەدا، لەسەرم هەڵگرت، وتم: کچێ تۆ لەچاو خانمدا، دێوێکی! ئەمەم وت و چووم لەسەر کورسییەکە دانیشتم. وەنەوشە خانمی بردە لای خۆیەوە، بەوبەرەوە دانیشتن.(1)

هەردوو خانم و ڕەشید شەوقی لەسەر ئەوە ڕێك دەکەون کە تا ساڵێکی تر عەشقەکەیان نهێنی بێت تا ڕەشید شەوقی دوا قۆناغی مەکتەبەکەی تەواو دەکات و ئەوسا خانمیش بۆ مسوڵمان دەبێت و شووی پێ دەکات و لەسەر ویستی وەنەوشە بە هێواشی سۆزەی (شەماڵ) لەلایەن منەوە و لەسەر ویستنم سۆزەی خانم بە پەردەی (ئەوا تۆ ئەڕۆی کاکە گیان من جێگام کوێ بێت، چیم کرد بە جێت هێشتم.....) دەست پێکرا و وەنەوشە بە سۆزەی من و بە (ئۆف) و

(1) بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی، ل156-157

پەردەی سووتێنەری پەردەی دڵ، سۆزەی خانم، من و دار و دیوار مەست کرا.(1)

بەقەراغی شارا، گەڕەکی جوولەکان خۆت بگرە و هاتم. یەکسەر خۆم هاویشتە ماڵی باشیێ ناو کچە جوولەکە. ماڵیان لەکەنار بوو. پەیژە دانرابوو و ویستم بەوێدا سەرکەومە سەربان، چونکە سەربانەکان لەتەك ماڵی وەنەوشەدا ڕێك و یەکگیر بوو، سەربان و سەربان ویستم بچم بۆ ماڵی وەنەوشە، چونکە بەدەرگاکەیانا حەڵق ئەهات و ئەچوو. لەبەر ئەوە کە نەوەکو کەس نەمبینێت. بەڵام کە چوومە حەوشیێ، سەیرم کرد ئەوا دوو کچە جوولەکە (ڕەحلۆ و سەمحە) ناو کە ئەمانەش لە کچە جوانەکانی جوولەکەن، ئەوەتە لەگەڵ باشیێ دانیشتوون لە هەیوان، لەلای باشیێ میوانن. باشێش وەك ڕۆژ بەرامبەر بە دوو ئەستێرە دانیشتووە و سەماوەر دەم کراوە. هەر باشیێ چاوی پێم کەوت، وتی: ئۆخەی چابوو هاتی، بەخێربێیت، هەڵسایە پێیان، هات بردمی بۆ هەیوان و ئەوانیش هەڵسان تۆقەیان لەگەڵ کردم بە ڕوویەکی گەش و پێکەنینەوە. باشیێ گورج گورج کورسیی بۆ هێنام و دایتام. ئەنجا لێی پرسیم: ئەمە چۆن بوو وا بەتەنیا هاتووم و ڕێم کەوتووەتە ئێرە؟! منیش درۆیەکم ڕێکخست. وتم: قادربەگی ڕەفیقم هاتووە بۆ ئەم ناوە بخواتەوە. منیش هاتووم بەشوێنیا کە بیبەمەوە و بچین بۆ ماڵی خۆیان سەعی بکەین، چونکە ئیمتیحانمان نزیك بۆتەوە. باشیێ وتی: کاری قادربەگ ڕاز(2) بیێ کە

(1) بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی، ل160

(2) ڕاز: ڕاست

تۆی گەیاندە ماڵی ئێمە. ڕەحلۆ و سەمحە لێیان پرسیم کە بۆچی تۆ عـــارەق ناخۆیتـــەوە؟ وا ئەیبەیتـــەوە؟ وتم: قـــوت نـــەمخواردووە و نایخۆمـەوە. وتیـان: باشـێ خـۆ ئـەڵێ عـارەق ناخۆمـەوە! باشـێ وتـی: نەخێر کەس لێی نەدیوە بخواتەوە. بەڵام خۆی بە دەنگە خۆشەکەی، هـەروەك سەرخۆشـە، زۆریشـی سـەرخۆش کـردووە. بـە پێکـەونینێکی نـازەوە وتیـان: دیـارە وایـە، باشـێ تـۆ ڕاسـت ئەکـەیت. ئـەنجا لێیـان پرسیم: کە تـۆ لەمـەوپێش لەتـەك ئـەم مەکتەبلییـە ڕەفیقانـەت نـەبووی بێیت بۆ جوولەکان. ئێستا بەزۆری دێیت و ئەچیت و ناشخۆیتەوە و حەزیشـت لـە کـەس نـەکردووە، هـەروەك ئـەوانی ترنییـت، ئـەی چـی بێت؟! منیش لە وەڵامدا وتم: ئێوە وەك حـەزلێکراوەکانن و هـی کـەش هەیە کە حـەزلێکراو بـێ. بەڵام مـن وەك ناخۆمـەوە، حەزیشـم لـە کـەس نەکردووە. هەر حەزم لە گۆرانیی کچان و ڕۆینەی هەڵپەڕکێی کچ و ژن کـردووە لـە شـاییدا. بۆیـە دێـم و ئەگـەر خۆشـم نەیـەم، هاوڕێکـانم ئەمهێنن، لەبەر ئەوەی کە دەنگم لـەوان خۆشـترە و لێم ئەپاڕێنـەوە کـە بێم لەگـەڵیان و چریکەیەك بکـەم. هـەتا بەوهۆیـەوە ئێـوە کۆببنـەوە و بتـانبینین لـە دوورەوە، (حـەڵوا حـەڵوا، دەم شیرین) وتم. هەرسێکیان بە زەردەخەنەیەکەوە وتیان: تەواوە. ئیتر هەڵسام کە بچم بۆ تـەعقیبی هیـوای خـۆم، باشـێ زۆری کـرد نـەڕۆم، ڕۆیشـتم و بـە پەیژەکـەدا سەرکەوتم بەرەو ماڵی وەنەوشە. کەچووم، وەنەوشـە لـە هەیوانەکـەیان دانیشتبوو، خـەریکی دروومـان بـوو. هـەر کـە مـنی دی، وتـی: ئۆخـەی کـە هـاتی! فـەرموو فـەرموو. هەڵسـا و کورسـییەکەی هێنـاو داینـام و لـەپاش بـەخێرهاتن، وتـی: مـن و خـانم دڵمـان لێـت عـاجزە. وتم: بـۆ؟ وتـی: ئەی پێمان نـەگوتی ئیتر واز لـە ڕەفاقـەتی هاوڕێکانـت بێنـە و بـە

تـەنیا وەرە بـۆ مـاڵی خۆمـان کـە کـەس پێـی نـەزانیٚ، کەچـی تـۆ بـە قسەمان ناکەیت بۆ چ؟ منیش وتم: بە قسـەتانم کردووە و چۆنێتیم بۆ گێڕایەوە، ئەنجا وتی: کەواتا بۆ سۆزەیەك ئاشتم بکـەرەوە. منـیش بە هێواشی و بە مەقامی (گیان گیان)ـەوە (ئەگـەر نەبوایـە بەبۆنـەی تۆوە ئەمن چیم ئەکرد بەم کەژ و کۆوە) کـە وتم، ئافرەتی بـەجۆش هەڵسـا و باوەشی پیا کردم و گوشیمی بە خۆیەوە. پێی وتم: دەی تـۆش بمگـرە بـاوەش و ئیشـارەتی ژوورەوەی کـردم. منـیش چـونکە لـە خـانم زیـاتر هـەروەك هـەموو ژنـە جوولەکەیـەکم بـە پـیس ئـەزانی، وتم: هـەتا حـانم نەگرمـە بـاوەش، سـوێندمە کـەس نەگرمـە بـاوەش. جـا کـە زانیـی مـن لەوانـە نـیمن کەوتـە مـەکر و فێڵـی ژنانـەوە و پێـی وتم: ئەگـەر ڕاسـت ئەکەیت من شتێکی وا ئەکەم کە تۆ خـانم بگریتـە بـاوەش، بەمـەرجێك کە خۆم ئەیزانم. منیش وتم: ئەگەر وابوو مـەرج بیٚ لەگـەڵ تـۆش (...) پرسـیم کـە خـانم هـەموو ڕۆژ دێتـە لات؟ وتـی: جـاران هـەر بـەیانیان ئەهات بۆ لام کە فێـری نـەقش و دروونـی بکـەم، لەبـەر خـاتری دایکـی. ئێستا ڕۆژی دە جار دێت و من ئەزانم کە لەبەر تۆیە. هـەر ئەوەنـدەمان زانی خانم لەدەرگاوە پەیدابوو. هەر کە چاوی بەمن کەوت، گورج چەە دەرگـای حەوشـەکەی داخسـت و هاتـەوە، بـە ڕوویـەکی خۆشـەوە لای وەنەوشە دانیشت و پێی وتم: ئەم هاتنـەت بـە دڵ بـوو، جـا نـازانم هـەر وا ئەکەی و یا بە قسـەمان ناکـەیت؟! لـەو ئـانی ڕاز و گلەییـەدا، باشیٚ لەسەربانەوە هات بۆ مـاڵی وەنەوشـە و هاتـە خـوارەوە، بـە جوولەکانـە قسـەی لەگـەڵ وەنەوشـە و بـە چـاوە شەهلاکانیشـی هەڕەشـەی لـەمن ئـەکرد هەسـتم کـرد و هـیچ دانەنیشـت و ڕۆی. وتم: وەنەوشـە ئـەوە باشیٚ چی پیٚ وتـی، تـوو موسـا؟ وتـی: هـیچ شـتێکی وای نـەوت. هـەر

ئەوەندە وتی سەرم ژان ئەکات، ئەچم بۆ لای فەرحەی دایکی خانم دەرمانم بداتیٚ، خانم وتی: ئەم باشێیە ڕەقیبی منە. زۆر ئەترسم بۆ دایکم بگێڕێتەوە کە من لێرە لەگەڵ تۆ دانیشتووم و شك بباتە سەرم. لەبەر ئەوە ئەڕۆمەوە. هەڵسا و ڕۆی بەجێی هێشتین، کە ڕۆی منیش لەداخانا ئەم شیعرەم خوێندەوە (دانیشە برازینەوە بەهەشتی بە دانیشتن هەڵمەسە، با هەڵنەسیٚ قیامەت بە هەڵسانت) ئیتر وەنەوشە وتی: خانم حەقیەتی بترسێت و منیش ئەزانم کە بەم هۆیە زۆر قسەم یٚتە سەر، بەڵام چی ئەبیٚ بابێتن بەقوربانی خۆت و سۆزەیەکتز کەواتا تکایە سۆزەیەکم بۆ هەڵسە با مەست بم. منیش سۆزەیەکی گۆرانیی (ڕۆیی و بەجێی هێشتم)م بۆ وت و بە قوربانی دەمم بوو. لە پاشی وەنەوشە ڕووی تێکردم و وتی: ئەم کارەی بەینی تۆ و خانمە زۆر مەترسی تێدا ئەبینم لەبەر ئەمە شتێکت پیٚ دەڵێم وابکە، ئەگەرچی بۆ دینشم زەرەرە، بەڵام بەزەیم پیاتانا دێت، بۆیە دەڵێم کە پێویستە تۆ ئەم خانمە بەدەست بگری، هەتا هیچی تێدا بەستە نەمێنێت و هەر هی خۆت بێت. وتم: چۆن مومکین ئەبیٚ ئەمە؟ وتی: بۆ ئەمە، خۆم ڕێکی ئەخەم، ئەنجا لەمن بازبیٚ و لەتۆ گاز بیٚ. زۆر ئەم وەنەوشەیەم لا سەیر ئەهاتە پێش چاو کە لەبەر هەراشی خۆی مەزهەب و هەموو شتێکی واز لێهێنابوو و بڕیاری گەوادی دابوو. منیش لەبەر حەیا و حەزی دڵی هیچ بەلای کاری شەهوەتاوییەوە خەیاڵم نەبوو. پێی وتم: نەختێکی تر بچۆرە لای دایکی خانم، لەلای دانیشە و قسەی خۆشی بۆ بکە. ئەو تۆی خۆش ئەویٚ، با ئاشنایەتی بکەوێتە بەینتان. من بە پێویستی ئەزانم و بەین بەین هەر بچۆ پێویستە. لەسەر ئەم وتەیەی وەنەوشە لە پاش سەعاتێك چاوەڕوانیی

خانم، هەڵسان چووم بۆ لای (فەرحە) دایکی خانم و کورسییان بۆ هێنام دانیشتم و هێشتا بە تەواوی قسەمان نەکرد (عەبدوڵڵا لەیلی) ناو هاوڕێی مەکتەبم لەتەك خۆی و خوشکیا هاتن بۆ لای فەرحە بەناوی نەخۆشیی خوشکییەوە. کە چاوی بە من کەوت، عەبە کەوتە حەیرەتەوە! چونکە ئەویش یەکێ لە جەزلێکەرەکان بوو. ئەوجا وتی: کاکە ڕشید ئەوە لێرەیت؟! وتم: بەڵێ، وتی: ئەوە منیش خوشکم هێناوە بۆ لای فەرحە بە نەخۆشی. بەڵام لە ئاخدا زانیم کە درۆی کردو خوشکی هێنابوو بەڵکو خانم هەڵفڕیوێنێ و شتێك جێبەجێ بکا و خانم بۆ وەنەوشەی گێڕابووەوە. ئیتر لە پاش نەختێك من هەڵسام ڕۆیشتمەوە بۆ لای وەنەوشە. وتی: باشی لەوێ بوو. وتم: نا ڕۆیشتبوو، بەڵام هاتنی عەبە و خوشکیم بۆ گێڕایەوە. وەنەوشە وتی: وای وای نۆرەی ژنمانە! پێی وتم کە دوو سبەی جومعە بەیانی زوو، هەتاوبکەوێت و نەکەوێ، زوو وەرە بۆ ئێرە ئیشم پێتە. وتم: باشە و ئیتر چونکە خانم نەهاتەوە، هەڵسا هاتمەوە ماڵێ، خۆم گۆڕی لە ژوورەکەمدا دانیشتم، دەستم کرد بە سەعی کردن... بەیانی جومعە مەلابانگدان لە مزگەوتی شێخ عەبدوڵڵای باپیرم بانگێکی جوانم دا و نوێژم کرد و چای بەیانیم خواردەوە. بەپەلە خۆم ئامادەی جوولەکان کرد و چوومە ماڵی وەنەوشە. هەووەڵ جاری بۆی گێڕامەوە کە عەبدوڵڵای هاوڕێت و خوشکیی ڕاسپاردووە و بە دایکی خانمی وتووە: ئەم کاکە ڕشیدە حەزی لە کچەکەت خانم کردووە. دەنگی وایە، بیستراوە. جارێ ئەمە هەووەڵ ڕەقیبی هاوڕێی ناپاك. ئەنجا

پێی وتم: ژوورێکمان سەرشۆکی[1] هەیە و بە خانم وتووە جومعە ئاو گەرم ئەکەم، تۆش خۆت بشۆ و منیش. وتی: باشە، خەبەرم بدەرێ. جا ئێستا ئاوم گەرم کردووە، چاوەڕوانی تۆم کرد کە بچم بانگی بکەم بۆ خۆشتن. جا کە چووم، تۆ بچۆرە ژوورەکەی تر، شاراوە بە و بێدەنگ، هەتا خۆم بانگت ئەکەم و بچۆرە سەری. ڕووت و قووت حازر و دەرگاکەتان لەسەر دائەخەم، هەتا بە دەستی خۆت ئەیگری. ئەنجا وەرە دەرەوە، لە هەیوان دانیشە، وا ئەڕۆم بەشوێنیا. هە کە دەنگی دەرگای حەوشەت گوێ لێ بوو، زوو بچۆ ئەو ژوورەوە هەتا خۆم خەبەرت ئەدەمێ و هەڵسا و ڕۆی. هێشتا هیچ نەبووبوو، عارەقم ئەکردەوە لەبەر شەرم موچورك بە لەشما ئەهات کە دەنگی دەرگام بیست، ناچار چوومە ژوورەکە. سەیرم کرد خانمی هێنا و بردیە ژووری سەرشۆرکەکە و لەپاش نەختێك هات بۆ لام. وتی: ئەوا خۆی ڕووت ئەکاتەوە. بەڕەم ڕاخستووە. بچۆ باوەشی پیا بکە و لەسەر بەڕەکە پاڵی خە و ببە بە زاوا. بە هێواشی کە چوومە ژووری، سەیرم کرد پشتی لەمنە، وا خەریکە کراسەکەی دائەکەنێ بەسەرا. چاوی لەمن نەبوو. ڕاوەستام هەتا کراسەکەی داکەن و ڕووت و قووت بوو. ئەنجا چوومە پێشەوە، وتم: سەلاموعەلەیکوم. هەر کە دیمی حەپەسا و وتی: ئەی بەقوربانی دینەکەت بم، دەخیل. لەسەر بەڕەکە دانیشت و دەستی گرت بە دووردوانەکەوە و دەستی کرد بە لەرزین. ئەگەرچی زۆر بەزەییم پیا هات، بەڵام وتم با پاڵی خەم و بزانم ئەڵێ چی. کە پاڵم خست، وتی: من دەخیلتم مەکە با حەیام نەچێ، تووخوا

(1) سەرشۆکی: حەمام

تۆ هەر لەسەر ئەو مەرجە بە کە بەستوومانە گیانەکەم. هە کە ئەمەی وت، گورج هەڵسام و هەڵمساندە سەر قنگ و دەستم کردە ملیی و ماچم کرد. کە وتم: ببوورە چاوەکەم، فرمێسکی مرواری بەچاویا هاتە خوارەوە. وتی: ئەمە هەموو مەکری وەنەوشەیە پێمان ئەکا و ئەیەوێت بمانکات بە یەخسیر بۆ کەیفی خۆی. ئەنجام لێم پاڕایەوە کە بچمە دەرەوە و جلەکانی بکاتە بەر. منیش وتم: ئەبێ خۆت بشۆی و هیچ عاجز نەبی لە وەنەوشە مەرجم پێکرد و هاتمە دەرەوە. وەنەوشە وتی، چیت کرد؟ بۆم گێڕایەوە کە هیچم نەکرد، چونکە سوێندی دام و پاڕایەوە. وەنەوشە وتی: دەرکەوت کە تۆ لەکیس خۆتت دا و بێخێری. هەر بۆمن خەجاڵەتی مایەوە و کەیفیشم نەما. ئیتر لەبەر عاجزبوونی وەنەوشە و ئەوچۆنیەتیەی خۆم وخانم، هۆشم تێکچوو. هەر وەنەوشە چووە ژوورەوە بۆلای خانم، گورج هەڵسام و بەسەربانا بۆی دەرچووم و بە پەیژەکەدا چوومە خوارەوە. لێم تێکچوو، نەمئەزانی کە ئەمماڵە ماڵی باشییە! هەر چوومە خوارێ، سەیرم کرد ئەوا باشی لە هەیوان ڕاوەستاوە. پێی وتم: ئەزانم لە کوێوە دێیت (دەستی خستووەتە کەمەری بە تەوریکی(1) ڕقاویەوە) ئەچیتە ماڵی وەنەوشە و خانم و دائەنیشیت و بە پەیژەی ئێمەدا دێیتە خوارەوە ئەڕۆیت! هەر ئەمەی وت، دایکی لە ژوورەوە هاتە دەرەوە و پێی وتم: فەرموو کاکە ڕەشید وەرە نەختێکیش لای ئێمە دانیشە. منیش وتم: ناتوانم دانیشم ئیشم زۆرە. ئەنجا باشێش وتی: لێی گەڕێ ئیشی زۆرەبابڕوا و ڕۆیشتم. جا ئەوڕۆژە باشی خان ئەچێت بۆلای فەرحەی

---

(1) تەوریکی: شێوە

دایکی خانم و بەدزییەوە پێی ئەڵێ: ئاگات لەکچەکەت بێ، کاکە ڕەشید موسوڵمانی ئەکات. ئەمەش دووەم ڕەقیبە کە فەرحەی خستووەتە ترسێکی زۆرەوە، بەڵام چونکە لەمن هیچی هەست نەکردبوو، لە دڵی خۆیدا بڕیار ئەدا کە بەفیل منیش تاقی بکاتەوە و بە بۆنەیەکەوە خانم بنێرێتە ماڵی برای چەند وەختێك بیشارێتەوە.(1) ئیتر پاش چەند ڕۆژێك و بۆ دواجار سەر لە جوولەکان دەداتەوە و وەنەوشە ئەوەی بۆ دەگێرێتەوە کە ڕێگەی ماڵی وەنەوشە لە خانم گیراوە و ناحەزان هەموو شتێکیان بۆ دایکی خانم گێڕاوەتەوە، ڕەشید شەوقی ماڵئاوایی دەکات و دەنووسێت: هەڵسام و دوعا خوازیم لە وەنەوشە کرد. هەرچەند وتی: مەڕۆ. فائیدەی نەبوو، ڕۆیشتم. ئیتر بەداخەوە بەرەو ماڵ هاتمەوە و چووم بۆ ماڵی قادربەگ. کە باسەکەم تێگەیاند، هەروەك زۆری لا ناخۆش و ستەم بوو، پێشی وتم: غەم مەخۆ و ئیتر مەچۆ بۆ جوولەکان. ئەبێ خۆت بگریت و دەست بکە بەسەعی کردن لەدەرسەکانت. دوا مەکەوە هەتا بەجوانی ئیمتیحان بدەیت و شەهادە وەربگریت و تۆڵە بسێنیت و خۆشم بەسەر و ماڵ لەگەڵتم. لەسەر ئەوە بڕیاردرا، بەڵام هەتا هەفتەیەك زۆر ناڕەحەت و پەشێو و گێژ بووم...(2) سەرەنجام ڕەشید شەوقی بۆ خوێندن دەچێتە بەغدا و خانمیش بە قسەی ڕەشید شەوقی، دەدرێت بە جوویەکی ئێسك قوورس، بەڵام پارەداری ئێسك سووك.

---

(1) بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی، ل166-172

(2) هەمان سەرچاوە، ل175

خۆ ئەگەر پەیوەندی کچە جوولەکەیەك لەگەڵ کوڕە موسوڵمانێکدا لە ناو جوولەکەکاندا ئاشکرابوایە، بەکارێکی خراپ و عەیبە دانراوە و ئەم کارەیان بە (گەنەو پڕترس) ناوبردووە. لەم بارەیەوە (ڕەشید شەوقی) لە یادداشتەکانییدا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە وەنەوشەی ژنە جوولەکە پێی وتووە: های های عاشق و مەعشوقەمان دەست پێکرد، بە حەزرەتی مووسا ئیش گەنەو پڕترس! منیش (واتە ڕەشید شەوقی) وتم : مانای چی (گەنەو پڕترس)؟ وەنەوشەش وتی: ترسم پەیا کرد کە خانم بۆت موسوڵمان ببیٚ.(١) هەروەك چۆن لەو شکاتەشدا دەردەکەوێت کە (باشیٚ) دەچێت بە دایکی خانم دەڵێت (ئاگات لەکچەکەت بیٚ، کاکە ڕەشید موسوڵمانی دەکات.(٢)

ئەگەرچی بەزۆری لەناوخۆیاندا ژن و ژنخوازییان کردووە، بەڵام ژمارەیەك لە کچە جوولەکەی شارەکە بوونەتە موسوڵمان و لەگەڵ کوردە موسوڵمانەکانی شاردا هاوسەرگیرییان کردووە. کە کچیان بەشوو داوە، شتیان بۆ ئامادەکردووە و لەگەڵیدا بردویانەتە ماڵی نوێیوە.

سەبارەت بە فرەژنیش لە ناویاندا، ڕێگەی پێدراوە، بەڵام زۆر بەکەمی پێڕەوییان لیٚ کردووە و لە شارێکی وەك (عەمادی) لەساڵی 1930دا تەنها دە پیاو دووژنیان لەیەك کاتدا هەبووە و لە شارێکی وەك سنەشدا تەنها 01٪ی پیاوانیان دوو ژنی هەبووە.(٣)

---

(1) بەسەرهاتووی کاکە ڕەشید شەوقی، ل158

(2) هەمان سەرچاوە، ل172

(3) یهود کردستان، اریك براور و رافائیل پاتای، ترجمة: شاخوان کرکوکي و عبدالرزاق بوتاني، دار ئاراس للطباعة و النشر، اربیل، 2002، ص210

## 6-ناولێنان:

ژمارەیەکی لەبەرچاو لە ژنە جوولەکەکان ناوی کوردییان لەخۆیان ناوە، وەك: ئافرەتانی جوولەکە ناوی کوردیی ڕەسەنیان تێدابووە، وەك: تانە، خانم، خاتوون، زارا، غونچە، ئاسکۆڵ، گوڵە، پەریزاد، نێرگز، نازدار، وەنەوش، مرواری، سارا... ناوە ڕەسەنەکانی جوولەکە خۆیشیان وەك: ئەلیاهوو، دانیال، حسقێل، یوسف، ئەورام، گوریل ... بەپێی وتنەوەی خەڵکی کوردەواری گۆڕدراون و کراونەتە: ئەولیا، ئسقێل، دانیار، وسوو، ئەورام، گەورێل.(1)

## 7- خەتەنە کردن:

(د. بێستون) دەگێڕێتەوە کە: جوولەکەکان هەروەکو مەسیحییەکان نەبوون کە کوڕەکانیان خەتەنە نەدەکرد، بەڵکو هەروەك موسوڵمانەکان کوڕەکانیان خەتەنە دەکرد.(2)

## 8- شێوە و جلوبەرگ:

شێوە و ڕەنگی جوولەکەکان تاڕادەیەك ناسراوەتەوە و جوولەکەکان زۆریان ڕیشیان درێژ دەکرد ودەیانهێشتەوە، بەڵام گەنجەکانیان ئەوەی ڕیشی نەتاشیایە، دەبوو زوڵفی بهێشتایەتەوە بۆ ئەوەی بزانرایە کە ئەوە جوولەکەیە و موسوڵمان نییە. واتە هەردوو لاجانی 2–3 سم وە بە پانی زوڵفی دەبوو بە درێژی بمێنێتەوە و سەر

---

(1) تۆمارێکی شارەوانی ی سلێمانی 1919–1922، ل19

(2) بەرنامەی دیرۆکی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، (د.بێستون)

و خواری تاشراوبێت.(١) بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە جلوبەرگدا وەك هەموو خەڵکی شار وابوون و جوولەکەکانی سلێمانی جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ تێکڕای خەڵکی شارەکەدا نەبوو، پیاوانیان هەروەکو پیاوانی تری شار، کەواو سەڵتە و شەرواڵ و پانتۆڵیان لەبەر دەکرد، بەڵام ئافرەتیان لەچك و عابایان دەپۆشیی و کەمتر پەچەیان بەکاردەهێنا. ئەگەر کەسێك لەدەرەوە بهاتایەی جیای نەدەکردنەوە، مەگەر هەندێ لە پیاوانی بەتەمەنیان نەبێت کە بە ڕیشە درێژەکەیاندا دەناسرانەوە.(٢)

تەنانەت دوای ڕۆشتنەوەشیان بۆ ئیسرائیل و تا ئێستاش ژن و پیاویان لەبەرکردنی جلی کوردییان فەرامۆش نەکردووە و لایەنی کەم لە بۆنەکاندا لەبیریان دەیپۆشن.

ئاشکرایە کە جلوبەرگی تێکڕای جوولەکەکان هەروەکو جلوبەرگی خەڵکی شارەکە وابووە بە هەردوو ڕەگەزەکەیەوە، بەڵام ژنانی جوولەکە پەچەیان نەکردووە و ڕووی خۆیان نەشاردووەتەوە، جۆرێك لە ئازادیشیان هەبووە لە چوونە دەرەوە لەماڵەوە، بەتایبەت لە سنووری گەڕەکەکەی خۆیاندا، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرنج ڕابکێشن و کوڕانی هەموو شار ڕوو لە گەڕەکی جوولەکان بکەن...

---

(1) ڕاو و شکار، عەبدولغەفوور مەلا عەلی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر، 2008، ل64

(2) ئەم بیروبۆچوونانە، لە وەڵامی چەندپرسیارێکدا هاتووە کە بەشێوەی نووسراو لەلایەن لێکۆڵەرەوە ئاراستەی (جەمال بابان) کراوە و ناوبراویش لە ڕۆژی 2013/3/10 بە نووسین وەڵامی داوەتەوە.

# بۆ کچە جوولەکەیەك[1]

کە من تەوراتی ڕووی تۆم دی نیگاری پەلکە خوورمایی
بە کـۆڵیٚ عیلمەوە چارم نییە وا ئەبمە مووسایی
موحەقەقمە لە باخا سەروو عەرعەر گیانی شیرینم
لەبالاْی تۆ ئەکەن تەعلیمی ئازادی دلاْرایی
ئەگەر شەککەر دەمێکی چەشنی تۆی ببوایە ئەو عەسرە
چلۆن فەرهاد ئەبوو عاشق بە شیرین شۆخی بەغدایی
وتم ماچێك کەرەم کەی ئەتدەمیٚ گیانم وتی شێتیت
چلۆن ئاوی حەیاتی خۆم ئەدەم من پێت بە خۆڕایی
دوو چاوم بۆیە قوربان خۆش ئەویٚ تا من ببینم ڕووت
کە ڕووی تۆی پیٚ نەبینم ئیکە من بۆچیمە بینایی

---

(1) دیوانی عەلی باپیر ئاغا (کەمالی)، ئامادەکردن و ساغکردنەوەو پێشەکی بۆنووسینی: کەمال عەلی باپیر، پێداچوونەوەی مامۆستا شوکور مستەفا، دار الشؤون الثقافة العامة



ڕیزی پێشەوە لە دەستە ڕاستەوە، سێیەم کەس (عوزێر ئەفەندی)یە
کەیەکێك بووە لە جوولەکەکانی شاری سلێمانیی و ساڵی 1925 لە خەزێنەی سلێمانی
فەرمانبەر بووە(1)

(1) لە کتێبی (شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی "بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی لە نێوان ساڵانی 1784-1914") وەرگیراوە.



جلی کوردی ئافرەتانەی ناوچەی سلێمانی کە لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە (1)

(1) جووەکانی کوردستان، ئۆراشۆرتس بێیری، و: گۆران سەباح، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2013، ل88



جلی کوردی پیاوانەی ناوچەی سلێمانی کە لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە [1]

---

(1) جووەکانی کوردستان، ئۆراشۆرتس بێیری، ل88

# بەشی چوارەم

## كارەكتەری جوولەكە لە بابەتەكانی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردییدا

# کارەکتەری جوولەکە لە بابەتەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییدا

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ژیانی جوولەکەکان لەگەڵ تێکڕای دانیشتوانی شاری سلێمانیی و ڕەنگدانەوەی ئەم ژیانە لە ژیانی ڕۆژانە و ڕوداوەکاندا، لەبەر نەبوونی سەرچاوەی پێویست و زانیاری تایبەت بەم بابەتەوە، ئەوا ئەدەبی فۆلکلۆر باشترین ڕێنمایکەر و ئاوێنەی ئەم مێژووی ئەم لایەنەبێت؟ چونکە ئەم ئەدەبە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵە و شتێکی ئاساییە کە لە پشت هەر بەرهەمێکی ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە، مێژووی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ببینینەوە. ئەدەبی هەر قۆناغێکی ژیانی ئادەمیزادیش، سیما گشتییەکانی ئەو قۆناغە دەنوێنێت و ئەو بارە گشتیی و تێکڕاییەی ژیانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە کە لە هەر چەرخێکی کۆمەڵایەتیی مێژوودا بووە و تێکڕا لە چوارچێوەی دابونەریت و بیروبۆچوونی ئەو چەرخەدا دەخولێتەوە.[1]

بەمانایەکی تر، لە پشت دەقە فۆلکلۆرییەکانەوە، ئەو مێژوو و ڕووداوە ڕاستەقینانە هەن کە گوزارشت لە دەرئەنجامی کارلێکردنی ئەو ئاڵوگۆڕانە دەکەن کە لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا و لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، ڕوویان داوە. ئەم لێکدانەوەیەش لە بابەتی وەك: داستان و بەیت و هەقایەت و گۆرانی و پەندی پێشینان‌دا... بە

---

(1) دوو بابەت لەبارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆییەوە، محەمەدی مەلاکەریم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، 2008، ل14

ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە. هەرلەم گۆشەنیگایەوەیە کە دەوترێت بەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆر و مێژوو، تەواوکەری یەکترین و پەیوەندییەکی باش لەنێوانیاندا هەیە. دەتوانرێت وەك ڕێبازێك و لە بەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆرەوە، ئاوڕ لە مێژوو بدرێتەوە و پەی بەو ڕووداو و کارەساتانە ببرێت کە لە ڕابردوودا و لەژیانی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەیەکدا ڕوویان داوە، بەتایبەت لەو کاتانەدا کە سەرچاوەی مێژوویی و نووسراو و شایەتحاڵی زیندووی ئەو سەردەمانە لەبەردەستدا نەبێت. بۆیە کاتێك کە مێژوو بەباشی باسی سەردەمێکی ژیانی نەتەوەیەك ناکات، پیاوی ورد و تێگەیشتوو، دەتوانێت لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە گۆرانی، چیرۆك و هەڵبەستی ئەو سەردەمەوە، تا ڕادەیەکی باش باری ژیانی ئەو سەردەمەی ئەو نەتەوەیە شارەزا ببێت.[1]

## یەکەم: پەندی پێشینان و ئیدیۆم:

پەندی پێشینان وەك بەشێك لە ئەدەبی فۆلکلۆر (تاقیکردنەوەی مێژووی گەلی کوردی و بیروباوەڕیان لە ڕووخسارێکی کورت و ناوەرۆکێکی قووڵدا دەخاتە ڕوو. ئەم ژانرە فۆلکلۆرییە، ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانەیە کە پشتاوپشت لە پرۆسیسی مێژوودا بە ئێمە گەیشتووە.[2]

(1) دوو بابەت لەبارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆییەوە، ل14

(2) پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، د. شوکریە ڕەسووڵ، و: دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ و جلال تەقی، چاپخانەی الادیب، بەغدا، 1984، ل9

مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) جوانتر ڕۆچووەتە ناساندنەوەوە و سەبارەت بە چییەتی پەندی پێشینان و پەیوەندی بە خەڵکەوە دەنووسێت: چۆنێتی ژیان و ڕەوشت و بیروباوەڕیان، چ لەبارەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و چ لەبارەی ڕەوشتی خێزانیی و کەین وبەینی ژیانی تێکڕایی، چ لەباری دەوڵەمەندیی و هەژاریی و پایەی دنیادا، پیشان دەدەن.(1) لەبەرئەمە، دەکرێت پەندی پێشینان بکرێتە ئاوێنەنمای مێژوو و تێیدا سەرنج لە بیر و ڕەفتاری خەڵك و پەیوەندییە هەمەلایەنەکانیان بدرێت و وەك بابەتێك بۆ ناساندنی ئەم پەیوەندییانە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. تا زۆرتریش لە چوارچێوەی بابەتەکەدا بمێنینەوە.

ئەم پەندانە بە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی وتراون، بۆ نموونە: لە شێوەی گۆران (هەورامیدا) وتراوە: نەجوو بەچە جوولەکەن.(2) واتە: ئەوەندە ترسنۆکە ئەڵێی جوولەکەیە. بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها ئاماژە بۆ ئەو پەندانە دەکەین کە تایبەتن بە شێوەی قسەپێکەرانی خەڵکی شاری سلێمانییەوە. تەنانەت خۆ لەو پەندانەش نەدراوە کە بەشێوەیەکی تری کرمانجی ناوەڕاست هاتوون، بۆ نموونە لە شێوەی (هەولێر)دا وتراوە: (جوو هەزار لیرەی دا، شەوێك منداری لە جێیان نەنوێ) چونکە تایبەتمەندی ناوچەیی خۆیی هەیە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جوولەکەی شاری

---

(1) مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلادین سەجادی، چاپخانەی مەعاریف، چ2، بەغدا، 1971، ل126

(2) واتەو و وەڵینا، جەمال بێدار، بەرگی1، چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، 2014، ل140)

سلێمانییەوە نییە. چونکە ئەو چیرۆکەی کە لەپشت پەندەکانەوەن ڕەنگدانەوەی هەست و نەست و تێکەڵیی خەڵکەکەیە، بۆ نموونە: ئەوەی لەسەر ئەم چیرۆکە دەگێڕنەوە ئەوەیە کە:

جوولەکە ئەوەی پێ ناخۆشە کە منداڵی ئەگەر بۆ شەوێکیش بێت لێی دوورکەوێتەوە، ئەم بۆ چوونەش بووە بە ئامۆژگارییەك بۆ موسوڵمانە کوردەکانیش. چیرۆکی پەندەکەش وەها هاتووە: سەردەمانێکی زوو، پێش ئەوەی کە جوو لە کوردستان کۆچ بکەن بۆ فەلەستین، مێردمنداڵێکی جووەکی دوکانداری ئەم شاری هەولێرە، لەباوکی زویر دەبێت و دەچێتە ماڵی دۆستێکی موسوڵمانی باوکی. باوکی زۆر هەراسان دەبێت... لەناوی دوکاندارەکانی دەوروبەری خۆی ئەوە بڵاودەکاتەوە کە: هەر کەس ئەمشەو کوڕەکەی بۆ بهێنێتەوە و لەجێی خۆی بێت، لەجێیان لیرەیەکی تەواوی دەداتێ. یەکێك لە دوکاندارەکانی نزیکی دەیزانی کە کوڕەکەی لەماڵی کێیە، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەمشەو بۆی نابەمەوە، بەڵکو بەیانی دوو لیرەم بداتێ. ڕۆژی دووەمی زویربوونەکە، کاتی چێشتەنگاو چووە لای باوکی کوڕە زیزبووەکە و گوتی: فلانی ئەرێ من ئەگەر کوڕەکەمت بۆ بهێنمەوە، چەند پارەم دەدەیتێ؟ جووەکەش گوتی: هیچ!

دووکاندارەکە گوتی: تۆ دوێنێ لیرەیەکت دەدا، ئەمڕۆ هیچ؟! ئەمە لەبەر چی؟!

**جووەکە گوتی: کەمن دوێنێ لیرەیەکم دەدا بۆ ئەوەبوو کە کوڕەکەم شەو لە جێیان بێ، ئەگەر شەوێك لەجێی خۆی نەبێت، تازە هیچی تێدا نەماوە.[1]**

**بۆیە لێرەدا تەنها ئاماژە بە چەند پەندێك دەکەین کە لەسنووری مەڵبەندی شاری سلێمانیی و شێوەزاراوەکەیدا وتراون:**

**(بە جوو سەرت بخوسێنە، بە گاور بیتاشە)[2]**

**(جوو، لە دین ئەبێ، لە خوێن نابێ)[3]**

**(جوو، لە ترسا، فەقێ لە برسا، دۆم بۆ پەڕۆ خۆش خۆش ئەڕوا)[4]**

---

**(1) پەندی کوردی: چیرۆکەکەی، عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، زنجیرە کتێبی ئنستیتیوتی کەلەپوری کوردستان، بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2006، ل136-137) هەروەها پەندەکانی (جووە شەموویتی، ل43) و (جوو هەرات جانگی بەجێ هێشت، ل37) لە هەمان سەرچاوەدا.**

**(2) چونکە جوو زۆر دوژمنە، کە سەرت بخوسێنێ، زۆر چاك هەڵی ئەگلۆفێ تا ئازارت بدات. سەریش تا باش بخوسێنرێ، تاشینی خۆشترە، بەڵام بە گاور بیتاشە، چونکە لە جوو ئەمینترە. (پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ، چ4، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007، ل75)**

**(3) بە یەکێك ئەوترێ کە پارە پەرست بێ، بە جۆرێك کە دەست لە دینی هەڵبگرێ، بەڵام دەست لە شتێکی خۆی هەڵنەگرێ. (پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ، چ4، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007، ل147)**

**(4) ئەم پەندە لە واتای ئەو پەندەدایە کە دەڵێت (بەرخ هەر لەناو کۆزا نابێ) (پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ، ل147) هەر لەبارەی ترسی جوولەکەوە لە شوێنانی تری کوردستاندا پەندی هاوشێوە هەیە، بۆ نموونە وتراوە (وەك جووی زرێبار وایە) کە مەبەست لە جوویەکی چەرچی ترسنۆکە و ویستوویەتی لە (قەڵای**

(جوولەکەش، خوایەکی هەیە)[تر]

(جوولەکــە کــە پــارەی نــەما، بــە کۆنــە قەرزانــدا دەچــێتەوە) یــان (جوولەکەی نابووت، دەفتەری کۆن ئەخوێنێتەوە)[یر]

(خوا ماڵی داوە بە جوو، کێری داوە بە نێرەکەر)[سم]

(دوو جوو لەسەر ماڵی موسوڵمان شەڕیانە)[شم]

(زێڕ بوونە پوولەکە، مێرد بوون جوولەکە)[له]

---

مەریوان)ـەوە بۆ دێی (یەنگیجە) بچێت. بڕوانە ( زمان، وێژە و فۆلکلۆری کوردی، ح،س،سۆران، چاپەمەنی ئێلێکترۆنیك، 2009، ل141)

(1) ستەم لێکراوێکی گوناهبار ئەیڵێ کە ستەمێکی لیّ کرابیّ، واتە: من گوناهباریش بم، خوایەکم هەیە تۆڵەم بسێنێ. (پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ، ل148)

(2) بە یەکێك ئەوترێ کە لەبەر نەبوونی شتی کۆن بخوێنێتەوە. (پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ، ل148)

(3) واتــە: هەرکەســێك شایســتەی چــی بــیّ، دراوێتــێ. (پەنــدی پێشــینان، شــێخ محەمەدی خاڵ، ل172)

(4) بە دووکەس، یان دوو دەستە ئەوترێ کە لەسەر ماڵی یەکێك یا دەستەیەك کەوتبنە مشتومڕ. (پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ، ل211)

(5) ئەم پەندە ئەیەوێ چارەسەری دەردێکی کوشندەمان بکات، ئەویش ئەمەیە هەر هاتە سەر شوو کردن، ئەوی داوای ئەکات لە زێڕ و ناوماڵ و پەڵپگرتن لە ماڵی مێردەکەی تا ئەیخاتە سەر ساجی عەلی و هەرچییەکی ببیّ هەمووی بە هیچە پیّ خەرج ئەکەن. مێردی بە سەزمانیش– وەك جوولەکەی جاران ئەبێ هەر دەستی بە سنگیەوە بێ، لە پاش چەند ڕۆژێ کابراکە تەماشا ئەکات وا هیچی بە دەستەوە نەماوە، بەڵکو قەرزدار و ماڵوێرانیش ماوەتەوە. هەر لەبەر ئەمەیە کەوا گەنجە خوێندەوارەکانمان هەموو لە دەرەوە ژن ئەهێنن و سەر بە وڵاتەکەی خۆیانا ناکەنەوە. (پەنــدی پێشــینان، شــێخ محەمەــدی خــاڵ، چ4، چــاپخانەی شــڤان، سلێمانی، 2007، ل233)

(لەماڵی جوو بخۆ و لە ماڵی گەور بنوو)[1]

(لە ناعلاجیدا بە جوولەکە ئەڵێ: بە ڕیشی مەردانت قەسەم)[2]

(جوولەکەیەکی خواناس باشترە لە هەزاری بەد خواس)[3]

(جوولەکەی پیێ موسوڵمان ئەبێ)[4]

ئـەم پەنـدە بەیـەکێك دەوتـرێ کـە بێدەسـەڵاتییەکەی لـە ڕادەیـەکی زۆردا بێت و هیچی پیێ نەکرێت.

(جوولەکەی دەست کەوەش[5] بەزەیی پیا دێتەوە)[6]

ئـەم پەنـدە بەیـەکێك دەوتـرێ کـە بێدەسـەڵاتییەکەی لـە ڕادەیـەکی زۆردا بێت و هیچی پیێ نەکرێت.

---

(1) چـونکە یەکـەمیان پاکوتـەمیزترە لـە دووەمیـان، بـەڵام دووەمیـان ئـەمینترە لـە یەکەم (پەندی پێشینان، شێخ محەمـەدی خاڵ، چ4، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007، ل360)

(2) جاران لە جوولەکە نامەردتر نەبوو، بەڵام ئێستا لە جوولەکە نامـەردتر ئێجگـار زۆرە. (پەندی پێشینان، شێخ محەمـەدی خاڵ، چ4، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007، ل361)

(3) پەندی پێشـینانی کورد، ئامادەکردنی: زەکیـە ڕەشـید محمد، شوێنی چاپ: چوارچرا، چ1، وەزارەتی ڕۆشنبیریی، 2013، ل89

(4) پەنـــدی پێشـــینانی کـــوردی، عـــەلی معـــروف شـــارەزووری، بـــەرگی2، چ1، چاپخانەی الحوادث، بەغدا،1987، ل65

(5) دەست کەوەش: مەبەست حومگەرییە، چونکە هەنـدێ جوولەکە جاران کە لـە ئێراقدا دەژیان ئیشی خومگەریی و وردەوڵەفرۆشییان کردووە. (پەندی پێشـینانی کـــوردی، عـــەلی معـــروف شـــارەزووری، بـــەرگی2، چ1، چـــاپخانەی الحـــوادث، بەغدا،1987، ل65)

(6) پەنـــدی پێشـــینانی کـــوردی، عـــەلی معـــروف شـــارەزووری، بـــەرگی2، چ1، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، 1987، ل65

(پیرەمێرد)یش چەند پەندێکی داڕشتووەتەوە و ئەم نموونانەی لێ دەخەینە ڕوو:

جوو کەبازاڕی کەوتە کەساسی
سەگ دەخەسێنێ بە دوو عەباسی
کە دراوی خۆی کردە هەمانە
بە هەموو کەسێك ئەڵێ (هامانە)[1]

جوولەکە بەقین هامان ئەکوژن
ئێستا بۆ خوێنی هیتلەر نامژن؟[2]

جاران جوولەکە خومی ئەشێوا
بە درۆ پیاویان ئەکرد بەکێوا[3]

---

(1) سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: فائق هۆشیار، مستەفا ساڵح کەریم، مەحمود ئەحمەد محەمەد، محەمەد نووری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ، چ2، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007، ل232

(2) هەمان سەرچاوە، ل234

(3) هەمان سەرچاوە، ل247

ئەگینــە ئەگــەر بــە دوعــای جــوو بــێ
ئــەبێ بــۆ هیتلــەر مــەرگێکی زوو بــێ[1]

یەکشـــەموو نـــەمام بـــنێ دێتـــە بـــەر
دوو شـــەموو هەڵســـە بچـــۆ بـــۆ ســـەفەر
سێ شـەموو نەحسـە بۆ کـورد بەجەنگـە
چـوار شـەمووان بـەهار سـەیر و ئاهەنگـە
پێـنج شـەمووان باشـە بـووکی تیـا ئەبـەن
هـــەینی بـــە جـــەژنی مـــۆمین نـــاو ئەبـــەن
شـــەموو تـــەعتیلی جوولەکـــەی تیایـــە
لای مـــن هـــەموویان ڕۆژی خودایـــە[2]

هــەروەها تــەواوی پارچــەی ژمــارە (896)ی کتــێبی (پەنــدەکانی پیرەمێرد) تایبەت دەکات بە شەڕی نێوان جوولەکە و موسوڵمانەکان و پێم وایە ئەم پارچەیە جیاواز لە هەموو پارچەکانی تری ناو کتێبەکە

(1) سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، ل296
(2) هەمان سەرچاوە، ل324

**و پەندەکانێتی؟ چونکە جۆرە یەکێتییەکی بابەت لە نێوان دێڕەکانیدا هەیە و وەك چیرۆکە شیعرێك داڕێژراوە.[1]**

**هەڵدەگرێ ببمە منەتباری جوو**
**کە ئەم وەحدەتەی پێ خستینە ڕوو**
**عەرەب و کورد و تورك کە یەکخرا**
**هەروا بڕوانە جوو تێی هەڵدرا**
**نیفاق بەربووە سەر و گوێلاکمان**
**جوولەکەیش چاوی بڕیبووە لاکمان**
**ئێستا لاوانمان وەك شێری ژیان**
**بەدەنگی دلێر هاتوونە مەیدان**
**ئەم قەومەی کەوا خوا دەربارەی ئەوان**
**فەرمووی یەك بە دەن بۆ ڕۆژی مەیدان [2]**
**چۆن لە ڕاستی جوو ڕوو وەرئەگێڕن**
**لە خەیبەرەوە بەوانە فێرن**
**ئێمەش نەتەوەی سەلاحەدینیین**
**خۆمان بەو ناوە لایق ئەبینیین**
**جیهادی قودس پەیڕەویمانە**

---

(1) **شایەنی باسە ئەم شیعرە ساڵی** 1947 **لە ڕۆژنامەی** (**ژین**)**ی ژمارە**896-897 **دا بڵاوبووەتەوە.**

(2) **مەبەست لەو ئایەتەیە کە** ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُواْ مِئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّائَةٌ يَغْلِبُواْ أَلْفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَفْقَهُونَ﴾ **سورەتی** (**الانفال**) **ئایەتی** 65

فیـــــداکاریمان شـــــەرتی ئیمانـــــە
ئــای لــە عێــراق و جــۆش و خرۆشــی
وا بــۆ ســەر شــایی ئەچــین بــە خۆشــی
هێجگـــار کچـــانمان هاتوونـــە غـــیرەت
ئـــەڵێن: جیهـــادی دەوری ســـەعادەت
قەســیدەخوان و پێشلەشــکر کــچ بــوون
عائیلـــەی نـــەبیش لەگـــەڵیان ئەچـــوون
جــووی گــەڕی گــەڕۆك لێمــان کەوتــە گــەڕ
هـــەرا ئەخاتـــە نـــاو بەشـــەر بەشـــەڕ
نـــازانن ئـــەوەی کـــەپێی دەنـــازن
کەســیان خــۆش نــاوێ سیاســەت بــازن
ئـــەمرۆ جوولەکـــە ڕاســـت ئەکەنـــەوە
هـــەر بـــۆ ئەوەیـــە گـــرەو بەرنـــەوە
ئەگینــە کــێ بــێ هیــوای بــە جــوو بــێ
ئابدەســتخانەمان ئــەبێ بــۆ (.....)بــێ
هـــەموو دەوڵـــەتێك بـــە خـــوو کـــردەوە
قـــــەومی جوولەکـــــەی تـــــاقیکردەوە
خاســـــییەتێکی ڕاســـــتی تیانـــــەدین
دەریـــان پەڕانـــدن لێیـــان کەوتنـــە قـــین
ئێمـــــە ئەمـــــەمان کـــــە دێ بەســـــەردا
خــوا ئــەیکا دەســتمان لــەدینمان بــەردا
ئێســتەش ئەگــەر بــێ و ڕوو بکەینــە خــوا
هـــــەر لەپێشـــــەوەین ناکەوینـــــە دوا

ئەگـەر لەسـەر دیـن هەڵسـین بـۆ جیهـاد
سـەلاحەدینی کـورد بێنینـە یـاد
بـەگیان تێکۆشـین بـۆ دیـن وەك دوێـنێ
گـەڕ و تەشـقەڵە وازمـان لـێ دێـنێ
لـە شـەڕی پێشـوو هێنـدە کـوژراوە
هـیچ کامیـان هێـزی شـەڕیان نـەماوە (1)

وەك دەبینین لێرە پیرەمێرد وەك نەیارێکی جوولەکە و لە ڕوانگەی دارِشتنەوەی پەندی پێشینانەوە هێرش دەکاتە سەریان و قسەی ناشرینیان پێ دەڵێت و چوواندی وایان بۆ دەهێنێتەوە کە بۆ باسکردن ناشێن...

---

(1) سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: فائق هۆشیار، مستەفا ساڵح کەریم، مەحمود ئەحمەد محەمەد، محەمەد نووری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ، چ2، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2007، ل505 و 506




وێنەی چەند پۆلیسێکی کورد لە فەلەستین– 1948[1]

(1) ئەو کەسەی لە پێشەوە دانیشتووە، باپیری نووسەری ئەم کتێبەیە لە دایکییەوە کە ناوی (عەبدولڕەحمان بارچاوەش)ە.

## دووەم: مەتەڵ:

لة شةممة جومعة ناكريَ!

وةلآم طوندي (شةممة)ية: كة مةبةست لة طوندي شةممةي سةر بة قةرةداغة كة زؤرينةيان جوولةكة بوون و نويَذي جومعةيان نةكردووة.

## سێیەم: هۆنراوەی فۆلکلۆریی:

بانگ کە جوولەکە بەو پەلەپەلە
کەمەرە دروست کەن بۆ پشتی سەلە[1]

تف لە مێردەکەت بن مل گەڕۆڵە
وەك کەر جوولەکە کورتان شڕۆڵە[2]

سۆفی ساحێب ڕادوێنم
جوولەکەی تەورات خوێنم
نانی شەوێکم نەبێ
ئاهەدم کردووە ئەتهێنم[3]

---

(1) هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردەواری، بەرگی1، چاپی1، چاپخانەی ئەژین، سلێمانی، 2000، ل135

(2) هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردەواری، بەرگی1، چاپی1، چاپخانەی ئەژین، سلێمانی، 2000، ل110

(3) چەپکێ لە گوڵاڵە سوورەی شارەزوور، علی شارەزووری، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، 1982، ل104

عەشـرەت هـۆ براگـەل چـاری کـارم کـەن
یـان لـە گـۆڕی جـوو سـەنگە سـارم کـەن
یان ئەو کچەم بدەنێ و لـەدێ بارم کـەن[1]

هــــاتن، هــــاتن دوو بــــــەدوو
کەڵەگـــــەت و خـــــاڵ لـــــە ڕوو
لەبــــەر خـــــۆف خـــــوا نـــــەبێ
وەك جــــوو بــــۆی ئــــەگرم شــــەموو[2]

---

(1) چەپکێ لە گوڵاڵە سوورەی شارەزوور ، ل115
(2) هەمان سەرچاوە، ل156

## چوارەم: حیکایەتی فۆلکلۆری کوردیی و جوولەکە:

بەشێوەیەکی گشتی لە چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردییدا بەشێوەیەکی خراپ باس لە کەسایەتیی و پێگەی جوولەکە هاتووە. تەنها چیرۆکێکی فۆلکلۆری هەیە بەناوی (کاروباری ماریێ ژن بەڕێوابا) دا کە کەسایەتی جوولەکەی ناو چیرۆکەکە وەك کەسێکی باش دەرکەوتووە.[1] کە ئەمیش تایبەتمەندی شێوەزار و ڕەنگدانەوەی ژیانی خەڵکی شاری سلێمانی نییە و تایبەتە بە ناوچەی خۆشناو... ئیتر چیرۆکێکی فۆلکلۆریی بەرچاو نەکەوتووە کە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە بێت، بۆیە لێرەدا تەنها یەك چیرۆکی فۆلکلۆریی کورت بە نموونە دەهێنرێتەوە کە ڕەنگدانەوەی شێوەزاری خەڵکی شارەکەن:

جوولەکەیەکی دەوڵەمەندی ساختەچی جاڕ ئەدا و ئەڵێ: هەرکەس چل ڕۆژ بێتە لام، چل لیرەی ئەدەمێ. کوڕەکەچەڵیش ئەڵێ: من ئامادەم. کوڕەکەچەڵ ئەڕواتە لای جوولەکە و چل لیرە وەرئەگرێت و ئەیخاتە دەستی دایکییەوە. دایکیشی زۆری پێخۆش ئەبێ و دەست بە سەریا ئەهێنێ و بەقوربانی ئەبێ...

ڕۆژێك کابرای جوولەکە چەند ولاخێك پێش خۆی ئەخات و کوڕەکەچەڵیش دوای ئەکەوێ و ئەکەونە بیابانێکی کاکی بە کاکییەوە و لائەدەنە سەر بیرێك. جوولەکەکە بە کوڕە کەچەڵ ئەڵێ: بەم گوریسەدا بچۆرە خوارەوە! منیش لەسەرەوە ئەم خورجانەت یەکە

---

(1) بڕوانە (کانی خومان- چیرۆکی فۆلکلۆری خۆشناوەتی، هێمن عومەر خۆشناو، ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2012، ل133)

یەکە بۆ ئەخەمە خوارەوە و پڕیانکە لە زێڕ و زیو و منیش هەڵیان ئەکێشمە سەرەوە!! کوڕەکەچەڵ ئەچێتە خوارەوە و خورجەکان پڕ ئەکا لە زێر و زیو و کابرای جوولەکەش لەسەرەوە هەڵیان ئەکێشێ و پێش ئەوەی کوڕەکەچەڵ سەرخاتە سەرەوە، بۆی دەرئەچێت!! کوڕەکەچەڵیش لە خوارەوە هەر هاوار ئەکا و کەس فریای ناکەوێ بۆی دەرئەکەوی کە کابرای جوولەکە فێڵی لێ کردووە. زۆر ترسا و بە تەمای خۆی نەما...

کوڕەکەچەڵ لەناو بیرەکەیا گوێی لە کڕانەوەی ئێسقان ئەبێت و لای خۆیەوە ئەڵێ: ئەبێ ئەم کابرای جوولەکەیە چەند کەسی بەم شێوەیە لەناو بردبێ؟! هەنگاوێك ئەچێتە پێشەوە و ئەبینێ وا ڕێوییەك ئێسقان ئەکڕێنێتەوە!! کلکی ڕێوییەکە ئەگرێت و هەرچۆنێك بووە خۆی ڕزگار ئەکات و لە بیرەکە یەتە دەرەوە و ئەگەڕێتەوە بۆ لای دایکی؟!

دایکی ئەڵێ: کوڕم دواکەوتی.؟!

ئەویش ئەڵێ: دایکە، ئیشەکە وابوو!

بۆ بەیانی کوڕەکەچەل خۆی بەجۆرێکی تر ئەگۆڕێ و ئەچێتەوە بۆ شوێنەکەی جاران و گوێی لە جاڕی جوولەکەکە ئەبێت کە ئەڵێ: هەر کەس ئامادەبێ چل ڕۆژ و چل شەو لە گەڵم بێ، چل لیرەی ئەدەمێ. ئەویش ئەڵێ: من ئامادەم!

کابرای جوولەکە و کوڕەکەچەڵ بە یەکەوە ئەڕۆن و ڕوو ئەکەنەوە بیابانی بە کاکی و دیسانەوە جوولەکەکە بە کوڕەکەچەڵ ئەڵێ بچۆرە ناو بیرەکەوە و ئەم خورجانەم بۆ پڕکە لە زێڕ و زیو... ئەمجارەیان کوڕە کەچەڵ ئەڵێ: تۆ بچۆرە خوارەوە. جوولەکەکە ئەچێتە خوارەوە و خورج و جەواڵەکان پڕ ئەکا و کوڕەکەچەڵ هەڵیان ئەکێشێ بۆ سەرەوە و سەری بەسەر بیرەکەدا شۆڕئەکاتەوە و بە جوولەکەکە ئەڵێ: من ئەو کوڕەکەچەڵەم کە جاری پێشوو بەجێت

هێشتم! کوڕەکەچەڵ ئەگەڕێتەوە و بارەکان ئەبا بۆ ماڵی کابرای جوولەکە. ژنەکەی ئەڵێ: کوا مێردەکەم؟!

کوڕەکەچەڵیش ئەڵێ: ئەو ویستی من لەناو بەرێت، بەڵام من ئەوم لەناوبرد!

ژنەکەی ئەڵێ: دەستت خۆش بێ، ئەو چەندین کەسی لەناوبردووە!!

کوڕەکەچەڵ ژنی جوولەکە مارە ئەکا و لەسەرماڵەی دائەنیشێ... (1)

## پێنجەم: گۆرانی فۆلکلۆریی:

بەپێی ئایینی جوولەکە، ڕۆژی شەممان بە ڕۆژێکی پیرۆز و تایبەت دادەنرێت؟ هەر ئەم بڕوایەشە کە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردییدا هاتووە:

هاتن، هاتن دوو بە دوو
کەڵەگەت و خاڵ لە ڕوو
لەبەر خۆف خوا نەبێ
وەك جوو بۆی ئەگرم شەموو (2)

(1) ژن لە بەسەرهات و چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردییدا، سەلام مەنمی، چاپی یەکەم: چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی، 2014، ل33-34

(2) ڕۆژەکانی هەفتە، محەمەد مەردان، گۆڤار کەلەپووری کورد، ژمارە 12، ل26

**ڕۆژی شەممان جوولەکەکان ئاگریان نەکردووەتەوە، بۆیە لە ڕۆژی پێشتردا، واتە هەینییان (کولەکەیەکی گەورەیان دەهێنا و پڕیان دەکرد لە برنج و کشمیش و بادەم و جۆرەها کەرەستەی تر. ئینجا توند سەرەکەیان دەبەست و دەیانخستە سەر ژیلەمۆی ئاگری ناو تەنوورەوە. پاشان سەری تەنوورەکەیان جوان دەنایەوە، ئینجا بەحاڵ کونێکیان دەکردە گوڵینەکەوە و وازیان لێ دەهێنا تاوەکو بەجوانی دەپیشا. ئینجا لە ڕۆژانی شەمموواندا بەکاریان دەهێنا.)[1] ئەم خواردنە لە بەیت و بالۆرەی[2] فۆلکلۆری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و وتراوە:**

**چوومە ماڵی جوولەکە، قوڵپەقوڵپی کولەکە**
**چوومە ماڵی گاور، قوڵپەقوڵپی ساوەر**
**چوومە ماڵی ئەرمەنی، قوڵپەقوڵپی سەمەنی[3]**
**چوومە ماڵی موسوڵمان، دەنگی ئایەتی قورئان)[4]**

---

(1) **ڕۆژەکانی هەفتە، محەمەد مەردان، گۆڤار کەلەپووری کورد، ژمارە** 12، ل26

(2) **جۆرە گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردییە کە لەنێوان کوڕان و کچاندا دەگوترێت و شێوەی گێڕانەوەی هەیە.**

(3) **سەمەنی: جۆرێکە لە خواردن کە (هەڵوای لە شیرەی گەنمە فەریکە و ئارد) دروست دەکرێت. بڕوانە (فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، هەژار، چاپ، سوم، انتشارات سروش، تهران،** 1381، ل449)

(4) **ڕۆژەکانی هەفتە، محەمەد مەردان، گۆڤار کەلەپووری کورد، ژمارە** 12، ل38

هـــــــاتۆ هـــــــاتۆ لـــــــه ژوورۆ
لـــــــــەبناری شـــــــــارەزوورۆ
وەك جوولەكـــــــەی فەلەســـــتین
جــــەرگمی دا لــــــە تـــــەنوورۆ [1]

## شەشەم: داستانی فۆلكلۆریی:

له داستانی (قەڵای دمدم)دا هاتووه كه:

ئەگـــەر نـــەم ئەســـتان بـــەوان زووان
ڕەشـــــم بكــــەن هــــــەردوك ڕووان
دامنــــێ لـــه جـــێ مـــاڵی جـــووان [2]

هەر لە داستانی (قەڵای دمدم)دا هاتووه كه:

كـــێ بـــوو، لـــه حەمـــەد بـــەگی لێتانـــه
ڕووی ڕەش بـــێ دەگـــەڵ جووانـــه! [3]

---

(1) جولەكەكانی كوردستان، ئەحمەد باوەڕ، چ1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، 2000، ل55 كه ئەمیش له (حەمه عەلی تازەدێ) ناوێكی وەرگرتووه.

(2) تحفەی مظفریە، ئۆسكارمان، پێشەكی و ساخكردنەوە و هێنانه سەر ڕێنووسی كوردی: هێمن موكریانی، چ2، بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر، 2006، ل137

(3) تحفـەی مظفریـه، ئۆسـكارمان، پێشـەكی و سـاخكردنەوه و هێنانـه سـەر ڕێنووسـی كـوردی: هـێمن موكریـانی، چ2، بڵاوكـراوەی ئـاراس، هـەولێر، 2006، ل140

## حەوتەم: تانە و دەربڕینی ئاسایی:

- لەبەری بوومە جوو، کەچی هەر ڕازی نەبوو!
- هەی جوولەکە!

(واتە بۆ ئەوەندە دەترسی؟!)

- بەقەد جوولەکەیەکی هەیە!

(واتە سەروەت و سامانێکی زۆری هەیە و دەوڵەمەندە)

- دەڵێی کفتەی شەممەی جووانە

(کفتەیان لە هەینیدا کردووە و لەشەممەدا بەساری خواردویانە چونکە ڕۆژانی شەممە ئاگریان نەکردووەتەوە)[1]

- جوولەکە فرۆشی مەکە.

(واتە هەرزانفرۆشی مەکە و بە قازانجێکی زۆر کەم شتەکە مەفرۆشە.)

- هەمانە هامانە

(1) ئاشکرایە کە لە ئایینی جوولەکەدا، ڕۆژی شەممە ڕۆژێکی پیرۆزە، ڕەنگە هەر ئەم بابەتەش کاریگەری لەسەر چەند نەریت و باوەڕێکی کوردانەوە هەبێت، بۆ نموونە باوەڕبوون بە شەو شەممەکی، یان (شەمماڵە) کە بریتی بووە لەوەی کەسانێك یان خێزانێك ئەگەر بیویستایە کارێك بکەن، لە شەوی شەممەدا نیازی ئەو شتەیان دەخستە دڵیانەوە و لەماڵ دەچوونە دەرەوە و گوێیان دەنا بە پەنجەرەی ماڵێکەوە و ئەگەر کەسانی ماڵەکە قسەوباسی باشەیان بکردایە، ئەو کات ئەمان کارەکەیان دەکرد و بە پێچەوانەشەوە کارەکەیان جێبەجێ نەدەکرد.

سەبارەت بە دەربڕینی (هەمانە هامانە) کە پەیوەندی بە جوولەکەکانەوە هەیە، (عەباس مەلا ئیبراهیم حافظ) ناسراو بە (وەستا عەباسی دارتاش) لە کتێبی (سلێمانی لە بیرەوەریەکانمدا) دەنووسێت (هەمانە هامانە، هامانیش هامانی جوولەکە بوو. هەمانە لە زەمانی هامان لەباتی گونیٚ و توورەکە خواردەمەنی وشکەیان دەکردە ناو هەمانەوە، بەشتێکی پیرۆزیان داناوە و لە هەموو ماڵی جوولەکەکانی سلێمانی ڕسقی وشکەیان لە هەمانە هەڵئەگرت، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی هەمانە هی هامانە. هەمانە بریتییە لە کەوڵی بزنێکی نێر، دەیانگروو سەریان ئەبڕی سەرەکەیان لیٚ ئەکردەوە لەملیەوە، گۆشتەکەیان دەهاوردە دەرەوە، ئاو مازوویان ئەکردە ناو، خۆشەیان ئەکرد دوای خۆشکردنی، ئاو مازووی کوتراویان تیٚ ئەکرد و ملەکەیان دەبەست بە دوو تاڵ بەن، ئینجا بە دەسێك هەردوو قاچی و بە دەستیٚ هەر دوو دەستیان ئەگرت و ئەیان شڵەقاند، دوای شڵەقاندن، ئەو ئاوە گزگلەیان دەڕشت ئینجا فوویان تیٚ دەکرد وەك بزنەکەی لیٚ دێتەوە، ئینجا هەڵیان دەواسی بە بنمیچی ناو ژوورەکەوە بەمانا بەدارەڕای ژوورەکەوە و بە هۆی گەرمی ژوورەکە وشك دەبووەوە ئیتر مەشکە بۆ دۆ تێکردن و یا پێی ئەڵێن کونە بۆ ئاو یا پێی ئەڵێن هیزە بۆ ڕۆن هەر ئەو کەوڵەیە سیٚ ناوی هەیە، ئەمە هەمانە. شتێکیش هەیە پێی ئەڵێن موشەدەمە، ئەمیش هەر هەمانەیە و هەموو جوولەکە زەڕنگەرەکان لەناو دوکانەکانیانا ئاگریان پیٚ گەشاندەوە بەو ئاگرە ئاڵتونیان پیٚ نەرم ئەکردەوە بە ترش و زاخ زاخاوی ئاڵتونیان ئەدایەوە مزگەر بۆ حاجەت سپیکردنەوە موشەدەمەیان بەکارهێنا لەو موشەدەمەی هەمانەوە موشەدەمەی دار

و دەمچــەرمیان دروســت کردبــوو. زەڕنگــەر، مســگەر، چەخماســاز و ئاسنگەر، مووشەدەمەیان بەکار هێناوە.(تر)

ســەبارەت بــە تانــە و دەربــڕینی هەســتی گوزارشــتکردن (دبلیــۆ ئارهــەی)(یز) لــە کتێبی (دووساڵ لــە کوردســتان)دا دەنووسێت: ئەگــەر کوردێــك ڕقــی خــۆی لــە فەرمانبــەرێك دەربــڕێ، دەڵێــت (تەنانــەت جوولەکــەش لــەو باشــترە). ئەگــەر بیشــیەوێت ڕەوشــت چــاکی عەشــیرەتەکەی دەربڕێــت، دەڵێــت (تەنانــەت جوولەکــەش دەســتی بەسەریاندا دەشکێ). جوولەکەکان بە زمانی خۆیان قسە دەکەن و بەپێی دەنووسن. لەشارەگەورەکاندا لە جیاتی کوردیی و تورکیی، پێیان باشترە کە بە عەرەبی قسەبکەن.(سە)

---

(1) سلێمانی لە بیرەوەریەکانمدا، ل17و18

(2) پــاش ئــەوەی کــە ســاڵی 1914 ســاڵی یەکــەمی خوێنــدنی لــە زانکــۆی "ئۆکسفۆرد"تەواو دەکات، بەرەو هندستان بەڕێ دەکەوێت و لەساڵی 1915شدا دەچێتە میزۆپۆتامیا و تا ساڵی 1916و پاش ئەوەی کە بریندار دەبێت، بۆ هندستان دەگەڕێتەوە. ساڵی 1917-1918 بۆ ئێراق دەگەڕێتەوە وەك حاکمی سیاسی "مەندەلی" دادەمەزرێت. زمانەکانی فارسیی و عەرەبیی و تورکی و کوردی بە نیمچە ڕەوان زانیوە. ماوەیەك حاکمی سیاسی شاری هەولێربووە و ماوەیەکیش یاریدەدەری حامی سیاسی ڕەواندز بووە لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیادا. ئەو ناوچانەی کە سەردانی کردوون و لەم کتێبەدا ناویان هاتووە، بریتیین لە (مەندەلی، هەولێر، ڕەواندز، کۆیە، ئاڵتون کۆپری...) و زۆرێك لەو ناوچە و شارانەی کە بە میزۆپۆتامیا ناوی هاتووە. سەردەمی تۆمارنامەی زانیارییەکانی کتێبەکەش پەیوەندی بە ساڵانی 1918-1920ی ئەم ناوچانەوە هەیە.

(3) دوو ساڵ لە کوردستان، دبلیۆ ئارهەی، وەرگێڕانی: لوقمان باپیر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، ل89

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە ئەو زمانەی کە جوولەکەکانی سلێمانی قسەیان پێ کردووە، لە دوو ئاستدا بەکاریان هێناوە: یەکەمیان: لە نێوان خۆیاندا کە زۆربەی خەڵکەکە لێی تێنەگەیشتوون و تەنانەت وەك (د. عیزەدین مستەفا ڕەسول) دەگێڕێتەوە: وامان دەزانی کە عیبرییە، بۆ نموونە ئەوان ژمارەیانیان وەها گۆ دەکرد و دەیانوت (تلاتە، ئەربا، خەمشە، ئیشتە، شۆیە، ئیچعە، ئیسرە...) بەڵام کە چوومە سوریا و لەوێ لە بەشی عەرەبی کۆلێژی ئاداب وانەی عیبریم خوێند، پرسیارم لە مامۆستای وانەکە (ربعی کەمال)کرد کە بێژەری ڕادیۆی عیبری شامیش بوو، وتی ئەوە عیبری نییە و کلدانییە، دیاریش بوو کە زمانیان لەگەڵ زمانی مەسیحییەکانی سلێمانیدا نزیك بوو لەیەکەوە. ئەوان لەگەڵ خۆیاندا بەو زمانە قسەیان دەکرد و لەگەڵ ئێمەشدا بە کوردی قسەیان دەکرد.[1]

ئاستی دووەمیان: ئەوەبووە کە لەگەڵ کوردەکان و تێکڕای خەڵکی شاردا پێی دوواون و تاڕادەیەکی زۆر کوردییەکەی وەك بەکارهێنانی کوردییەکەی خەڵکی شار وابووە.

سەبارەت بە دەربڕینی (یا حەزرەتی موسا، کەری خۆم لێ بووە بە ڕمووزن) ئەوە باس دەکرێت کە ئەم باسە لە ڕووداوێکەوە هاتووە کە پەیوەندی بە جوولەکەیەکەوە هەبووە، بەم شێوەیە:

---

(1) چاوپێکەوتنی (محەممەد مەردان) لەگەڵ (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) ڕۆژی 2014/8/11 لە سلێمانی.

دوو زەلام ویستوویانە چەرچییەکی[1] جوولەکە ڕووت بکەنەوە، کاتێ کابرای جوولەکە وردەواڵەکەی بە پشتی گوێدرێژدا داوە و گونداوگوند گێڕاوێتی و خۆی لە پێشەوە ڕۆیشتووە –تەنیاش بووە– و ڕەشۆی کەرەکەی ڕاکێشاوە ، دوو زەلامیش کەوتوونەتە دوای. یەکێکیان شێوەی خۆی گۆڕیوە و سەروچاوی خۆی قوڕاوی کردووە و ڕەشۆی کەرەکەی لەسەری کەرەکە داماڵیوە و و کردوویەتی بە سەری خۆیەوە و زەلامی دووەم کەرەکەی بە ڕێگایەکی دیکەدا بردووە و کە کەر و زەلام دوور کەوتوونەتەوە، کابرای دووەم –سەر بە ڕەشۆ– خۆی گرتووە و بە شوێن چەرچی جوولەکەدا نەڕۆیوە، وەختێ جوولەکە لای بە دوادا کردووەتەوە، بۆ ئەوەی برزانێ بۆ کەرەکەی لەدوا ناڕوات، ئەو شێوە ترسناکەی کابرای سەرچاو قوڕاوی دیوە و ئەوەی گوتووە کە لە شێوەی نیمچە پەندێکی لە خۆ گرتووە (یا حەزرەتی مووسا)[2]

---

(1) چەرچی: مەبەست ئەو کەسەیە کە وردەواڵەی فرۆشە و بابەتی وەك: دەرزیی و دەزوو و شانە و شتی لەم جۆرانەیان بە زەمیلە یان بەسوار پشتی کەرێکەوە بۆ فرۆشتن گونداوگوند بردووە.

(2) بووژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە– بەرگی5، چ1، 2003، ل391

**هەشـــتەم: لــە دێـــڕە هــۆنراوەی جیاوازیشـــدا ئـــەم شـــێوەیە دەبینرێت، وەك:**

**شەرتە لە داخت ببمە مووسایی(1)**
**کەشکۆڵ هەڵگرم بکەم گەدایی(2)**

**ئەمانــە و لــە هــۆنراوەی کلاسـیکی کوردیشــدا بەچـاوێکی کــەم و بێبایەخــەوە ســەیری جوولەکــە کــراوە، بڕوانــە (مەلاپەرێشــان)(3) لــە یەکەمینەکانی شاعیرانی کوردە لە ڕووی مێژووەوە چی دەنووسێت:**

**مجـــوس ارمــــنی کــــرد و نصــــارا**
**یهــود و کــافر بــت پــرس ترســا(4)**

---

(1) مووسایی: ئەوەی لە سەر ئاینی مووسا پێغەمبەرە، جوو، جوولەکە.

(2) چـەند مەڵۆیـەك لـە شـارای فۆلکلـۆری کـوردی، جەعفـەر شـێخ حوسـێن بـەرزنجی، دەزگـای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کـوردی، چـاپخانەی (الزمـان) ، بەغـدا، 1986، ل42

(3) ژیانی (مـەلا پەرێشـان) هاوسـەردەمی ژیـانی (شـێخ رجب بورسـی)بووە کە یـەکێك بووە لە زانا هەڵکەوتووەکانی سـەردەمی خـۆیی و نـاوی (الشـیخ الحـافظ رضـي الـدين رجب بن محمّد بن رجب البرسي الحلّي)، لەبەرئەوەی کە هـەموو قورئـانی لەبـەر بووە بـە (حافز)یش ناوبانگی دەرکردووە. بووە خاوەنی کتێبـەکانی (مشـارق الأمـان)، وکتـاب ( اللمعـة)، و(الألفـين)، و (مشـارق أنـوار الـيقين في حقـائق أسـرار أمـير المـؤمنين ). وەك ئاشـکرایە بورسـی، خـەڵکی گونـدی (بـرس)ی نزیـك شـاری (کوفـە)ی وڵاتـی ئێراقـە. (ریـاض العلمـاء) بە (الفقيـە المحـدث الصـوفي المعـروف) و (الحـر) بـە (المحـدث الشـاعر الأديب) ناویان بردووە. بڕوانە: (الأمين، محسن .أعيان الشيعة – ج6، صفحة 465)

(1) هەمان سەرچاوە

(1) هەمان سەرچاوە

# بەشی پێنجەم

## دژایەتیی و پێکەوەیی کورد و جوولەکەکانی ناو شاری سلێمانی

# دژایەتیی و پێکەوەیی کورد و جوولەکەکانی ناو شاری سلێمانی

بۆ ئاشکراکردنی پەیوەندی ژیانی کۆمەڵایەتی نێوان کورد و جوولەکە پێویستە کەمێك بۆ دواوەتر و بۆ دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بگەڕێینەوە لە ناوچەکە دا خاوەن ئایینەکانی تر، وەك گاور و جوولەکە، دوو ڕێگەیان لەبەردەمدا بووە: یان ببنە موسوڵمان و ئایینی ئیسلام قبووڵ بکەن و ئەگەر وایان کرد (لهم ماللمسلمین علیهم ما علی المسلمین) واتە: بێکەم و زیاد وەك موسوڵمانەکانی دیی دەبن و جیاوازی لە نێوانیاندا نابێت، یان لەسەر ئایینەکەی خۆیان بمێننەوە و جیزیە[1] بدەن و ئەوکاتە موسوڵمانەکان سەر وماڵیان دەپارێزن و بە ئازادیی ڕێ و شوێنی ئایینەکەی خۆیان دەکەن.

جوولەکەکانی کوردستانیش بەر هەمان یاسا کەوتوون و بەهەمان ڕێباز و شێوە ڕەفتاریان لەگەڵدا کراوە. کاتێکیش وەك -نیزام و حوکم- ئیسلام دەسەڵاتی نەماوە، موسوڵمانان ڕەفتارێکی مرۆڤدۆستانە و شیاوی ئینسان و مۆرڤیان لەگەڵدا کردوون. ئێمە ناڵێین برایان بوون و

---

(1) جیزیە: بڕێك پارە بووە کە ئەهلی کیتاب داویانە بە بەیتولمالی موسوڵمانان بەپێی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت ﴿قاتلوا الذین لایؤمنون بالله ولاباليوم الآخر ولایحرمون ماحرم الله ورسوله ولایدینون دین الحق من الذین أوتوا الكتاب حتى یعطوا الجزیة عن ید وهم صاغرون﴾ سورەتی (التوبە) ئایەتی 9

بەمانای برایەتی ئیسلامیی، بەڵام برایان بوون بەمانای برایەتیی مرۆڤایەتیی و ئەم برایەتییەش زۆر باش پارێزراوە.(1)

پاڵپشتیکردن لە ئایدۆلۆژیای ئایینیی یان نەتەوەیی، زۆری ئەو نووسینانەی بەلادا بردووە و ڕێچکەی مێژوویی و زانستی لێ گۆڕیون کە سەبارەت بە پەیوەندی ژیانی کۆمەڵایەتی نێوان کورد و جوولەکە هەبووە و بەیەك ئاراستە ئاوڕ لە هەموو قۆناغە مێژووییەکانی پەیوەندی جوولەکە و ئەو کۆمەڵگا و گەلانە دەدەنەوە کە جوولەکە نیین و بەر ئەو دەقانەیان دەخەن کە لە قورئاندا بۆ قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو دانراوە! لەکاتێکدا کە لە قورئاندا هاتوو:

﴿مِنَ الَّذِينَ هَادُوا يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَنْ مَوَاضِعِهِ وَيَقُولُونَ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَاسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ وَرَاعِنَا لَيًّا بِأَلْسِنَتِهِمْ وَطَعْنًا فِي الدِّينِ ۚ وَلَوْ أَنَّهُمْ قَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَاسْمَعْ وَانْظُرْنَا لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَأَقْوَمَ وَلَٰكِنْ لَعَنَهُمُ اللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا﴾(2)

واتە: هەندێ لە یەهودییەکان واژەکان لەجێی خۆیان لادەبەن و ئاڵوگۆڕیان پێ دەکەن و بێشەرمانە دەڵێن: بیستمان و نافەرمانیمان کرد، ببیسە، بەڵام گوێی پێ مەدە کەگوێ نادەنە قسەی تۆ. بە مەخسەرە دەڵێن: مۆڵەتمان پێ بدە کەڕمان بکە تا بەزمان بادان خۆیان لە هەقیقەت لادەن و تانەوتەشەر لە دین بدەن، بەڵام ئەگەر ئەوان بیان وتبا: بیستمان و فەرمانمان برد و قسەمان ببیستە و مۆڵەتمان بدە باشتربوو بۆیان، بەڵام خوا ئەوانی لەبەر کافربوونیان لە

---

(1) بووژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە- بەرگی5، چ1، دار الثقافة والنشر الكردي، بغداد، 2003، ل389و390

(2) ئامارژەیە بە سورەتی (النساء) ئایەتی 46

ڕەحمـەتی خـۆی دوور خسـتەوە جـا ئەوەیـە بێجگـە لـە ژمارەیـەکی کەمیان بڕواناهێنن.

لەو سەردەم و شارەی ئێمە باسی دەکەین نموونەی جیاوازمان هەیە؟!

بەداخـەوە نووسـەری کتێبێکـی جوولەکـە ڕقـی موسـوڵمانان لـە جوولەکە لە ئێستا و مێژوودا بەم شێوەیە باس دەکات و دەنووسێت: ئێمەی موسوڵمان تەنها لەبەر سیفەتە خراپ و دزێوەکانیان ڕەقمان لە جوولەکەیـە کـە بەدرێـژایی مێـژووی دروسـتبوونیان تـا ئێسـتا مومارەسەیان کردووە.[1] تەنانەت ئەم سیفەتە خراپەیان بەشێوەیەکی ئـەزەلی بـاس دەکـات و لـە جوولەکـەی شـوێنێك بـۆ شـوێنێکی تـر و سـەردەمێك بـۆ سـەردەمێکی تـر جیای ناکاتـەوە و دەنووسێت: گـەلی جوولەکـە هـەڵگری هـەزاران سـیفەتی گەنـدەڵ و نەخۆشـن و لەگـەڵ خوێنیان تێکەڵ بووە.[2]

ئەمە لە کاتێکدایە زەمینەی کات و شوێن هەندێ جار ئەوە دیاری دەکـات کـە چینە کۆمەڵایـەتیی و ئایینییـەکان چـۆن لەگـەڵ یـەکتردا هەڵدەکـەن. بـۆ نموونـە، زێـوەری شـاعیر (1875-1948) بـارودۆخی شـارەکەمان لــە سـاڵانی کۆتـایی ژێـر دەسـەڵاتی حـوکمڕانێتی عوسمانییەکاندا (1850-1917) بەم شێوەیە بۆ وەسف دەکات:[3]

---

(1) جولەکـە، دانـا عوسمـان حسـن، پـڕۆژەی هیـوا بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، چ2، 2011، ل268

(2) هەمان سەرچاوە، ل271

(3) دیوانی زێوەر، مەحموود زێوەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2003، ل229

ئــەوا مــەنعی لــە جــادە و دز کــرا شــاری ســلێمانی
لەدەستی باڕەش چ تەدبیرێ ئەکەن مەئمووری عوسمانی؟
بە هەر نەوعێ هەبوو سەددێ کرا بۆ باڕەش و تۆزی
لە تاو قوڕ چی ئەکەن؟ کە قووت ئەدا بازاڕ و کۆلانی
بە شۆسە و وشکەسی، ئێمە ئەوا چاری قوڕیشمان کرد
عیلاجێ چۆن ئەکەن؟ بۆ کۆمەڵێ کێچی بەهارانی؟
بە تەنزیفات و تەرتیباتی خانەش کێچ ئەوا کەم بوو
مەحیببەت چۆن ئەخرێتە دڵی ئەسناف و شێخانی؟

(خەنی ڕەشید نانەوا) دەگێڕێتەوە: وەکو بیستوومە جوولەکەکان پێشتر لەنێوان شارەگەورەکاندا بازرگانییان کردووە. کاتێك هاتوونەتە سلێمانیی و شارەکەیان پێ خۆش بووە، بڕیاریانداوە کە لێی نیشتەجێ بن، ئەم هەواڵە کە گەیشتووە بە چەند کەسێك، پێیان ناخۆش بووە و لەچەند مزگەوتێکیش دەنگی ناڕەزایی بڵاوبووەتەوە. بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خەڵکی دەچنە لای کاك ئەحمەدی شێخ، ئەویش دەنێرێت بەشوێن مالووم و چەند کەسێکی دیاری جوولەکەکاندا بۆ قسەوباس لەم بابەتە، دواجار بۆ دەمکوتکردنی ناڕازییەکان و ڕازیکردنی جوولەکەکانیش بڕیار دەدات کە لە خوارووی شارەوە گەڕەکێك بۆ خۆیان دروست بکەن و لەوێ کۆببنەوە.(1)

پاش تێپەڕبوونی شازدەساڵ بەسەر نیشتەجێبوونی جوولەکە لە شارەکەدا، گەشتیاری جوولەکە (ئەیدلمان) باوەڕی وەهایە کە جوولەکەکان لەشارەکەدا هەمان ئەو مافانەیان هەبووە کە خەڵکی شارەکە

(1) بەرنامەی دیرۆکی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، (خەنی ڕەشید نانەوا)

هەیان بووە، ئەم مافانەش لەلایەن دەسەڵاتدارانی شارەکەوە پێیان دراوە و هەمووان پێکەوە وەك لەبەهەشتدا هەیە، بە برایەتی ژیاون.(٣)

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئاغاکان و جوولەکەکانی شاری سلێمانی، (ئەریك براوەر) لە زانیاریی (بنیامینی دووەم)ـەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی 1840 ەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش جوولەکەکان لەبارێکی خراپدا ژیانیان لە شارەکەدا گوزەراندووە چونکە ئەگەرچی کە نەکراوە بە مەرج کە جوولەکەکانی شار بڕەپارەیەکی دیاریکراو بدەنە ئاغاکان، بەڵام لە جەژنەکانی موسوڵمان و جوولەکەکانیشدا دیارییان لە جوولەکەکان سەندووە کە بەزۆری بریتی بووە لە شەکر و قوماش و جلوبەرگ، یان ئەگەر یەکێك لە بەردەستەکانی ئاغا بۆ کڕینی شتێك بچووبایەتە دوکانێکی جوولەکەوە، نیوە یان یەك لە چوار، یان هەر پارەی ئەو شتەی نەدەدا بە جوولەکە دوکاندارەکە...(٤)

هەر لەم بارەیەوە (عەلائەدین سەجادی) دەنووسێت: جوولەکەیەك لە سولەیمانی هەبوو، (حاتان)ی ناوبوو. ئەم حاتانە کڕین و

---

ben-yaacob 1981; lll. Quotes hatzfira Heb 1809 year 16,issue 92 (1) news paper کە منیش لە (یهود کردستان و رؤسائهم القبليون، مردخاي زاكن، ترجمة: سعاد محمد، منشورات مؤسسة ژين، مطبعة شڤان، السليمانية، 2011، ص152) م وەرگرتووە.

(2) يهود كردستان، اريك براور و رافائيل پاتاى، ترجمة: شاخوان كركوكي و عبدالرزاق بوتاني، دار ئاراس للطباعة و النشر، اربيل، 2002، ص268 کە ئەمیش لە (شرق و غرب، ن.ألبالا، ترجمة: رافائيل پاتاى، برلين، 1909، ص579) ی وەرگرتووە.

فرۆشتنی زۆرتر لەگەڵ جافەکانابوو. (حەمەپاشای جاف)یش هەموو جار شتی پێویست بوایە ئەیناردە لای و پسوڵەیەکی بۆ ئەنووسی کە ئەوەنـدەپارەی کەوتووەتـە سـەر پاشـا. حاتـان بـوو بـە خـاوەنی پسوڵەیەکی زۆر، بەڵام پولێکیشی لە پاشا بۆ وەرنەئەگیرایەوە، کە شکاتیشی لیٚ بکردایە، کەس لە شکاتی نەئەپرسی! ساڵێك حاکمێك هاتە سولەیمانی، دەستی کرد بە توندوتیژی، بەتایبەتی لەگەڵ بەگزادەکانی جافا چوو بە ڕقا. حاتان ئەمەی بەهەل زانی، چوو هەرچی سەنەد و پسوڵەی هەبوو، بردی بۆ حاکم و شکاتی پێوەکرد لە حەمە پاشا، ئەوەندەی نەمابوو کە حاکم هەموو هەقەکەی بۆ وەربگرێتەوە، کتوپڕ لەبەختی حاتان ئەو حاکمە لەویٚ نەماو دەورودوکان وەکو خۆی لێهاتەوە. حاتان لەترسان چوو هەچ سەنەدێکی لەدەفتەری حکومەتا هەبوو، هەمووی وەرگرتەوە! لەم کاتانا حەمە پاشا ناردی بەشوێن حاتانا و وتی: هەچ سەنەدێکی هەیە بیهێنیٚ تا پارەکەی بداتەوە. حاتان بەخۆشی خۆشی پسوڵەکانی هەڵگرت و لیٚی دا چوو بۆلای پاشا، دەویت باوك شکاتت لیٚ کردووم، دەسا بەگۆڕەکەی (زایەر بەگ) هەچ سەنەدێکت هەیە، ئەبیٚ ئێستە هەمووی بخۆی، هەرچی حاتان هاواری کرد کە هیچ هەقێکی ناویٚ و سەنەدەکان ئەدڕیٚ، کەڵکی نەبوو، بەزۆر هەموو سەنەدەکانی دەرخوارد داو وەکو کولێرەبەڕۆن ئەیجویی و قووتی ئەدا، وتی: دەویت باوك ئەوە دەردت ویٚ شکاتم لیٚ ئەکەی؟ حاتان دەست لەگونان و ژێرتر گەڕایەوە بۆ سلێمانی. ماوەیەکی تری پیٚ چوو، پاشا پارەی پێویست بوو، ناردییەوە بۆلای حاتان ئەندە پارەی بۆ بنێرێت و پارەکانی پێشوشی ئەدەمەوە، سەنەدێکیشی بۆ

ئەنووسم، ئەو وەختە ڕقم هەستابوو بۆیە وام کرد، حاتانیش خۆ ناتوانێ ملەجیڕەیەك بکا، هەستا چوو بۆ لایی و پارەکە و کولێرەیەکی لەگەڵ خۆی برد، پارەکەی داناو وتی: پاشا سەنەدم ناوێ، ئەوا پارەکەم هێناوە! پاشاش وتی: نابێ وەقەورەکەی زایەر بەگ سەنەد هەر ئەوی بوێ لەبەینا! حاتانیش دەستی برد کولێرەکەی دەرهێنا و وتی: کەواتە باشە، لەسەر ئەم کولێرەیە بۆم بنووسە، دواجار بەحەزرەتی موسا قەسەم، قاقەزم بۆ ناخورێ، بەڵام کولێرەم بۆ ئەخورێ. پاشا تەگبیر و قسەی جووەی بەلاوە سەیر بوو، لەسەر ئەمە بۆیە هەر پارەیەکی قەرزار بوو، هەمووی دایەوە.(1)

(عەتا قەرەداغی) سەبارەت بە جوولەکەکانی قەرەداغ و چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەلایەن موسوڵمانانەوە دەنووسێت: من لە زمانی زۆرێك لە پیر و دنیادیدەکانی قەرەداخەوە بیستوومە کە نەك هەر کورد لەکاتی ئیسلامبوونیدا خراپ مامەڵەی جوولەکەکانی کردووە، بەڵکو لە مێژووی نوێشدا، هەر خراپ مامەڵەیان کردوون و زەویی و زاریان لێ داگیرکردوون و تەنانەت هەندێ جاریش کوشتویانن.(2) هەر لەمبارەیەوە عەتا قەرەداخی ئاماژە بۆ نموونەیەك دەکات لەناو دەیان نموونەی تردا و چیرۆکی سەرنگەنکردنی کەسێکی جوولەکە دەگێڕێتەوە بەدەستی موسوڵمانێك و دەنووسێت: کەسێکی خەڵکی قەرەداخ نادۆزینەوە کە چیرۆکی حەندنیا و سەید سەعدوونیان

---

(1) ڕشتەی مرواری، عەلائەدین سەجادی، بەرگی2، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2005، ل277و 278

(2) چۆن لە مێژووی قەرەداخ دەدوێین؟ عەتا قەرەداغی، کوردستانی نوێ 27-7-2000 ژمارە 2209

نەبیستبێ کە چۆن سەید سەعدوون ئەو جوولەکەیەی سەرنگوون کردووە لەسەر موڵکەکانیی و دواییش دەستی بەسەر موڵکەکانیدا گرتووە.[1] گەرچی (محەممەد عەلی قەرەداغی) لە زمانی حەمە سەعید ناوێکەوە ڕاستی ئەم ڕووداوە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە و دەنووسێت: حەنەنیا جوولەکەیەکی دەوڵەمەندی نەفسبەرز بووە. تەنانەت وتوویانە: ئەگەر لیرەی لێ بکەوتایە، بۆی دانەدەوییەوە بۆ زەوی تا هەڵی بگرێتەوە. حەنەنیا لەو دوادواییەدا، لات و هەژار کەوتبوو، شەوێك پێش کوژرانی، یان ونبوونی، یەکجارەکی هاتە ماڵی ئێمە- ماڵی باوکی مامۆستا سەعید- باوکم ڕێزی زۆری لێ گرت و دوایی وتی: خواجە بۆ کوێ دەچی؟ وتی: دەچم بۆ (زەیۆمەر) باوکم زەلامێکی بەناوی عەلی مستەفاوە لەگەڵ نارد تا بردیە زەیۆمەر و گەیاندییە ماڵی حاجی سەعوون -حاجی سەعدوون- و هاتەوە و باوکم لێی تەئکید کردەوە کە بەسەلامەتیی گەیاندویەتی، ئەویش وتی: بەڵێ. بەڵام دوای ئەوە حەنەنیا ونبوو. حەنەنیا پێشتر مامەڵە و کڕین و فرۆشتنی لەگەڵ حاجی سەعدووندا بووبوو، دیاربوو لەم دواییەدا کە هەژار کەوتبوو، وەکو دەڵێن: جوو کە موفلیس بوو، قەرزی کۆن دەخوێنێتەوە. بۆیە هاتبوو بۆ لای حاجی سەعدوون، بەڵکو شتێکی لە قەرزی کۆنی دەست بکەوێتەوە. بە بۆنەی ئەوەوە کە لە ماڵی حاجی سەعدووندا ون بوو و دوای ئەوە نەبینرا، وتیان: حاجی سەعدوون کوشتوویەتی، ئیتر ئەمە

---

(1)چۆن لە مێژووی قەرەداخ دەدوێین...

نەبووە کە حاجی سەعدوون بە ئاشکرا حەنەنیای کوشتبێ، یان خۆی دانی بەو کارەدا نابێت.[1]

لەسەدەی نۆزدەدا زۆرێك لە ڕاپۆرتەکان ئاماژە بە بوونی جوولەکە دەکەن لە شاری سلێمانیدا و وەك باس کراوە، ئەم جوولەکانە پێگەیەکی باشی کۆمەڵایەتییان هەبووە. لە ڕاپۆرتێکدا ئەوە هاتووە کە ساڵی 1895 ڕووداوێك دژ بە جوولەکەکانی شاری سلێمانی ڕووی داوە و کۆمەڵێك لە کوردەکانی شارەکە هێرشێکی زۆر توند و دڕندانەیان کردووەتە سەر جوولەکەکانی شارەکە. ئەمەش کاردانەوەی لە شاری بەغدا و کەلکەتا لەسەر کەوتووەتەوە و سێ نامەش ئاراستەی کەلکەتا لە هندستان کراوە.

ماوەیەك بەر لە جەژنی (حصاد) لەساڵی 1895دا نزیکەی بیست موسوڵمان لە کوردەکانی سلێمانی هێرشێکی زۆر ناڕەوایان کردووەتە سەر ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکەکان لە دەرەوەی شار کە لە هاتوچۆدابوون. پاش هێرشەکەش هەستاون بە لێدان و نواندنی ڕەفتاری ناشرین بەرامبەریان. تەنانەت باس لەوە دەکرێت کە شەش کەس لە جوولەکانەی کە کەوتوونەتە بەردەست ئەم مووسوڵمانانە، ڕووبەڕووی لێدانێکی زۆر وەحشییانە بوونەتەوە، ئەمە جگە لە بەتاڵانبردنی ماڵ و سامانیان و دەستدرێژیکردنە سەر ژنەکانیان. لەلایەکی ترەوە هێرشیان کردە سەر کەنیشتەکەیان و هەستاون بە دڕاندنی کتێبی تەورات دزینی زێڕ و زیوی ناو کەنیشتەکەش. ئەم هێرشانەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە

---

(1) بووژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە- بەرگی5، چ1، دار الثقافة والنشر الكردي، بغداد، 2003، ل392 و 393

دەسەڵاتداری شار بۆ دامرکاندنەوەی ئەم بارە نامۆیەی کە دژ بە جوولەکەکان سەری هەڵداوە، تەداخول بکات و ئەویش بە ناردنی سەباز بۆ ڕاگرتنی ئەو هێرشە ناڕەوایە... پاش ئەوەی کە هێرشەکە لەلایەن کۆمەڵێك ئاژاوەگێڕەوە هەر بەردەوام دەبێت، بۆ ڕۆژی دواتر دووبارە دەسەڵاتداری شار بڕیار بە ناردنی سەرباز دەداتەوە. لەدوایدا دەردەکەوێت کە هۆکاری ئەم هێرشە شێخەکەیان بووە کە هانی داون هێرش بکەنە سەر جوولەکەکان، ئەگەرچی شێخ خۆی نکوڵی لەمە دەکات.

پاش دامرکاندنەوەی هێرشەکان، کۆمەڵێك لە موسوڵمانەکان سەردانی جوولەکەکان دەکەن و لەیەکێك لە باخەکانی نزیك کەنیشتەکەیانەوە دادەنیشن و بەیەکەوە مەی دەخۆنەوە، بەڵام پاش ئەوەی کە شێخ ئەم هەواڵەی پێ دەگات، زۆر تووڕە دەبێت و داوا دەکات کە بەزووترین کات لەشاردا دەریان بکەن، پاشان هەندێ لە کوردەکان گوێڕایەڵی ئەم قسانە دەبن و ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن. جوولەکەکانیش لەترسی گیانی خۆیان بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لەماڵەکانیان دەمێننەوە و نایەنە دەرەوە. بۆیە دەسەڵاتداری شار بڕیار بە دەستگیرکردنی ئەم کۆمەڵە ئاژاوە گێڕ دەدات و بە مەبەستی پاراستنی یاسا، بڕیاری پارێزگاریکردن لە ماڵ و سامانی جوولەکەکانیش دەدات. وەك باس دەکرێت پاش ئەم ڕووداوە، بیست کەس لە ئاژاوەگێڕەکان دەگیرێن و هەریەکەیان بۆ ماوەی 15-18 ساڵ سزای زیندانیکردنیان بەسەردا دەدرێت و دووانی تریش نەفی دەکرێن بەرە و دەرەوەی شار.(1)

(1) يهود كردستان و رؤسائهم القبليون، مردخاي زاكن، ترجمة: سعاد محمد، منشورات مؤسسة ژين، مطبعة شڤان، السليمانية، 2011، ص153 و 154

سەبارەت بە ڕەفتاری خەڵکی کورد و موسوڵمانەکانی شاری سلێمانی لەگەڵ جوولەکەکاندا، هەروەك هەموو کەمایەتییە ئاینییەکانی تری کوردستان (کاکەیی، ئێزیدی، مەسیحی) وەهابوون و بگرە زۆرتر لەوان لەگەڵیان خراپ بوون. زۆرجار هاوسێکانیان کچیان بە زۆر لێ دەفڕاندن، ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکە لەجیاتی دادگا لە شکاتیانی دەپێچایەوە. پرسیاری ئاسایی ئەنجوومەنەکە ئەوەبوو کە: ئایا کچەکە لەڕووی یاساییەوە تەمەنی لەبارە تا بتوانێ بڕیار بدات کە ئایینی خۆی بگۆڕێت؟! سەیرەکەش لەوەدابوو کە مێردەکەی کە هەر ڕفێنەرەکەی بوو، دەبووە وەکیلیی و وەڵامی دەدایەوە!؟(1)

لەهەندێ سەردەمدا جوولەکە ناچار دەکران تا جلی شین لەبەر بکەن یان پەڕۆی شین لەسەر شانیان ببەستن بۆ ئەوەی بناسرێنەوە... خەڵك بەگشتی بەچاوی سووکەوە سەیری جوولەکەیان دەکرد. تەنانەت ئەوانەش کە بوونەتە موسوڵمان، سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین پشت، هەر بە (بن جوو) ناودەبرێن. لەزۆر شوێن وەکو کۆیلە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرا. هەر کەسێك و چەند جوولەکەیەکی بۆ خۆی دیاری کردبوو. ناچاری دەکردن تا بەبێ کرێ، کاری قوورسیان بۆ بکات. دیارە بەشی

---

لەشارەکانی تریشدا ڕووداوی لەم شێوەیە ڕووی داوە، بۆ نموونە لەشاری بەغداد ڕووداوێکی هاوشێوە بەناوی (فەرهود)ەوە لە ساڵی 1941 و لە ئاهەنگی ڕۆژی جەژنی یەشوع پێغەمبەردا ڕوودواوە، بۆ زۆرتر بڕوانە (الادیان و المذاهب بالعراق، رشید الخیون، منشورات الجمل، الطبعة2، بغداد، 2007، ص153-156)

(1) مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان دا، شاسوار.خ.هەرشەمی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ2، سلێمانی، 1999، ل201

ئاغا و جووتیاری دەوڵەمەند لە جووتیاری نەدار زۆرتر بوو. لەناوچەی باڵەکایەتی دەربڕینی (جووی من) باو بوو. لەهەندێ شوێنی تردا، دەسەڵاتدارانی ناوچەیی، سەرانەیان لێ دەسەندن.(1)

کوردێك کە دەگەیشتە جوولەکەیەکی ئاشنا سڵاوی لێ نەدەکرد؟ چونکە وا فێرکرابوو کە گوناهە سڵاو لە کافرێك بکات، بۆیە دەیگوت (ساو) یان ڕۆژ باش و شەوت بەخێر و شتی لەو جۆرەی بەکار دەهێنا، هەروەها لە پرسەشدا نەیاندەگوت: خوا لێی خۆش بێت. چونکە وا فێرکرابوون کە بەزەیی خودا هەر بۆ موسوڵمانانە. بۆیە دەیانگوت: خۆتان خۆش بن. لە ناوچەی باڵەکایەتی زۆرجار کە جوولەکەیەك دەمرد، چەند گەنجێك شەو تەرمەکەیان لەخاك دەردێنا و پڵیتەی ئاگریان تێ دەبڕی... لە هەندێ شوێن، کوردان نانی دەستی جوولەکەیان بەپیس دەزانیی و نەیاندەخوارد. زۆر کەس هەبوون هاتوچۆی ماڵەکانیان نەدەکردن. کە جوولەکەکانی شارۆچکەی گەڵاڵە گەڕانەوە ئیسرائیل، دەوڵەت قوتابخانەی جوولەکەکانی کرد بە قوتابخانەی دێیەکە. زۆر کەس ئامادە نەبوون کە منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانەیەك کە ڕۆژێك لەڕۆژان جوولەکەی تیابووە. تا سەرەتای ساڵانی حەفتاش هیچ کەس لە گەڵاڵە، ئاوی لە کانیاوی گەڕەکی پێشووی جوولەکەکان نەدەخواردەوە، دوای ئەوە مەلا مستەفا بڕیاری دا تا زیندانێك لە تەنیشت ئاوەکە دروست بکرێت و زیندانییەکان لەو ئاوە بخۆنەوە.(2)

---

(1) مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان دا، ل202

(2) هەمان سەرچاوە، ل202-203

(ئـەریك بـراور) لـە زمـانی (ئـەلبالا)وە دەنووسـێت: دزیكـردن لـە شـەواندا و لەوشـوێنانەی كـە جوولەكەنشـین بـوون، بڵاوبـوو، چـەند كەسـێكی چـەكدار هـەڵیان دەكوتایـە سـەر ماڵـەكان و دەرگاكانیـان دەشكاند و هەموو ئەوانەیان دەبرد كە دڵیان دەیگرت. ئەم دزانە سەر بە ئاغاكان بوون و بۆ ئەوان كاریان دەكرد.[1]

ئەوە بەسەر زاری بەساڵاچوانەوەیە كە ئەكاتانەی ئەحەی كڕنوو[2] كە داوودەرمانی فرۆشتووە، ئەچوو پڕ دەمی ئەكرد لە زەردەچەوەی هـاڕڕاو و نزیـك جوولەكـە ڕیـش درێـژە ڕیـش سـپییەكان ئـەبۆوە و ئەیپرژانـد بـە ڕیشـیاندا، هـەموو ڕیشـیان زەرد ئـەبوو، ئـەوانیش پێئەكەنین و لێی دڵگیر نەئەبوون.[3]

---

(1) یهود كردستان، اریك براور، نقله الى العربیة: شاخوان كركوكي و عبدالرزاق بوتاني، الطبعة1، مطبعة وزارة التربیة - اربیل ٢٠02، ص271 كە ئەمیش لە (شرق و غرب، البالا، الرتجمة عن المانیة: رافائیل پاتای، برلین، 1909، ص579) وەری گرتووە.

(2) ئەحەی كڕنوو: لە شاری سلێمانی لەدایك بووە و لە ماوەی نێوان نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم تا سەفەربەلك ژیاوە. لە بەسەرهات و قسەكانیەوە ئەوە دەردەكەوێت كە 85 ساڵ ژیاوە. ئەوانەی كە ئەحەی كڕنوو قسەی خۆشی بۆیان گێڕاوەتەوە (حاجی كاك ئەحمەدی شێخ، مەحموودپاشای جاف، وەسمان پاشای جاف، شێخ مستەفای نەقیب، مەلا وەسمانی موسڵی، حاجی شێخ ئەمین، حاجی تۆفیق "پیرەمێرد" و ڕەشید محێدین ... تد) بوون. بڕوانە (سلێمانی لە ئەدەبی فۆلكلۆردا، پرۆفیسۆر شوكریە ڕەسوڵ، لە بڵاوكراوەكانی ئنستیتیوتی كەلەپووری كورد، چ1، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004، ل77)

(3) گاڵتەوگەپ و دانسقەی كوردەواری، جەمال بابان، بڵاوكراوەكانی ئنستیتیوتی كەلەپووری كورد، چاپخانەی (شڤان) سلێمانی، 2010، ل54

هەرلەمبارەیەوە هونەرمەند (عومەری کەریم ئاغا) لە کەشکۆڵی یادەوەرییەکانی خۆیدا،[1] لە زمانی (حەمەی کوڕی وەستا عەبدوڵڵای پینەچی)یەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە وەستا عەبدوڵڵای باوکی ئەم بەسەرهاتەی کەریم ئاغای باوکی وا بۆ گێڕاوەتەوە:

ئەوکاتانەی کە جوولەکەکان لە شاری سلێمانیدا بوون، پیاوێکی جوولەکە بە بەردەم دوکانی کەریم ئاغادا تێدەپەڕێت. پیاوەکە ڕیشێکی زۆری پێوە بووە. پیاوێکی لەمەڕ خۆشمان دەنکە شقارتەیەك دادەگیرسێنێ و دەینێت بەڕیشی جوولەکەکەوە. کابرای جوولەکە لە عەزرەتدا بە دەست و چمکی چاکەتەکەی خەریکی کوژاندنەوەی دەبێت. بۆنکڕوز دێت و کابرای بەسەزمان لەتاو ئازار دڵۆپەفرمێسك و بەچاویدا دێتە خوارەوە. کەریم ئاغای خوالێخۆشبووش بەم دیمەنە زۆر سەغڵەت دەبێت و بە گڕ کابراکەدا دەڕوات و سەرزەنشتی دەکات و پێی دەڵێت: خوا بتگرێت، ئەم جوولەکەیە گوناهی چییە وا ئاگرت لە ڕیشی بەردا؟! کابرا هیچ جواب ناداتەوە و تەریق دەبێتەوە و دەڕوات. کەریم ئاغا و وەستا عەبدوڵڵای باوکم دڵنەوایی جوولەکەکە دەکەن و ئەویش پێیان دەڵێت: چیمان لێ دەکەن با بیکەن، بەڵام ئێوە لەسەر ئێمە خۆتان پیاوخراپ مەکەن.

لەنێو موسوڵمانەکاندا کەسانێك هەبوون گێچەڵیان بە جوولەکە کردووە و بەکەم لێیان ڕوانیون. هەرچەندە ئەمە نەریتێك نەبووە کە کورد وەك نەتەوە پەیڕەوی کردبێت، بەڵکو زیاتر پەیوەست بووە بە

---

(1) دەستنووسێکی هونەرمەند (عومری کەریم ئاغا) کە لە ڕۆژی 2012/12/7 نووسراوە.

مەسـەلەی موسـوڵمانێتی کـوردەوە، وەك ئاشکراشـە کـە تێـڕوانینی ئیسلام بۆ جوولەکە تێڕوانینێکی دۆستانە نییە و قورئان وەك کتێبی پـیرۆزی موسـوڵمانان زیـاتر ئـەم ڕاڤەیـەی لـەدڵی موسـوڵمانلندا بەرجەسـتە دەکـات، بەپێچەوانەشـەوە ئـەم تێڕوانینـە بەرامبـەر بـە مەسیحییەکان بەم شێوەیەی نییە.

(د. بێسـتون) دەگێڕێتـەوە کـە: لـەناو موسـوڵمانەکاندا بـاوەڕێکی وەهـا هـەبوو کـە نابێـت ڕێگـە بـە غـەیرە دیـن بـدرێت کـە کەنیسـە و کەنیشتە دروست بکەن، بەڵام کەسێکی وەك شێخ حسامەدینی بیارە بەمـە ڕازی نـەبووە و لـە هەڵەبجـە خـۆی یارمـەتی داون تـا کەنیشـتە دروست بکەن؟! کە خەڵکەکەش وتوویانە ئەمە چۆن؟ شێخ حسامەدین وتوویەتی لەدواییدا ئەبێت بە مزگەوت، هەرواش بوو لە دواییدا بوو بە مزگەوتی (ئەحمەدی)[1]

(ئـەکرەمی مـەحموودی ساڵحی ڕەشـە) لـە کتێبی شاری سلێمانیی و لەباسی چەند جوولەکەیەکدا، ئاماژە بە دوو ڕوودا و دەکات کە یـەکێکیان تایبـەت بـە کوتاڵفرۆشـێکی جوولەکـە بـەناوی (جریـوە)وە کـە لەلایـەن منداڵانـەوە ناتۆرەیـان لـێ داوە و پێیـان وتـووە (هـۆ جریـوە جریـوە جریـوە... لایـەکی گونـت تـەقیوە) دووەمیشـیان کوشـتنی وێنـەگرێکی جوولەکەیـە بـەناوی (نووری) کـە ڕۆژێك لـەو حەوشـەیەی کـە وێنـەی لـێ وێنەی دەگرت، خنکاندوویانە؟ چونکە پارەیان پێ شك بردووە.[2]

---

(1) بەرنامەی دیرۆکی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، (د.بێستون)

(2) شاری سلێمانی، بەرگی 1، ل374- 497

